


# تلەوزیۆن

## لە نێوان

## دامەزراندن و داڕزاندندا؟!

برایم فەرشی

## بۆ نوسرەتوڵڵا سەیافی باوکی تلەشانۆی کوردی































**پێرست**

سەرەتا
مێژوو
ئیدئۆلۆژی، ئایین و تلەوزیۆن
تلەوزیۆن و گۆڕینی سیمای سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی
دەستەڵاتی تلەوزیۆن
تلەوزیۆن، ئینسان و ئازادی
تلەوزیۆن سانسۆر و هەڵخڵەتاندن
ڕێگاکانی هەڵخڵەتاندن
مێژووی تلەوزیۆن لە ئێران و کوردستان
دەزگای تلەوزیۆن و بنەما نەگۆڕەکانی کەسایەتی فارس
تلەوزیۆن لە باشوری کوردستان و عێراق
باکوری کوردستان و فاشیسمی مێدیایی
وەرچەرخان
بنەماڵەی تلەوزیۆنەکانی کوردی
مەد تی وی، مێدیا تی وی،جود تی وی،مێزۆپۆتامیا تی وی، ڕۆژتی وی
ڕابەرایەتی مەد تی وی
گرفتەکانی دەزگای مەد تی وی و بنەماڵەکەی
لایەنی سیاسی بنەماڵەی مەد تی وی
زمان و فەرهەنگ
بەرنامەکانی بنەماڵەی مەد تی وی
کوردستان تی وی و زاگرۆس تی وی
کوردسات
کەسایەتی کوردستان تی وی و کوردسات
پڕۆگرامەکانی کوردستان تی وی و زاگرۆس
هونەری وێژەری و تەلەوزیۆنەکانی کورد
بەرنامەی منداڵان
بەرنامەی لاوان و بێ بەرنامەیی تەلەوزیۆنەکان
بەرنامەی ژنان
بەرنامەی کۆمەڵایەتی
ڕادۆ یان تلەوزیۆن
تلەوزیۆنەکانی کوردی دەربیجەیەک داخراو بە رووی جیهاندا
گۆڕینی فەرهەنگی کورد
هونەرمەندان و تەلەوزیۆن
نەورۆز و سەری ساڵ
لاسایی کردنەوەی تلەوزیۆنەکانی دەوروبەر
هەژاری فەرهەنگی و تلەوزیۆن
نەبوونی پسپۆڕ و شارەزا
هونەری ویدئۆکلیپ لە جیهان و لە ناو کورددا!
دووکانی ئاگەهی
بەرنامەسازانی لاسییکەرەوە
ئیستاندارد لە تلەوزیۆنەکانی کوردیدا
کورد و ڕابەرانی لە جیهانی پڕ لە مێدیا ودیپلۆماسی ماسمێدیادا!
سەردەمی دێمۆکراسی ماسمێدیا!

میدیا و وێنەی کەسەکان
روونکردنەوەیەکی لە ناچاری
رەخنە گرتن لە کۆمەڵگای ئێمەدا
رێ و رەسمی دەوڵەتداری
کوردە کۆنەکان
دەرکەوتنی رابەرانی کورد و نەتەوەکانی تر لە میدیادا
نووسەری کتێبەکە لە چەند دێڕیکدا





# تلـەوزیۆن لـە نێوان دامـەزراندن و داڕزاندندا؟!!

**سەرەتا**

تلـەوزیۆن وەک مجرییـەکـی پڕ لـە جادوو لـە پاڵ یـەخچاڵ و کورە و گـەلێک کـەرەسـەی تری نـاو ماڵ، جێگای خۆی لـە ژیانـی رۆژانـەی مرۆڤدا کردۆتـەوە. تلـەوزیۆن نـە بۆ گـەرم کردنـەوەی نـاو ماڵ بـەکار دێ و نـە بۆ ساخ و سارد راگرتنـی خواردەمـەنی. بێ کورە لـە سـەرمادا هـەڵناکرێ و بـێ یـەخچاڵیش لـە هاویندا ژیان بـەسـەرناکرێ. بـەڵام ئایا ژیانـی بێ تلـەوزیۆن ساڵ دوازدە مانگ سـەردەگرێ؟!
مرۆڤی ئـەم سـەردەمـە دەڵێن:" بـە بێ وەرگرتنـی زانیاری و ئینفرماسیۆن ژیان بۆ مرۆڤ مومکین نییـە!" تلـەوزیۆن یـەکێک لـە کـەرەسـەکانـی راگـەیاندن و بڵاوکردنـەوەی زانیارییـە،بـەڵام مرۆڤی ئـەو سـەردەمـە چ زانیارییـەکی پێویستـە و چی لـە تلـەوزیۆنـەکان وەردەگرێ؟ ئایا تلـەوزیۆنـەکان ئـەو زانیارییانـە کـە خـەڵک بـە راستـی پێویستیانـە بڵاودەکـەنـەوە؟! لـەو وڵاتانـەی کـە خـەڵک بێ دەستـەڵاتن،ئـەو زانیاریی و ئاگاداریانـە بڵاودەکرێنـەوە، کـە خاوەن تلـەوزیۆنـەکان مـەبـەستیانـە. خـەڵک بـەو شتـە عادەت دەدرێن، کـە دەیاندرێتێ. تلـەوزیۆنـەکانـی ئێران، ئێراقی سـەردەمی سـەدام، ئـەفغانستانـی سـەردەمـی تاڵـەبان، تورکیا، سوریا و سـەرجـەم وڵاتانـی عارەبـی و دەیان وڵاتـی وەک ئـەوانـە، چیان دەدا و چی دەدەن بـە بینـەر؟ ئایا چین و توێژ و دەستـە و تاقمـەکانـی ناو کۆمـەڵگا، ئـەو مافـەیان هـەیـە بڕیار بدەن، چ لـە تلـەوزیۆنـەکان بڵاوکرێتـەوە، یان بڵاونـەکرێتـەوە؟ ئایا قانونـی ئـەو وڵاتانـە ئـەو مافـەی بۆ خـەڵک دیاری کردووە؟
لـەو وڵاتانـە هـەر کـەس رۆژانـە لـە ماڵـەکـەی خۆی دیاری دەکات چی بخوات و چی نـەخوات، بـەڵام هـەر کـەس ناتوانێ دیاری بکات،چ لـە تلـەوزیۆن وەربگرێ و چ وەرنـەگرێ، تـەنیا شتێک کـە دەکرێ، گۆڕینـی کانالـەکان یان کوژاندنـەوەی تلـەوزیۆنـەکـەیـە، کارێک کـە لـە وڵاتانـی رۆژئاوا لـە زیادبوون دایـە.
ئێمـەی کورد بـەوە شانازی دەکـەین کـە لـە کۆتایی ساڵی 1995ەوە، بووینـەتـە خاوەنـی تلـەوزیۆنـی ئاسمانـی. زۆر کـەس دەیانگوت:"ئیمـە لـە ئاسمان، کوردستانـی یـەکگرتوومان پێک هێناوە؟"
ئـەمرۆ کورد خاوەنـی 5 کاناڵی تلـەوزیۆنـی ئاسمانییـە و لـەوە دەچێ سـەرجـەم خـەڵکی کورد بـەم بۆنـەوە گـەلێک خۆشحاڵ و بـەختـەوەر بن!
لـە حاڵ و هـەواییـەکی وادا، کـە سـەرجـەم نـەتـەوەکـەمان هـەست بـە خۆشتبـەختـی دەکات و شـەو و رۆژ بـە دیاری تلـەوزیۆنـەکانـەوە دادەنیشێ، رەنگـە خراویی بێژەن ئـەگـەر کـەسێک ئـەنگوست بۆ تلـەوزیۆنـەکان رادێرێ و خاس و خراوی لـە یـەک جیاکاتـەوە. نووسـەری ئـەم دێڕانـەش گـەلێک بـەوە سـەرفـەرازە کـە کورد لـە ئاسمان، پێنج کوردستانـی سـەربـەخۆ و یـەکگرتووی هـەیـە، **بـەڵام پرسیار ئـەوەیـە کـە ئایا ئـەم پێنج کوردستانـەی ئاسمانـەکان، لـە سـەر عـەرد خزمـەت بـە نـەتـەوەیـەکی یـەکگرتوو لـە هـەر کام لـە پارچـەکانـی کوردستان و خـەیاڵ و سیاسـەتی کوردستانـی یـەکگرتوو دەکـەن؟** ئایا تلـەوزیۆنـەکان ئـەو شتانـە دەدەن بـە تاکـەکانـی نـەتـەوەی کورد کـە پێویستـی پێیـەتـی؟
هیوای من بوونـی تلـەوزیۆنێکـە کـە زمانـی حاڵی نـەتـەوەی کورد بـە هـەموو رەنگـەکانییـەوە بێ، پڕ لـە هونـەر و فـەرهـەنگ و پڕ لـە زانیاری بێ. تلـەوزیۆنێکـی سـەردەمیانـە بێ، ئاوێنـەی مێژووی کۆن و نوێ بێ. تلـەوزیۆنـی ژن و پیاو و منداڵ و لاو و پیر و گوندی و شاری و هـەموو پێکاتـەکانـی کۆمـەڵگای کوردستان بێ. ئـەم بابـەتـەش تـەنیا بۆ ئـەو مـەبـەستـە نووسراوە!

سـەرماوەزی 2705 ئاڵمان

# جیهان

**مێژوو**

ساڵی 1924 ئاگۆست کارۆلوس August Karolusفیزیک زان و کارناسی ئەلکترۆتەکنیک، خەڵکی شاری لایپزیک, توانی بە خێرایی یەک شەستەمی ملیۆن لە سانییەدا 25 وێنە بجولێنێتەوە. 7ساڵ دوای ئەو، واتە ساڵی 1931 فیزیک زان و دۆزەرەوەی تلەوزیۆن مانفرێد فۆن ئاردەننە Manfred von Ardenneیەکەم تلەوزیۆنی ئەلکترۆنیکی لە شاری برلین تاقی کردەوە. (مێژووی تلەوزیۆن- NDR)



ساڵی 1935 لە سەردەمی دەستەڵاتی رژێمی نازیدا،پەخشی بەرنامەکانی تلەوزیۆن دەستی پێکرد. سەرەتا کەسانێکی کەم لە ماڵەکانیان تلەوزیۆنیان هەبوو، خەڵک بۆ بینینی بەرنامەکانی تلەوزیۆن دەچوونە شوێنە گشتیەکانی وەک (قاوەخانە). بەرنامەکان بە پرۆگرامی رابواردن دەستی پێدەکرد. جگە لەوە بەرنامەگەلی ئەحساساتی نیشان دەدرا کە بۆنی مەرگیان لێوە دەهات. (مێژووی تلەوزیۆن- NDR)

کۆنگرەی نازییەکان لە شاری نورنبێرگی ئاڵمانەوە راستەوخۆ لە تلەوزیۆنەوە بڵاوکرایەوە، لەو رێگایەوە نازییەکان ئەو ئێمکانەیان پەیدا کرد بە پرۆپاگەندە، بیروباوەڕی خەڵک بە تەواوی تێکدەن و بۆ لای خۆیان رایانکێشن. بە تایبەت ئەو هەڤاڵانەی کە لە ماڵەوە ببوونە خاوەنی تلەوزیۆن بە تەواوی لە بەندی بیروباوەڕی نازییەکاندا بوون. لە نمایشگای دەنگ و رەنگی ساڵی 1939 تلەوزیۆنی گەلی(نەتەوەیی) ناسێندرا. بایی هەر دەزگایەکی تلەوزیۆن لەو پیشانگایە، 650 مارک بوو. (مێژووی تلەوزیۆن- NDR)

چەند رۆژ پاش کرانەوەی تلەوزیۆن، شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد و تلەوزیۆن بوو بە بەشێک لە کەرەسەی شەڕ و دەوری خۆی گێڕا.
Ilse Werner کە زۆرترین بینەری بۆ بەرنامەکەی هەبوو وتی:"ئێمە شادی پێشکەش دەکەین"! ئەم چەشنە شۆی تلەوزیۆنییە کە لە شەوانی شەمەدا بڵاودەکرایەوە بوو بە فۆرمێک لە بەرنامەکانی تلەوزیۆنی ئاڵمان کە هەر ئێستاش(ساڵی 2005) لە شەوانی شەممەدا بڵاو دەکرێنەوە. زۆرترین بەرنامەکانی تلەوزیۆنەکانی ئاڵمان کە ئەمرۆ لە کاناڵەکان بڵاو دەکرێنەوە، سەرەتاکەیان لە سەردەمی رژێمی نازیدا دارێژراوە و بەرهەمی سەردەمەکانی دوایە و سەردەمێ ئێستا نین. " Tagesschau„ دەنگ و باس، " Bild des Tages“, وێنەی رۆژ، die Talkshow گفت و گۆی تلەوزیۆنی کە ئەمرۆ بەرنامە سەرەکیەکانی تلەوزیۆن پێک دەهێنن، بنەمای فکری و فۆرماتەکەیان هی سەردەمی دەستەڵاتی هیتلێرە. ساڵی 1944 دەستەڵاتی سیاسی نازییەکان لە تلەوزیۆن کۆتایی پێهات، بەڵام فۆرمات و جێگا پێ و رێ و شوێنی تلەوزیۆنی نازی کۆتایی پێنەهات. وێژەری تلەوزیۆن لە دوایین ساتەکانی دەستەڵاتی سیاسی هیتلێردا کوتی:" هەتا دیداری دوبارە و بەرنامەیەکی دی:""Heil Hitler! . (مێژووی تلەوزیۆن- NDR)
وەزارەتی راگەیاندن و پروپاگەندە لە رۆژی 13.3.1933 بۆ پاڵاوتن و لە بێژنگ دانی راگەیاندنەکانی رژیم پێک هات.



ئارمی تلوزیۆنی ئاڵمان

گەڕانەوە

یۆسف گۆبێلز وەک وەزیری ئەو وەزارتخانەیە هەموو دەستەڵاتی راگەیاندنی رژیم و حیزبی ناسیونالٚ سۆسیالیستی گرتە دەست خۆی. وەزارەتی پرۆپاگەندە کۆنترۆڵی ئەدەبیات، هەموو هونەرەکان، فیلم، شانۆ و موسیقای لە دەست دابوو. گرینگترین ئامرازی چاوەدێری کردن، "دەزگای فەرهەنگی رایش" بوو کە لە ژێر فەرمانی وەزارەتی پرۆپاگەندەدا، ئیشی دەکرد و شەش بەشی لێ دەبۆوە، کە هەرکام بۆ بەشێکی هونەری بەرپرسیاربوون. وەزارەتی پرۆپاگەندە هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی کۆنترۆڵ دەکرد.

کۆنترۆڵی رادۆی ئاڵمان هەر لە ساڵی 1933ەوە بە تەواوی لە دەستی وەزارەتی پرۆپاگەندە دا بوو.
رۆژنامە و گۆوار و ئاژانسەکان بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی "دەزگای فەرهەنگی رایش" دابوون و هەموو زانیاریی و هەواڵەکانیان لەو دەزگایە وەردەگرت.
خەڵک لە سەردەمی شەڕی جیهانیدا تلەوزیۆنیان هێنایە ناو ماڵەکانیانەوە، لە رێگای تلەوزیۆنەوە بیر و هەست و فکری نازی بە شێوەیەکی سیستیماتیک خزایە ناو مێشکی مرۆڤەکانەوە و بیر و هزری بەر لە تلەوزیۆن شوشترایەوە. نازییەکان ئەگەر رادۆ و تلەوزیۆنیان بۆ مەبەستەکانی حیزبی و فکری نژادپەرەستانەیان بەکار نەهێنابا، هەرگیز نەیاندەتوانی بە ملیۆن منالٚ و لاو و گەورە ساڵ رەوانەی مەیدانەکانی شەڕ بکەن. لە رێگای تلەوزیۆنەوە نەتەوەی ئاڵمان کێشرایە ژێر بیر و فکری نیژادپەرەستانەوە و خوێناویترین شەڕی دژی بەشەری هەڵاییسا.
ئەو وێنانەی کە لە ساڵانی 1939وە لە رێگای تلەوزیۆنەوە نیشان دەدران ئێستاش وەک خۆراکی بیری گروپەکانی "نئۆنازیسم" لە ئاڵمان کەڵکیان لێوەردەگیرێ. حکومەتەکانی پاش ساڵی 1945 تلەوزیۆنیان بە تەواوی لە ژێر کارتێکردنی ئیدئۆلۆژیک و ئایینی لایەنێک دەرهێنا و پێشیان بە بەکارهێنانی ئەو دەزگایە بۆ مەبەستگەلی تاقم و دەستەیەکی دیاریکراو گرت. بەڵام ئەوەی لە ئاڵمان رووی دا بە درێژایی سەدەی بیست لە وڵاتانی تر دووبارە کرایەوە.
**بۆ هەموو خەڵکی جیهان روونە کە تلەوزیۆن دوو لایەن و دوو رووی ئینسانی و دژی ئینسانی هەیە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو دەزگایە بە دەست کێوەیە و بۆچ مەبەستێک بەکار دەهێندرێ؟!**

**ئیدئۆلۆژی، ئایین و تلەوزیۆن**

پاش ئاڵمان، ولاتانی تر لەو دەزگایە بۆ مەبەستی فکری و سیاسی و ئابوری و ئایینی و ئیدئۆلۆژێک کەڵکیان وەرگرت و هەر ئێستاش کەڵکی لێ وەردەگرن. وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئوروپا لە ژێر ناوی پاراستنی بەرژەوندی کرێکار و زەحمەتکێش، بۆ پرۆپاگەندەی حیزبی و سیاسی و ئیدئۆلۆژێک و بۆ مەبەستی شەڕ و بەرژەوندی دەزگا و دەوڵەت و بۆ بە یەک خەت کردنی بیر و هزری ئینسانەکان، زیاتر لە 50ساڵ دەزگای تلەوزیۆنیان بەکار هێنا. وڵاتانی رۆژئاوا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بە شێوەیەکی جیهانی و ناوچەیی لەم دەزگایە بەهرەیان وەرگرتووە و وەردەگرن. لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئێران بۆ داسەپاندنی ئیدئۆلۆژی شاهەنشاهی، بۆ تواندنەوەی میللەتانی دی، تلەوزیۆنی بەکار هێنا. لە تورکیا بۆ دارزاندن و تواندنەوەی نەتەوکانی تر و بۆ سەقامگیرکردنی رەگەزپەرستی، تلەوزیۆن بوو بە ئامرازێک بۆ خزمت کردن بە سیستمی سەرکوت کردن. لە عێراق و سوریا هەمیسان بۆ داسەپاندنی ئیدئۆلۆژی بەعس و فاشیسمی عەرەبی، تلەوزیۆن بوو بە بەشێکب لە ئاپاراتی حکومەت بوو. خۆمەینی تلەوزیۆنی بۆ پەرەپێدانی شەڕی ئایینی و بڵاوکردنەوەی بیری تروریستی بەکار هێنا و لە رێگای ئەو میدیایەوە

زۆرترین رەگەکانی فەرهەنگ و زمان و ئایین و فکری نەتەوەکانی ناو جوغرافیای ئێرانی دوچاری ئاڵوگۆڕ کرد.

**ئەمرۆ تلەوزیۆن مێدیایەکی جیهانییە و بۆتە کانگای وەرگرتنی بیر و فکر و زانیاری و خەمی بیرکردنەوەی لە زۆربەی مرۆڤەکاندا کەم کردۆتەوە و زۆر کەس خۆی بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆ ماندوو ناکات.** ئەو مێدیایە بۆ مەبەستگەلی جیاوازی ناحەز بەکار هێندراوە، ئەگەر تلەوزیۆن زۆرتر بۆ مەبەستگەلی ئینسانی بە کارهێندرابا، رواڵەتی جیهانی ئەمرۆ زۆر جیاوازتر و باشتر و ئینسانی تر لەوەی کە ئەمرۆ هەیە، دەبوو!!

**تلەوزیۆن و گۆڕینی سیمای سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی**

گۆڕانی فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ، زانستی و سیاسی و سەنعەتی لە کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی بیست لە ئوروپا زۆرتر پەرە دەستێنێ. شەڕی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی بنەرەتی پێک دەهێنێ و گۆڕانکارییەکانی سەنعەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەموارتر دەکات. سیستمی پێشوو سیاسی و کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ تێدا ئازاد نەبوو و مافی کۆمەڵایەتی تاکەکان یەکسان نەبوو، گۆڕانی بە سەردا هات و زۆر لە دەستەکانی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار یان تێک چوون، یان خۆیان لە گەڵ ئاڵ و گۆڕەکان رێک خست. شەڕی دووهەمی جیهانی لە پانتایەکی جیهانیدا ئەو گۆڕانکارییانەی پێش خست و لەم ناوەدا مێدیا بە تایبەت تلەوزیۆن بۆ گۆڕینی سیمای فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و فکری و سیاسی و ئابوری کەڵکی جیدی لێ وەرگیرا.

**هەر وەک چۆن بیری فاشیستی کۆمەڵە کەسێک و تاکە حیزبێک لە رێگای تلەوزیۆنەوە کرایە بیر و فکر و هزری سیاسی نەتەوەی ئاڵمان، بە هەمان شێوەی پاش شەڕ و تێکشکانی فاشیسم، تلەوزیۆن بۆ دژایەتی لە گەڵ ئەو فکرو سیاسەتە بەکار هێندرا.** هەر بەو پێوانەیە تلەوزیۆن سیاسەت و فەرهەنگی ئامریکایی کێشایە ناو ماڵە ئوروپییەکان، شێوەی ژیان و کار و تیجارەت وسیاسەت و بیرکردنەوەی ئامریکایی لە رێگای سینەما و بە تایبەت تلەوزیۆنەوە لە ئوروپا تەشەنەی ساند. لە پاش رووخانی سیستمی سوسیالیستی، ئامریکا و وڵاتانی ئوروپای رۆژئاوا توانیان لە رێگای مانگی دەستکرد و پەخشی بەرنامەی تلەوزیۆنییەوە، پاشەکشەی جیدی بە فکر و سیاسەت و فەرهەنگی بلوکی سوسیالیستی بێنن. ئەمرۆ جیهان لە ژێر کارتێکردنی مێدیای دەنگ و رەنگ دایە کە وەک کەرەسەیەکی جیدیی لە گۆڕانکارییەکانی جیهانی و ناوچەیی دا دەور دەگێڕێ.

<u>هەروەک چۆن دەڵێن جیهان گوندێکی بچکۆلەیە، بە هەمان ئەندازە ئەو گوندە ئاوێنەی هەموو گیروگرفتەکانە. لە گوندێکی وادا گوندیانی هەژاری بێ دەستەڵات و گوندییانی خاوەن دەستەڵات، چۆن فەرهەنگ و ویژدان و مافیان دەپارێزرێ؟</u>

**دەستەڵاتی تلەوزیۆن**

تلەوزیۆن دەیتوانی باشترین کەرەسە بێ بۆ جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش و پڕ لە فەرهەنگی ئینسانی و ئینسان دۆستانە، بەڵام تلەوزیۆنی کام وڵات ئەم ئەرکەی کردۆتە ئاڵای خۆی؟ ئەمرۆ تلەوزیۆن ئەندامێکی بنەماڵەکانە و دەستەلاتی لە هەموو ئەندامانی تری بنەماڵە زۆرترە، تلەوزیۆن رێ و شوێنی ژیانی تاکە کەسەکان بە تایبەت مناڵان و لاوان دیاری دەکات. زۆربەی زۆری دایک و باوکەکان توانای بەربەرەکانیان لە گەڵ ئەو مەنتق و فەرهەنگەدا نیە کە لە رێگای تلەوزیۆنەکانەوە پەرە دەستێنێ. لیکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە یەک لە سێی کاتی ژیانی دایک و باوکان لە بەر شاشەی تلەوزیۆنەکان تێدەپەڕی. سیاسەت، دەستەڵات، کۆنسێرنەکانی تیجاری و سەنعەتی و هونەریی، زۆرترین قازانجیان لەم کەرەسەیە وەرگرتووە و خەڵکی ئاسایی زۆرترین زەرەریان پێ گەیشتووە. ئەگەر کارتێکردنی سیستمەکانی سیاسی و ئیدئۆلۆژی و ئایینی لە رێگای

تلەوزیۆنەوە لە سەر تاک و کۆ بخرێتە روو, دەردەکەوێ، کە بەشێکی زۆری مرۆڤ لە سەردەمی تلەوزیۆندا، سەربەخۆیی فکری خۆیان لە دەست داوە و لە ژێر کارتێکردنی راستەوخۆی تلەوزیۆنەکاندا دەژین!
ئەگەر بەکارهێنانی تلەوزیۆن بۆ شەڕەکانی جیهانی و ناوچەیی لە بەرچاو نەگرین و ئەگەر بەکارهێنانی تلەوزیۆن لە وڵاتانی ئوروپای رۆژهەڵات بە حیساب نەهێنیین و ئەگەر هەموو سیستمی سەرمایەداری رۆژئاوا لە بیر بکەین کە چۆن کەڵکیان لە تلەوزیۆنەکانیان وەرگرتووە، خۆ ناتوانیان بەکاهێنانی تلەوزیۆن بۆ تواندنەوەی نەتەوەکەمان لە وڵاتانی ئێران و عێرراق و تورکیاو سوریا فەرامۆش بکەین! هەر مرۆڤێکی کورد بە تایبەت لە شارەکان پەروەردەی بەر شاسەی تلەوزیۆنەکانی داگیرکەران بوون و ئێستاش هەن. هەربۆیە ئاوڕدانەوە لەم دەزگایە لە ژیانی کورددا،دەبێ بۆ هەر مرۆڤێکی کورد گەلێک گرینگ بێت. لەوە گرینگتر ئەوەیە کە کورد خۆی ماوەی دەساڵە خاوەنی تلەوزیۆنی ئاسمانییە کە هەموو ماڵەکوردەکان لە کوردستان و دەرەوە دادەپۆشێ، ئەم تلەوزیۆنە کوردیانە چ دەورێکیان لە ژیانی مرۆڤی ئەمرۆ و دوارۆژی کورددا هەیە؟ لێکنەدانەوە و بە پەرۆشەوە سەیر نەکردنی ئەم مێدیایە لە ژیانی کورددا، دەتوانێ کارتێکردنی گەلێک زیانبەخشی لە سەر ژیانی ئێستا و داهاتوومان هەبێ.
ئێمە 65 ساڵ پاش ئوروپا و 45 ساڵ پاش رژیمەکانی دەستەڵاتدار لە کوردستان، بووینەتە خاوەنی ئەم دەزگایە. زیاتر لە 55 ساڵ تەمەنی سەرجەم نەتەوەکەمان گرێدراوی تلەوزیۆنەکانی دەوڵەتی و حیزبی و فکری وڵاتانی ئێران و عێراق و سوریا و تورکیا بووە و شەو و رۆژ لە ماڵەکانماندا خاوەن دەستەڵات بوون، ئایا تلەوزیۆنە کوردییەکان دەستەڵاتی ئەو "تلەوزیۆن"دەستەڵاتدارانەیان، لە ماڵە کوردەکاندا کەم کردۆتەوە؟!

**تلەوزیۆن، ئینسان و ئازادی**

مێدیا بە هەموو لک و پۆپەکانییەوە هەم باشە و هەم خراپ! باشە ئەگەر بۆ مەبەستی ئینسانی و پێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا کەڵکی لێوەرگیرێ، خراپ و دزێوە، ئەگەر بۆ مەبەستی دەستەمۆکردن و خاپاندنی مرۆڤ و کۆمەڵگا و یان بۆ بەرژەوندی دەستە و تاقم و ئایین و حیزب و ئیدئولۆژی و یا بۆ مەبەستگەلی دژی ئینسانی بەکار بهێندرێ.
مێژووی مێدیا بە تایبەت رادۆ و تلەوزیۆن دەریدەخات کە ئەم دوو کەرەسەیە لە لایەن دەستەڵاتەکانەوە بۆ مەبەستی نگریس و دژی ئینسانی بەکارهێندراون.
ئەمرۆ مێدیا دەوری سەرەکی بۆ خاپاندنی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی دەگێڕێ. مرۆڤی ئەم سەردەمە نە تەنیا لە بیرکردنەوە و دارشتنی ژیانی ئاسایی خۆی، ئازاد نییە، بەڵکو بە هەموو جۆرێک بیر و هەست و تێراوانینی لە لایەن مێدیای رەنگ و دەنگەوە دیاری دەکرێ. مێدیا دیاری دەکات چی بخۆات، چی لەبەر کات،چۆن بیر بکاتەو، چۆن هەوەسرانی بکا، چۆن ناو ماڵەکەی داڕێژێ،چی ببینێ، چی بخوێنێتەوە. مێدیا فێری دەکات بۆ لای کام سیاسەت بچێ و بۆ لای کام سیاسەت نەچێ، فێری دەکا خۆشی لە کام موسیقا و کام هونەر و کام فەرهەنگ بێت و قێز لە چی بکات و لە چی نەکات.
لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە دەوری پەروەردە لە ناو ماڵ و خوێندنگاکان لە سەر منداڵان و لاوان کەم دەبێتەوە و زۆربەی منداڵان پەروەردەی جیهانی میدیای دەنگ و رەنگ و گەمەکانی کامپیۆتێر و مولتی مێدیان. هەمیسان لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە ناوەرۆک و رواڵەتی فەرهەنگی ئاسایی ژیان گوڕدراوە و بایخەکانی ئینسانی بێ رەنگ بوون و داهاتووی ژیانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی ئینسانەکان جێگای نیگەرانییە. فەرهەنگ و بایخەکانی ژیان و تایبەتمەندی ئینسانەکان لە رێگای دەستدرێژی میدیا و بەرنامەکانیانەوە لەبەریەک

دەترازاێن و ئاڵوزی لە یەک تێگەیشتن زیاتر دەبێ. هێرشی سێ قۆڵی سیستمی مێدیا و سیاسەت و ئابوری دەبنە هۆی پەرەساندنی گەلێک ئاڵۆزی کومەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئینسانی، کە زۆربەی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی دەگرێتەوە. لە ناو دەستەڵاتی مێدیای جیهانی و ناوچەییدا کەمترین مێدیا هەیە کە بە پێچەوانەی ئەو رەوتە بجولێتەوە. هویەکەشی تێکشاکانی تیجاری و ئابوری ئەو جۆرە دەزگایانەیە کە خۆ لە بەرانبەر بەربەرەکانی زلە مێدیاکاندا راناگرن.
مەدیا و دەزگاکانی راگەیاندن، مرۆڤی ئەو سەردەمەیان گەمارۆ داوە. دەربازبوون لە ژێرکارتێکردنی باش و خراپی مێدیا بە تایبەت مێدیای ئەلەکترۆنی و دەنگ و رەنگ کارێکی هاسان نییە. سەرەکیترین پرسیار ئەوەیە کە مێدیا بە دەست چ کەسانیکەوەیە و لە لایەن کێوە کەڵکی لێ وەردەگێرێ.

**کۆمەڵگای کوردستانیش لە ماوەی دە ساڵی رابوردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو لە رێگای مێدیاکانی جیهانی و ناوچەیی و کوردییەوە گەمارۆ دراوە. ئەم مێدیا جیهانی و ناوچەیی و کوردییانە چ دەور و کاریگەرێکی باش و خراپ، چاککەر و تێکدەرانەیان هەیە؟ ئایا کۆمەڵگای ئێمە لە پرۆسەیەکی چاوڕوان کراودا، بۆتە خاوەنی مێدیا؟ ئەو مێدیا کوردییانە، کورد بەرەو ئەو ئامانجانە دەبەن کە پێویستی نەتەوەکە و کۆمەڵگاکە و تاکەکانی کوردە؟ ئایا مێدیای کورد لە خزمەتی نەتەوەی کورد و دۆزە سیاسی و ئینسانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و زمانی و کیانەکەی دایە؟**

ئەم نووسراوەیە بە شێوەی سەرەکی باس لە مێدیاکانی دەنگ و رەنگی کورد دەکات کە بە دامەزراندنی مەد تی وی لە بلژیک لە کۆتایی ساڵی 1995 دەستی پێکرد و پاشان "جود، مێزۆپۆتامیا، مێدیا، رۆژ"ی لێکەوتەوە و "کوردستان تی وی، کورد سات و زاگرۆس" لە باشور بوونە بەرانبەری و "رۆژهەڵات"یش لە رۆژهەڵاتەوە تێکەڵیان دەبێ!

### تلەوزیۆن سانسۆر و هەڵخڵەتاندن

هەر درۆیەک، پێویستی بە دوو کەسە، کەسێ، کە درووکە دەکا و ئەو کەسەی کە بڕوای پێ دەکا !
(سیم پسۆن)(وتەی ناوداران- شوانە، ماڵپەری رۆژهەڵات/بۆکان)

دەکرێ بینەر لە رێگای تلەوزیۆنەوە بە شێوەی جیاواز هەڵخڵەتەندرێ! تەکنیک ئیمکانی هەڵخڵەتاندن دەرەخسێنێ، دەکرێ وێنە دەستکاری بکرێ و بۆ مەبەستی دڵخواز بکار بهێندرێ. دەکرێ لە رێگای نیشاندانی تایبەتی وێنەوە، مەبەستی سیاسی دڵخواز بگەێندرێتە بینەر. دەکرێ وێنە لە گەڵ موسیقا و دەنگ و کەلام ئاوێتە بکرێ بۆ داسوپاندنی سیاسەتێک و بیرێکی تایبەت. لە رێگای مودێرنترین ئیمکاناتی کامپیۆتێرەوە ئەو هەلە دەرەخسێ، بۆ ئەوە وێنە وەها بگۆڕدرێ کە بینەر بە هیچ شێوەیەک هەست بە دەستکاری و گۆڕینی نەکات. بەرهەمی لەم چەشنە دەکرێ وەک فیلم، هەواڵ، فیلمی بەڵگەنامەیی، فیلمی سینەمایی و جۆرەکانی تر بەکار بهێندرێ و بینەری پێی هەڵخڵتنەدرێ.
لە زۆربەی وڵاتەکان بۆ مەبەستگەلی سیاسی و چەواشەکردن لەم شێوە کارە کەڵک وەردەگێرێ. وینەکان دەکرێ زۆر وەستایانە بە یەکەوە بلکێندرێ بۆ ئەوەی فکری کۆمەڵگای پێ بگۆڕدرێ، و یان کار بکاتە سەر مێشک و هەست و فکری مرۆڤەکان. لە رێگای وێنەی لەو چەشنەوە کە زانایانە سازدەکرێن و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا و فەرهەنگ و رۆح و رەوان و هەستی مرۆڤەکان لە بەرچاو دەگێرێن، بینەر خۆی دەبێتە وەسیلەیەک بۆ گێڕانەوەی هەواڵ یان وێنە سازکراوەکە. لەم رێگایەوە دەکرێ و دەتواندرێ بە تەواوی بیر و باوەڕی خەڵک نەتەنیا بگۆڕدرێ بەڵکو بە لارێدا ببردرێ. تازەترین هەواڵی لەو چەشنە وتەکانی سەرۆک کۆماری ئێرانە کە لە ناو بردنی بە

ملیۆن یەهودی بە دەستی نازییەکانی ئاڵمان بە حەکایەتی هەڵبەستراو لە قەڵەم دەدات. تلەوزیۆنەکان بە تایبەت دەزگاکانی تلەوزیۆنی ئێران وەک راستییەک کە لە زمانی سەرۆک کۆماری ئێرانەوە هاتۆتەدەر، چەواشەکارییەکە بڵاودەکەنەوە. ئەم وتانە دەچێتە ناو خەڵک و دەبێتە بەڵگە، بەمجۆرە نە تەنیا بیری خەڵک دەگۆڕدرێ بەلکو مێژووش چەواشە دەکرێ. هەر بۆ هەڵخڵەتاندنی خەڵک لە کاتی شەڕدا دەغەلکاری زۆر بەکار دەهێندرێ. پێنتاگۆن وەزارەتی بەرگری ئامریکا، لە شەڕی یەکەمی کەنداودا دەزگای تلەوزیۆنی CNNی بۆ مەبەستی خۆی بەکار هێنا. سەرجەم وێنەکانی تایبەت بە شەڕ لە رێگای ئەم وزارەتخانەوە دەگەیشتە تلەوزیۆنەکانی جیهان. ئامریکا نە تەنیا مودێرنترین چەکەکانی تاقینەکراوی لە شەڕەکەدا بەکار هێنا، بەڵکو مێدیا، بە تایبەت تلەوزیۆنی وەک ساڵی 1939ی ئاڵمان، بەکار هێنا، کە ئەو سەردەمە لە دەست وەزارەتی پروپاگەندەدا بوو. تلەوزیۆن بە تەواوی بۆ خزمەتی سیاست و شەڕ و کۆنسێرنەکانی چەکساز و چەک فرۆش بەکارهێندرا. لە هەمووی ئەوانە سامانکتر ئەوە بوو کە دەستەڵاتی وێنە و هەواڵ لە سەر گۆی زەوی کەوتە ژێر ئینحساری یەک دەزگا و یەک وزارەتخانە لە وڵاتە یەکرتووەکانی ئامریکا.

ئەنستیتۆی پێداگۆگی ئاشتی لە ئاڵمان بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن بڵاودەکاتەوە و راستیەکان روو دەکات. لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە:{" ئیزن نادرێ باسی ئەو شتانەی خوارەوە لە راگەیاندنە گشتیەکان و بەرنامەکانی تلەوزیۆنی دا بڵاو کرێنەوە:

*1- زانیاری لە بارەی ئەرتەشی ئامریکا و هاوپەیمانان، ژمارەی دەستەکانی سەرباز، فرۆکە، سیستمی چەک،پێداویستیەکان،(وەک کەرەسەی چەک،تانک،ماشێن، راکێت،ماشێنی باری،ئاو) هەروەها چۆنییەتی و هێندی گوللە، مادەی پێویست وەک بنزین و گازویل و دەستەکانی جۆربەجۆری سەربازانی شەڕ. نابێ باس لە چۆنییەتی گروپەکانی ئەرتەش و ژمارە و هەڵس و کەوت و فەرەکولتوری هێزەکانی ئاسمانی و ئاگاداری گشتی بکرێ*

*2- هەرچەشنە زانیارییەک سەبارەت بە پلان و بەرنامەی داهاتوو،چالاکیەکان ویا هێرشی ئاسمانی*

*3- هەرچەشنە زانیاری، وێنە و وێنەهەڵگرتن کە تایبەت بە شوێنی ئەرتەش و گروپەکانی ئەرتەش و شوێنەکانی ئەمنییەتی و دەزگاکانی سەر بە ئەرتەش، ئەنبارەکان و شوێنی تر.*

*بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەبارەت بە پاپۆرەکانی شەڕ کە ناویان دیار بکەوێ کە لە کەنداوی فارس و دەریای سوور و باکوری دەریای عەرەبی نیشتەجێن. بڵاوکردنەوەی هەواڵ سەبارەت بە عەرەبستانی سعودی ،بەشی باشوری عەرەبستان، نزیک سنورەکانی وڵاتی کویت و هتد دەبێ سنوردار بێ. هەواڵەکانی سەبارەت بە وڵاتەکانی دەوروبەر کە بەشداریان لە شەڕەکە راگەیاندووە."}*

ئەم فەرمان و دەستورانە بۆ سانسور لە شەڕی کەنداو بۆ ئازادی کویت پەیرەو کرا. لە شەڕەکانی دژی ئەفغان و دژی عێراق سیمایەکی تر لە تلەوزیۆن و تەکنیک و دەستەڵاتی مێدیا و تلەوزیۆن نیشاندرا کە راستیەکانی رەنگە لە ساڵانی داهاتوودا زۆرتر دەرکەوێ.

لە پێوەندی لە گەڵ شەڕی کەنداودا کورد زۆرترین زەرەرمەند بوو، بەڵام بۆ یەکەم جار تلەوزیۆن سیمایەکی تری لە کورد نیشان دا و بە ناکاو کوردی فەرامۆش کراو بوو بە وێنەی سەرەکی تلەوزیۆنەکانی سەرانسەری جیهان. سیمای سیاسی کورد و باشوری کوردستان پاش نیشاندانی ئەم وێنانە بە لایەکی تردا کێشرا. لە دوایین شەڕ دژی سەدام کە بوو بە هۆی روخانی سەدام "وێنەیەکی سنوردار" لە کورد نیشان درا، کە ئەمجارە قوربانی نەبوو، بەڵکو شان بە شانی سەربازانی ئامریکایی لە شەڕەکەدا بەشدار بوو. نیشاندانی ئەم دوو وێنەیە لە



کورد لە ماوەی دەساڵدا،هەست پێکردن بە گۆڕانێکی سیاسی بەرچاوە. کورد بۆ یەکەم جار دەبێ دەرکی بەوە کردبێ کە چۆن مێدیا بە هەردوو باری چاک و خراپدا دەتوانێ چارەنووس بگۆڕێ.

**رێگاکانی هەڵخڵەتاندن**

لەم رێگایانەی خوارەوە دەکرێ بینەر هەڵخڵەتەندرێ:

- گۆڕینی وێنە و یان لێ دەرهێنان و لێ زیادکردن
- بە یەکەوە لکاندنی بە پەلەی وێنەکان، یان خاوکردنەوەی وێنە بە یەک لکێندراوەکان
- یەک نەگرتنەوەی وێنە و لێکدانەوە
- نەبوونی زانیاری تەواو و پێویست
- زانیاری زیادی و بێ کەڵک
- بڵاوکردنەوەی زانیاری سووتاو
- دەستێوردان لە وێنەکان
- بە کارهێنانی زمان بە شێوەی تایبەت
- پەیامی هەڵە بڵاوکردنەوە
- تۆن و دەنگی بە هەڵە بەکارهێنان
- بەکار هێنانی موسیقا بۆ مەبەستی پروپاگەندە
- وەرگەڕاندنی بە هەڵە لە زمانەکانی ترەوە
- سانسوری بەر لە بڵاوکردنەوە و پاشان
- دەستەڵاتی یەک لایەن بە سەر وێنەکاندا(ئەرتەش)
- مقەستی ناو میشکی بەرهەمهێنەران
- بەکارهێنانی وێنەی دوژمنان بۆ مەبەستی تایبەت

بێجگە لە شێوەگەلی ئیستاندارد، لە وڵاتانی جیاواز گەلێک شێوە بۆ هەڵخڵاتاندنی خەڵک بەکار دەهێندرێ. گۆبێلز ئاڵمانی وەزیری تەبلیغاتی هیتلێر، پێ وابوو هەتا درۆی گەورەتر بکردرێ خەڵک چاکتر باوەڕ دەکەن. رەفسەنجانی کە لە هەموو پۆستە سەرەکیەکانی ئیراندا دەوری گێڕاوە لە هەمان شێوەی گۆبێلز بۆ خاپاندنی خەڵک سوودی وەردەگرت. تلەوزیۆنی ئێران لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا خەڵکی بەو چیرۆکانە فریو دەدا کە سەربازان و پاسداران و بەسیجیەکان لە غەیبیاتی ئیمامان دەیان گێڕایەوە. یان ئەوەی فلان مەلا و فلان ئایەتوڵا خەونی دیتووە کە فلان ئیمام بە سواری فلان ئەسپ و فلان جل و بەرگ لە پێش سپای ئیسلامەوە پەلاماری سپای کفری داوە. لەم رێگایەوە بە هەزران لاو و پیر بوونە زوخاڵی شەڕ. هەمووی ئەو چیرۆکانەش لە رێگای تلەوزیۆنەوە بڵاو دەکرایەوە، ئەوە لە کاتێک دابوو کە خەڵکی شیعە لە زۆربەی گوندەکان و شارە گەورەکانی وەک تەورێز بەر لە هاتنەوەی خومەینی بۆ ئێران تەماشاکردنی تلەوزیۆنیان بە حەرام دەزانی و سەیری تلەوزیۆنیان نەدەکرد. بەڵام کۆماری ئیسلامی و ئایەتۆڵاکان زۆر باشتر لە مزگەوتەکان کەڵکیان لە تلەوزیۆن وەرگرت. پروپاگەندەی سیاسی ، ئیدئۆلۆژی و ئایینی مەلاکان لە رێگای تلەوزیۆنەوە بە زۆربەی زمانەکان لە هەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە،کە بنەماکەی هەڵخڵەتاندنی خەڵکە و لە سانسۆردا گرد دەبێتەوە.

## مێژووی تلەوزیۆن لە ئێران و کوردستان



لە ئێران تلەوزیۆن لە ساڵی 1939 لە دایک نەبوو، بەڵکو 21 ساڵ دوایە لە ساڵی 1339 کرایەوە!

"سابت پاساڵ دەوڵەمەندێکی ئێرانی بوو کە یەکەم تلەوزیۆنی خسوسی لە ئێران لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی 1339(1960) دامەزراند. هونەرهای زیبا شوێنی کار و تەمرین و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان بوو. جگە لە کوردی بەرنامەی ئازەری و فارسیش بڵاودەکراوە! سەرەڕای گۆرانی و هەڵپەرکی و بەرنامەی ڕابواردن، شانۆش وەک هەموو بەرنامەکانی تر بە شێوەیەکی زیندوو بڵاو دەکراوە. ساڵی 1344 (1965) ئەم تلەوزیۆنە دەوڵەتی کرا و بوو بە تلەوزیۆنی ملی ئێران و هونەرهای زیباش بوو بە خانەی نەمایش وەک بەشێک لە تلەوزیۆن!" (زمانی دوولا- برایم فەرشی لاپەرەی 27)

ئەمە سەرەتای دروستکردنی تلەوزیۆن لە ئێران بووە کە بە سەرەتای بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تلەوزیۆنی بە زمانی کوردیش دەژمێردرێ. ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار لەم تلەوزیۆنە دەرکەوتووە و بە زمانی کوردی بەرنامەی پێشکەش کردوە، حەسەن زیرەک بووە. عەلی یاسەمەنی کە لەو سەردەمەدا لە گەڵ زیرەک ژیاوە، ئاوا باسی ئەو ڕۆژانە دەکا:" شەوی پێنجشەممانە دەرۆیشتین لە ئیستگەی هونەرهای زیبا بەرنامەمان دەدا، بەرنامەی کوردی. حەسەن بە دایرە و بە گۆرانی ئێمەش حەوت هەشت کورد پیاو و ژن بە لیباسی کوردیەوە بە دەستوری سۆرانی خۆمان هەڵدەپەڕین، خەڵک زۆریان پێ جالب بوو، زۆریان پێخۆش بوو. شەوی پێنج شەممانە کە بەرنامەکەمان ئیجرا دەکرد ئەو قاوەخانەی لە تاراندا تلەوزیۆنی بوو، دوو یان سێ قاوەخانە پڕ دەبوو لە خەڵك، تلەوزیۆنیش نێو تاران هەتا کەرەج کاری دەکرد، زیاتر کاری نەدەکرد. لەو قاوەخانانە ئەو شەوە چای لە پەناباتێکەوە دەچووە چوار قران، ئەوندە بەرنامەی کوردیەکەیان پێخۆش بوو! (زمانی دوولا- برایم فەرشی لاپەرەی 27)

پاش ئەوەی لە ئێران ڕادۆ و تلەوزیۆن پەرە دەستێنێ،شارەکانی کوردستانیش وەک کرماشان، سنە، مەهاباد، ورمێ و ئیلام دەبنە خاوەنی ڕادۆ و تلەوزیۆن. تلەوزیۆن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوو قۆناخ دا تێپەڕیوە. یەکەم سەردەمی ڕژیمی پەهلەوی و دووهەم سەردەمی کۆماری ئیسلامی. بنەمای فکری و سیاسی ڕژیمی پەهلەوی کە بە هاتنە سەرکاری رەزاخان دەست پێدەکات لە لایەک ڕەگەزپەرستانە بوو و لە لایەکی تر دژی فکر و سیاسەت و فەرهەنگی هێلی جیاواز لە خۆی بوو. دەزگاکانی فەرهەنگی و هونەری، زانستی و سەرجەم مێدیای ئێران دەوڵەتی بوون و ئارمانجیان زاڵ کردنی هەرچی زۆرتری دوکترینی فکری و فەرهەنگی نەتەوەی فارس بوو، کە مێژووی دووهەزارو پێنج سەدساڵەی شاهەنشاهی و سەرجەم سامانی ئەدەبی فارسی و ئایینی شیعەی لە پشت بوو. ئیدئۆلۆگەکانی بە ناو چەپ و میللی و نیشتمانی دەست پەروەردەی ئوروپا، بە کەڵک وەرگرتن لە بنەما فکریەکانی شاکانی سەردەمەکانی پێشوو بە تایبەت کورش و داریوش چەشنێک فکر و فەلسەفەی شاهەنشاهییان پێک هێنابوو کە خۆی لە محەمەد ڕەزاشا وەک شای ئێراندا دەردەخست، کە وەک پێناسەی نەتەوەیی هەر تاکێکی ناو جوغرافیای ئێران دادەندرا. مەزنخوازی نەتەویی ئەوان وەک ئێرانی تا ئەو ڕادەیە باڵ دەگرێ کە محەمەد ڕەزاشا گەورەترین نمایشی سەردەم لە تەختی جەمشید(پرسپۆلیس) بەرپا دەکات و بە خەرج کردنی ملیۆن ملیۆن دۆلار هەموو سەرانی دەوڵەتان و حکومەتەکانی جیهان کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی شکۆی فەرهەنگی و مێژوویی و شارستانییەتی فارس(PERSER) نیشانی جیهان بدات. ئەو نمایشە پاش سەرکوتکردنی هەموو جوڵانەوەکانی نەتەوەکانی نەفارس و جێ بە جێکردنی سیاسەتی سانترالیزەکردن و یەک سان کردنی رواڵەتی کۆمەڵگا و داسەپاندنی سیاسەتەکانی سیاسی و

ئابوری و فەرهەنگی و زانستی رۆژئاوایی بەرپا کرا، کە دەستپێکی هێرشی سیستیماتیکی مێدیای ئێران بە تایبەت تلەوزیۆن بوو. ئەو نمایشە بە شێوەی راستەوخۆ لە هەموو کاناڵەکانی تلەوزیۆنی جیهانەوە بڵاوکرایەوە. پاش ئەم نمایشە جیهانییە رۆژ وساڵژمێری ئێران لە کۆچی هەتاوییەوە بۆ شاهەنشاهی گۆڕدرا. بەرنامەی سیاسی و دەوڵەتی و ئابوری و فەرهەنگی ئێران لە سەر ئەم ئەساسە دادەمەزرێندرێ، کە ئێران بەرەو " دەروازی تەمەدونی گەورە" بەرێ. شا و حکومەتەکەی تەمەدونی گەورەیان لە تەمەدونی ئێرانیدا دەبینی و ئەوەشیان بەستبووە بە ویست و رەزای خوداوەندی نیشتەجێ لە ئاسمانەکان کە رەنگە بۆ ئەویش تایبەتمەندی ئێرانی قایل بووبێتن. **ئەوان جاری ئەوەیان دەدا کە شاهەنشا ئاریامیهر سێبەری خوداوەند لەسەر زەوییە. دروشمی سەرەکیشیان خودا، شا، میهەن بوو.** میهەن واتە نیشتمانیش تەنیا لە یەک نەتەوە پێک هاتبوو ئەویش "نەتەوی ئێران" بوو، کە بە زمانی فارسی و ئەدەبیاتی فەرسی و فەرهەنگی فارسی و ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی پێناسە دەکرا. تەنیا شتێک کە لەگەڵ بچمەکانی کۆنی ئێرانی نەدەهاتەوە، ئایینی شیعە بوو کە بۆ ئەوەش تئۆریان داتاشی بوو. ئەوەش نیشانی دەدا کە سەرجەم بیر و فکر و فەلسەفە و بنەمای مەعنەوی ئەم شکۆ و مەزنخۆازیە دەستکردە. **لە ولاتێکی وادا کە هێرەمی فکری و سیاسی و فەرهەنگی و مێژوویی و مەعنەویی ئاوا دارێژرابێ، نەتەوەکانی تر و زمان و فەرهەنگ و تایبەتمەندییەکانیان نە تەنیا دەرفەتی خۆنوواندنیان نابێ، بەڵکو تواندنەوە و یان هاندان بۆ بێزلێکردن لە فەرهەنگ و زمانی خۆیی، سیاسەتی باوی دەزگاکانی رژیم بوو.**

نەتەوەکانی تر بوون بە ئەقوام، زمانەکانی تر بوون بە لەهجەگەل، ئایینەکانی تر بوون بە مەزاهبی دەستە و گروپ. هەرچەند سەرجەم دەزگاکان بەم بۆچوونەوە دەیانڕوانییە ناوخۆی ئێران، بەلام لە لایەکی تر دەرگای ئێران بەرەو رووی فەرهەنگ و هونەر و زمان و ئەدەبیات و شێوە ژیانی رۆژئاوا ئاواڵە بوو. دیوارێکی ئاسنینیش بە دەوری ئوروپای رۆژهەلاتدا کێشرا بوو، بەلام لێرەش دەرگا بەرەو رووی ئەدەبیات و موسیقا و سینەمای ئەم بەشەی ئوروپا بە تایبەت شورەوی ئاواڵە بوو، تا ئەو جێگایەی ئەدەبیاتی ئەم بەشە قورسایی تەواوی بەسەر ئەدەبیات و زمانی فارسیدا هەبوو. هەمووی ئەوانە لە کاتێکدا بوو کە نووسینی چەند لاپەرە بە زمانی نەتەوەکانی تر لە وانە کوردی باسی سەر بوو. لە ولاتێکی وادا لە شارەکانی کوردستان تلەوزیۆن دامەزرێندرا، بۆ ئەوە بە زمانی فارسی و کوردی بەرنامە بلاو کاتەوە!

### دەزگای تلەوزیۆن و بنەما نەگۆڕەکانی کەسایەتی فارس




بۆ ئەوەی هەمەلایەن بچینە ناو باسەکەوە پێویستە بابەتێکی فکری روون کەینەوە. بۆ ناسینی کەسایەتی هەر مرۆڤ و هەر کۆمەڵە مرۆڤێک و تایبەتمەندییەکانی، گەرەکە لایەنەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئەو مرۆڤە وکۆمەڵە مرۆڤە بناسرێ. ناسینی هەر مرۆڤێک بە پێی ستروکتورێک مێسەر دەبێ.

*ئەم ستروکتورە لە سێ بازنە پێک دێ. هەر کام لەو بازنانەش ستروکتوری تایبەت بە خۆیان هەیە.*


- *یەکەم ستروکتوری بازنەیی دەروونی(ناوەوە) ،*
- *دووهەم ستروکتوری بازنەیی ناوەراست و*
- *سێهەم ستروکتوری بازنەیی دەرەوە.*

*ستروکتوری بازنەیی ناوەوە تایبەتە <u>بە هەست، بایخەکان،بیروباوەڕ و هزر و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ. ئەم بەشە بەیس و بنەوانی کەسایەتی مرۆڤ پێک دەهێنێ</u>. ستروکتوری بازنەیی*

ناوەراست زانین و زانیاری، لێهاتوویی و بنەماکانی مرۆڤ دیاری دەکا. ئەم بەشە چۆنییەتی هەڵس و کەتی مرۆڤ پێک دەهێنێ. ستروکتوری بازنەیی دەرەوە، دەور و رۆڵ، پێوەندییەکان،رواڵەتی ژیان وچوارچێوەکان دیاری دەکا. ئەم بەشە لایەنی دەرەوەی مرۆڤ پێک دەهێنێ. **بەشی یەکەم بە دژواری گۆڕانی بە سەر دادێ و وەک کەسایەتی هەر تاکێک دەمێنێتەوە و ناسنامەی هەر تاکێک دیاری دەکات.** زمان و ئایین و هەموو ئەو عونسرانەی کە پێناسەی کەسێک پێک دەهێنن لەم بەشەدا جێیان گرتووە، تاقیکردنەوەکانی هەر مرۆڤێک سەر بەم بەشەیە و لە مرۆڤ جیاناکرێتەوە. بەشی دەروونی مرۆڤ هەر لە منداڵییەو پێک دێ و جێ دەگرێ. **بەشی دووهەم لە پرۆسەیەکدا بەرزتر دەبێتەوە و هەڵدەکشێ و گۆڕانی بەسەردا دێ،** فێربوون لە هەموو بوارەکاندا لە وانە پیشە،زانیارییەکان کە مرۆڤ پەیدای دەکات، فێربوونی زمانەکانی تر و قابلیەتەکانی مرۆڤ لەم بەشەدا جێیان گرتووە. **بەشی دەرەوەی مرۆڤ بە هاسانی گۆڕانی بەسەر دادێ** هەر لە جل وبەرگەوە هەتا هەموو ئەو شت مادییانەی کە مرۆڤ دەتوانێ بە دەستیان بێنێ و یان لە دەستیان بدات.(بڕوانە وێنەی خوارەوە)





رژیمی شاهەنشاهی ئێران بە پێی ژێربینایەکی زانستی لەم چەشنە، دەیروانییە خۆی و غەیر و دەیزانی چی دەکات. حکومەتی ئێران لای روون و ئاشکرا بوو کە ئێزن نادا ستروکتوری ناوەوەی رژیم و کەسایەتی نەتەویی و رەگەزی و ئایینی فارس گۆڕانی بەسەر دا بێ و تەماحی لێبکرێ یان پەلاماری بکرێتە سەر.




کەسایەتی ئێرانی

بە پێچەوانەوە رژیم ئیمکاناتی فەراهەم دەکرد بۆ ئەوەی بەشی ستروکتوری ناوەراست و دەرەوەی مرۆڤەکان و نەتەوەکانی نەفارس بگۆردرێ. ئەم گۆڕانەش کاتێک مێسەر دەبوو کە نەتەوەکانی نەفارس ستروکتوری ناوەوەی خۆیان بگۆڕن، واتە زمان و فەرهەنگ و باوەڕ و ئایین و کەسایەتی خۆیان لە گەڵ هی فارس بگۆڕنەوە. رژیم تێکدان و دروستکردنەوەی لە سەرڕاوەی نەتەوەکانی نەفارسیان کردبووە پرۆژە و بەرنامەی سیاسی و حکومەتی وفەرهەنگیان بۆ دارشتبوو. جگە لەوە رژێمی رەزاشا تەنانەت بۆ گۆڕینی ستروکتوری دەرەوەی مرۆڤی کورد، زۆر و زیندان و زەبر و زەنگی بە کار هێنا، لە وانە داسەپاندنی جل و بەرگی رۆژئاوایی بە جێگای جل و بەرگی کوردی.




کەسایەتی کورد

رژێمی شاهەنشاهی بە پێی سیاسەتی ناوخۆیی لە ژێر کارتێکردنی سیاسەتی دەرەودا تلەوزیۆنی لە بەشەکانی ئێران دامەزراند. لەم بوارەدا ستانەکانی کوردنشین بە نیسبەتی شوێنەکانی تری ئێران، بوونە خاوەنی زۆرترین کانالّی رادۆ و تلەوزیۆن! لە رێگای تلەوزیۆنەوە زمان و فەرهەنگی کورد زۆرتر و زۆرتر کەوتە بەر هێرشی فەرهەنگ و زمانی فارسی. تلەوزیۆن تەواوکەری سیستمی فێرکردن و بارهێنان لە خوێندنگەکان بوو، ئەو شوێنەی کە منالّی کورد هەر لە سەرەتای مندالّیەوە ستروکتوری دەروونی خۆی تێدا دەدۆراند. لە خوێندنگاکان زمان و ئایین و کەسایەتی و فەرهەنگ و تاقیکردنەوەکانی منالاّنی کورد کەوتنە بەر هێرشی زمان و فەرهەنگ و ئایین و مێژوو و ئەدەبیات و تاقیکردنەوەکانی نەتەوەی فارس. رژێمی ئێران لە لایەک دژایەتی لە گەلّ فەرهەنگی نەتەوەکانی تری ناو سەرزەمینی ئێراندا دەکرد و لە لایەکی تر، تلەوزیۆنی بۆ گواستنەوەی فەرهەنگ و هونەر و شێوەی ژیانی رۆژئاوا لە رێگای فیلم و سریالّ و شانۆ و موسیقا و بەرنامەکانی ترەوە بەکار دەهێنا. بەم شێوەیە بنەمالّەکانی کورد لە لایەک رووبەری یاساخ بوونەوەی کەسایەتی نەتەوەیی خۆیان دەبوونەوە و لە لایەکی تر تلەوزیۆن وەک مێدیایەکی یەک لایەن فەرهەنگی رۆژئاوا و فەرهەنگی فارسی دەگواستەوە ناو مالّەکانیان.

بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هێندێک لە بەرنامەکاندا، بۆ گواستنەوەی سیاسەت و فەرهەنگی ئێرانیچیەتی بۆ ناو گوندەکان و سەرجەم ئەو خەلّکانە بوو کە لە زمانی فارسی تێنەدەگەیشتن.

هەرچەند دەزگای رادۆ و تلەوزیۆن راستەوخۆ بە تایبەت لە ناوچەکانی کوردنشین لە ژێر چاوەدێری سازمانی ئێتلاعات "ساواک" دابوون، بەو حالّە ئەو دەزگایە بوو بە مەکۆی کۆمەلّێک لێزان و پسپۆڕ و هونەرمەند و بیرمەندی کورد. لە ماوەی سالّی 1965 هەتا سەرەتای سالّی 1979 کۆمەلّێک کاری گرینگ لە بواری ئەدەبیات و فەرهەنگی زارەکی و داب و نەریت و ئارشیو کردنی موسیقا و چەشنەکانی تری هونەری زارەکی ئەنجام دران، کە بایخی گەوەرەیان هەبوو. لەم دەورەیەدا لە ناوچەکانی کوردستان دەیان فیلمی بەلّگەنامەیی دروست کران کە توانیان بەشێکی کۆن لە فەرهەنگ و داب و نەریتەکانی کورد بەر لە فەوتان لە رێگای دەنگ و رەنگەوە بهێلنەوە. هەر لەو سەردەمەدا بنەمای کاری شانۆی رادۆیی و تلە شانۆ بە زمانی کوردی لە رادۆ و تلەوزیۆن دارێژرا، هەروەها دۆبلاژ سەرەتاکانی خۆی دەست پێکرد، درامای رادۆیی کوردی سەری گرت و کورتە شانۆی کۆمێدی و کورتە فیلم گیانی گرت. بەشەکانی رادۆ و تلەوزیۆنی ورمێ، تەورێز، مەهاباد، سنە، کرماشان، ئیلام و تاران و بەشەکانی رادۆی شارەکانی تر وەک بناو و مەریوان و قەسری شیرین بوونە خاوەنی ئارشیوی هونەر و فەرهەنگی کورد. سەرجەم دەزگاکانی رادۆ و تلەوزیۆن لە شارەکانی کوردستان ئەو ئیمکانەشی بۆ رژێم و دەزگاکانی رەخساند کە بەشی زۆری سامانی فەرهەنگ و هونەری کورد بکەوێتە بەر دەستیان. فارس بە کەلّک وەرگرتن لەم سامانە نەتەوییەی کورد توانی پشتوانەیەکی گرینگ بۆ دەولّەمەند کردنی فەرهەنگ و زمان و هونەری خۆی پەیدا بکا. ئەم تلەوزیۆنانە بۆ کورد نەبوونە پالّپشت بۆ پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی و یان بۆ پتەوکردنی کەسایەتی کوردی و یان بۆ پێشکەوتنی مرۆڤێک کە عونسوری کوردی تێدا زۆرتر بێ.

کۆمەڵگای کورد بە تایبەت لە شارەکان لە ڕێگای ئەم تلەوزیۆنانەوە زۆرتر و زۆرتر ستروکتوری دەرەوەی تووشی گۆڕانی جیدی هات و سیمای تاکی کورد لە ڕواڵەتدا گۆڕانی بەسەردا هات. هەر وەها ستروکتوری ناوەراست گۆڕانی جیدی بەسەردا هات. تلەوزیۆن لە پانتای کوردستاندا تەواو کەری سیستمی فێرکردن و بارهێنان و دەزگاکانی فەرهەنگ و هونەر و خانەی جەوانان و کاخی جەوانان بوو. دوا خاڵ ئەوەیە کە دەزگاکانی تلەوزیۆن لەم ماوەدا دەیان کادری کوردیان لە بوارەکانی جۆربەجۆردا پێک هێنا، کە دواتر بەشێک لە وان بە دابڕان لە سیستمی رژیم، خزمەتیان بە دۆزی کورد لە بواری فەرهەنگ و هونەر و وێژە و زماندا کرد، کە نابێ لە چاو وون بێ. **تەلەوزیۆن وەک شەمشێری دوو دەم لە ئێران مایەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی توانی شەمشێری دوودەمی شاهەنشاهی بکاتە یەک دەم و بیکات بە گیانی فەرهەنگ و زمان و ئایین و پێکاتەکانی نەتەوەیی کورددا.** کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای تلەوزیۆن و هەموو ئیمکانەکانی هونەری و تەکنیکیەوە توانێ بە گژ فەرهەنگ و زمان و داب و نەریتەکانی کۆمەڵایەتی کورددا بچێت و بەرە و جیلێکی نوێ لە منداڵان و لاوانی کورد پەروردە بکات و بەشێک لەوان بە تەواوی فارس گوتەنەی"شستشوی مغزی" بدات. باسکردن لەم بابەتە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەڵدەگرێ کە لێرەدا جێگای نابێتەوە.

### تلەوزیۆن لە باشوری کوردستان و عێراق



ئەگەر بنەمای فکری دەستەڵاتدارانی فارس فکری شاهەنشاهی و ئایینی شیعە و رەگەکانی تری رەگەزی و نیژادی ئێرانی بووبێت، ئەوە لە عێراق ئایین و زمان و فەرهەنگی سەردەست تایبەت بە رەگەزی عەرەب بووە. یەکدەستی رەگەزی و ئایینی و زمانی و فەرهەنگی و مێژوویی و دەستەڵاتی پڕ لە زۆر و زەبر و زەنگی 1400 ساڵەی عەرەبی ئیسلامی، ئەو "پوتانسیەل" و گەرای فکری و ئایینییەی تێدا بەدی نەدەکرا، بەرانبەرێکی جگە لە خۆی قەبوڵ بکات. لە سەر ئەم بنەما فکری و ئایینی و مێژووییە، سیاسەتی بەعسی دامەزرا کە پڕا و پڕ لە گەڵ یەکیەتی ئایینی و فکری و مێژوویی عەرەب و حاکمانی عێراق جووت و جۆر دەهاتەوە. ئاسایی بوو کە دەزگاکانی هەمە جۆری فەرهەنگی و هونەری و پەروەردە لە وانە دەزگاکانی رادۆ و تلەوزیۆنی عەرەبی عێراقی، بۆ خزمەت بە دۆکترینی رەگەزی و ئایینی و زمانی خۆیان بەکار بهێندرێن نە بۆ خزمەتی غەیر!
مێژووی سیاسی کوردەکان لە باشور لە کێ بەرکێی سیاسی و نیزامیدا، ئەو هەلەی رەخساند کە لە وڵاتی دوو نەتەوە سەرەکیەکەی عێراقدا، کورد زمانی خۆی لە خوێندنگەکان و لە وانە لە کاری فەرهەنگی و هونەری و رادۆ و تلەوزیۆنەکان بەکار بهێنێ. بەڵام لێرەش تلەوزیۆن بە زمانی کوردی رەنگدانەوەی نەتەوەیی کورد نەبوو، بەڵکو رەنگدانەوەی هەمان دۆکترینی رەگەزی، ئایینی و زمانی و فەرهەنگی و مێژوویی دەستەڵاتدارانی عەرەب و سەرجەم دنیای عەرەب بوو.
رادۆ و تلەوزیۆن بە زمانی کوردی لە کوردستان لە هیچ کات و زەمانێکدا نەیتوانی ببێتە ئاڵترناتیڤ بۆ تلەوزیۆنەکانی عەرەبی عیراق و دەرەوی عێراق. هەر ئەمرۆش کۆتایی ساڵی 2005 تلەوزیۆنەکانی کورد لە باشوری کوردستان، لە ماڵە کوردەکان نەبوونەتە ئاڵترناتیڤ و جێگری کاناڵەکانی عەرەبی.
*ئەوەی تلەوزیۆنەکانی عەرەبی و تلەوزیۆنەکانی بە ناو کوردی بەغدا و کەرکوک وشارەکانی تر لە سەردەمی پێشوودا چەندە کارتێکردنیان لە سەر کەسایەتی مرۆڤی کورد لە باشور هەبووە و تا چ حاند گۆڕانی لە سێ ستروکتوری دەرەوە و ناوەراست و ناوەوەی مرۆڤی کورددا، بەدی هێناوە، رەنگە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی هەمە لایەن هەبێ، لێ بەڵێ لە ڕێگای وردبوونەوە لە*

*زمان و فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیات و سیاسەت و کاری ئیداری کورد و ستروکتوری کەسایەتی دەرەو و ناوەراست و ناوەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان، روون دەبێتەوە کە لە گەڵ بەکار هێنانی هەموو مێتۆدەکانی تری تواندنەوە لە وانە ئەنفال و باقی کۆمەڵکوژییەکان، تلەوزیۆنیش سەرکەوتوو بووە لە پێشخستنی بە ئەنفالکردنی زمان و فەرهەنگ و هونەر و ئایین و بەشەکانی تری کەسایەتی کورد. __ئەنفالی فکری و فەرهەنگی و زمانی و نەتەوەیی کورد هەر ئێستاش لە رێگای تلەوزیۆنەکانی عەرەبی و بگرە کوردییەوە بەردەوامە!__*

لێرەش ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە لە ماوەی 50 ساڵی رابوردودا کە عێراق خاوەنی رادۆ و پاشان تلەوزیۆن بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی بووە، کەسانێک توانیان لە سەر بنەمای کەسایەتی خۆیان ، لە رێگای بەرنامەکانیانەوە رێگای هونەری و فەرهەنگی کوردی بگرنە بەر. لێرەش کۆمەڵێک کەس لە بواری هەمە جۆردا لە چوارچێوەی زانستی و هونەری و تەکنیکی دا پسپوریان پەیدا کرد، بەڵام ئەم پسپۆرانە چیان بەسەر هات روون نییە! __لە ئاکامدا دەور و رۆڵی تلەوزیۆن لە کوردستان و عێراق بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی، ئەنفال و تواندنەوە بووە و ئەوەی بۆ کورد بەجێ ماوە زمان و فەرهەنگ و هونەرێکی بە ناو کوردی ئەنفالکراوە، کە دەبێ لە بنەرەتڕا گۆڕانی بە سەردا بێ.__

**باکوری کوردستان و فاشیسمی مێدیایی**



باکوری کوردستان نە تەنیا وەزعی لە باشور و رۆژهەڵات باشتر نییە بەڵکو لێرە کورد لە هەموو لایەنێکەوە بە تایبەت لە رێگای "تلەوزیۆنی ترک زمانەوە" بەرەو تواندنەوە کێشراوە. مێدیا، سیاسەت،دەوڵەت و ئەرتەش توانیان گۆڕان بە سەر مرۆڤی کورد و وڵاتی کوردستاندا بێنن. لێرە بە تەنیا وڵاتەکە وێران نەکراوە، بەڵکو تاکی کوردیش هەر لە ناوی ناوەوە هەتا رواڵەتی دەرەوەی وێران کراوە.

ترکی عوسمانلی لە رێگای ئایین و فەرهەنگ و خاک و تەنانەت زمانی خەڵکانی ترەوە، کیانی بۆخۆی ساز کرد. "ترکی نوێش" لە رێگای خۆگۆڕین و روو لە رۆژئاوا کردن، توانی ترکیەی ئاتاترکی پێک بینێ و هەموو سامانی مادی و مەعنەوی نەتەوەکانی تر هەڵلوشێت. ئەمرۆش ترکەکان عونسورەکانی ترکی عوسمانلی و ترکی ئاتاترکیان لە یەک گرێداوە و بۆ راگرتنی خۆیان، هەم خۆیان بە "جیهانی ئیسلام"ی رۆژهاڵاتیەوە هەڵواسیوە و هەمیش "جیهانی عیلمانی"رۆژئاوا. لە هەموو دەور و زەمانێکدا کورد یان خادمی دەوڵەتی ئیسلامی ترکان بووە یان لە لایەن ترکانەوە پەرچەقاوەتەوە. لە پاش ئاتاترک سیاسەتی تواندنەوە بە هەموو شێوەیەک پەیرەو کراوە. کوردان خۆشیان لە شارەکان بە گشتی و بە تایبەت خوێندەوەاران بۆ گەیشتن بە پۆست و مەقام و ژیان، خۆیان لە کوردبوون شوردۆتەوە و زمانی دایکیشیان بۆتە ترکی. مێدیا بە تایبەت رادۆ و تلەوزیۆن و سینەما و سەرجەم هونەرەکان، دەوری جیدیان گێڕا بۆ بەترک کردنی مرۆڤی کورد لە باکوری کوردستان.

مێدیا و سیستمی پەروەردە توانیان ستروکتوری ناوەوەی مرۆڤی کورد بە جیدی بگۆڕن. دوو بەشی ستروکتوری ناوەراست و دەرەوەی کورد لە لایەن مرۆڤی کورد خۆیەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەر ئێستاش بەگشتی زمان و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بە تایبەت لە شارەکانی باکوری کوردستان، ترکییە و تەنانەت ئیفادەکردنی خۆیان کە پێیان وایە کوردییە ، ترکاویە. فەرهەنگ، زمان، هونەر،ڕامان وتێڕوانین و داب و رەسمەکانی کۆمەڵایەتی، جل و بەرگ و شێوەی ژیان و تەنانەت ئایینی کوردەکان لەو وڵاتە گۆڕانی بنەرەتی بەسەردا هاتووە.

بیر و فکر و سیاسەتەکانی نیزامی و میدیایی و پەروەردەیی تركەكان لە سەر ئەم بیرە پێک هاتووە کە**"بیر تورک دونیایە دەیر"** واتە یەک ترک هەموو جیهان دەهێنێ. رەگەزی ترک بە بەرزتر دادەندرێ و نەتەوەکانی تر دەسڕدرێنەوە. بیر و فکر و سیاسەتی تواندنەوی نەتەوەکانی تر لەوانە کوردەکان لە ترکیە دەبێ بە شێوەیەکی ناونەتەویی بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. **لایەنەکانی رەگەزپەرەستانە لە لایەک و شێوەکانی بەکارهێندراوی مێدیا لەوانە تلەوزیۆن بۆ گۆڕینی مرۆڤێک و نەتەوەیەک لە ناوەوە کە ببێتە هۆی ئینکاری کەسایەتی ئەو مرۆڤە و ئەو نەتەوەیە، تاوانێکی مرۆڤی مەزنە کە لە لای کورد نابێ بە هاسانی و نۆرماڵ وەرگیرێ.**
سووتاندنی "جولەکە و رۆما و سنتی"یەکان لە لایان نازیەکانەوە بە تاوانی مرۆڤی گەورە ژمێردراوە. جولەکە و رۆما وسنتی بە کاسایەتی خۆیانەوە سووتێندران. بەڵام لە ترکیە کوردەکان کەسایەتیان لێ ئەستێندراوە و کەسایەتی دژ بە خۆیان تێدا دروست کراوە کە بۆ خۆشیان لە وەرگرتنیدا دەوری جیدیان هەبووە.
لە کات و زەمانێکی وادا کوردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان یەکەم تلەوزیۆنی ئاسمانی، بە ناوی مەد تی وی، لە دەرەوەی کوردستان دادەمەزرێنن، کە ئەوە سەرەتای سەردەمێکی نوێی ژیانی مێدیای کوردە! ئەم تلەوزیۆنە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە بەرپەرچی سیاسەت و بەرنامەکانی تواندنەوەی نەتەوەیی لە لایەن دەزگاکانی ترک و عارەب و فارس بداتەوە. ئایا ئەم چاوەڕوانییە هاتە دی؟

## کوردستان

**وەرچەرخان**

چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە لایەن بەدرخانییەکانەوە لە رۆژی(2ی بانەمەڕ) 22ی مانگی ئاوریلی سالی 1898 وەرچەرخانێک بوو بۆ کوردی ئەو سەردەمە، دەست بەکارکردنی "مەد تی وی"ش لە کۆتایی ساڵی 1995 بە هەمان شێوە. جیاوازی ئەم دوو وەرچەرخانە لەوە دایە کە یەکەمیان لە سەر دەستی پێشرەوانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کورد-ەوە، سەری گرت و مەبەست پاراستنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کورد بوو، کە هەرەشەی فەوتانی لێدەکرا. دووهەمیان لە سەر دەستی حیزبێکەوە بوو کە مەبەستەکەی لە چوارچێوەی حیزبەکەدا دیاری کرابوو. هەر دووک روداو بە ناوی کوردەوە تۆمار کراون. یەکەمیان باس لە یەکەمین رۆژنامەی کوردیە کە لە رۆژگارێکی سەخت و دژواردا، ژمارە کەمەکانی بڵاوکراوەتەوە و دووهەمیان باس لە تلەوزیۆنێکە لە رۆژگارێکی پێشکەوتووی سەنعەت و تەکنیک و مێدیادا، کە لە رێگای مانگی دەستکردەوە ،وێنەکانی بردۆتە ناو خەڵک. لێکدانەوە و هەڵسانگاندنی ئەم دوو روداوە لە زۆر لایەنەوە گرینگ و پێویستە کە لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە.
مەد تی وی حیزبەکانی کوردی بەرەو کەڵک وەرگرتن لە مێدیایەک برد، کە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی کورد و تاکەکانی بەرەو گۆڕان دەبرد، گۆڕانێک کە بە هەردووک باری **چاک و خراپی** دا جێگای باسە! مەد تی وی بازنەی تەنگی حیزبەکانی تێکشکاند و جیهانی فکری و سیاسی و فەرهەنگی تاکەکانی ناو حیزب و سیستمی حیزبی، هێنایە سەر شاشەی تلەوزیۆنەکان و بەوەش دەورەیەکی نوێ، لە ژیانی مرۆڤی کورد وەک بینەری تلوزیۆنەکان دەستی پێکرد. ئەوەی ئایا تلەوزیۆنەکان حیزبەکانیان بە شوێن خۆیاندا راکێشا، یان حیزبەکان تلوزیۆنەکە، پرسیارێکە کە وڵامەکەی لە درێژەی بابەتەکەدا دەردەکەوێ. بەڵام ئەوە روونە کە تلەوزیۆن ژیانی پێشووی ناو حیزبەکانی بە تەواوی خستە ژێر کارتێکردنی خۆیەوە. ئەمرۆ ئەو حیزبانەی کە خاوەنی تلەوزیۆن نین ژیانی سیاسیان کەوتۆتە مەترسیەوە.


ڕۆژنامە بۆ حیزبەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەیەکانی سەدەی بیست دەورێکی جیدی لە ژیانی حیزبەکانی ئوروپادا گێڕا و پاشان ڕادۆ و دواتر تلوزیۆن ئەو سیستمەیان کامیلتر کرد، کە لە سەردەمی ئەمرۆدا هیچ حیزبێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئیزنی بە کارهێنانی ڕادۆ و تلوزیۆنیان بۆ مەبەستی حیزبی نییە.

لە کوردستان ڕۆژنامەکانی حیزبی لە سەردەمی خۆیدا لە بازنەیەکی تەسکدا زۆر بە دژواری و بە قەبوڵکردنی مەترسی مەرگ و نەمان بڵاو دەکرانەوە و هەموو کەسیش سەوادی خوێندنەوەی نەبوو. ڕادۆ بە پێچەوانەی ڕۆژنامە توانی پانتایەکی زۆرتر لە شار و گوندەکان داپۆشی و گرفتی نەخوێندەواریش ڕێگر نەبوو لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕادۆ. ئەمرۆ بازاری سیاسی، حیزبەکان هان دەدا بۆ کەڵک وەرگرتن لە تەلەوزیۆن. بەڵام **تلوزیۆن نە ڕۆژنامەیە کە لە ژێرخانێکدا چاپ کرێ و نە ڕادۆی مەوجی کورتە، کە لە پاڵ هەر بنە بەردێک و ناو ئەشکەوتێک و مەقەرێکەوە بە نهێنی بڵاو کرێتەوە.** کارەکانی تەلەوزیۆن بە تایبەت تلوزیۆنی ماهوارەیی دەبێ لە ڕێگای قانوونییەوە ئەنجام بدرێ و خاوەنەکەی پایبەند بە بنەماکانی حقوقی و تیجاری ناونەتەوەیی و نەتەوەیی بێ و هەموو مەرجەکانی بوونی تەلەوزیۆن قەبوڵ بکات. هێچ دەزگایەکی بەخشینی "لیسێنس" نایات هێڵ و فرکانیسی ڕادۆ و تەلەوزیۆن بنێتە ئیختاری حیزبێکەوە! لایەنی مامەڵەکردن لە گەڵ خاوەن لیسێنس دەبێ شیرکەت و ناوەندەکانی باوەڕپێکراو و ڕەسمی، دەوڵەتی یان خسوسی بن. مەسەلەی مادی و کادر و پسپۆڕ و شارەزا و هەبوونی دەزگا و عیمارەت و سەدان کارمەند و کارکەر، مەرجەکانی تری هەڵسووراندنی دەزگایەکی تەلەوزیۆنین، کە ناتوانین لە گەڵ دەزگایەکی پەخشی ڕادۆ بەراوەردی بکەین، کە دەکرا بە سواری ئێسترێک گەرمێن و کوێستانی پێ بکرێ! کام حیزب لە ساڵانی 80 و 90 لە کوردستان دەیانتوانی کارێکی وابکا؟ کام حیزب لە کوردستان دەیتوانی پارەی ملیۆن دۆلار بۆ کارێکی وا تەرخان بکات، کە هیچی ناگەرێتەوە؟ کام حیزب دەیتوانی سەدان کادر و لێزان و پسپۆڕ و هونەرمەند و شارەزا بۆ بەرێوەبردنی تەلەزیۆن پەیدا بکات؟ دەزگایەک کە خێر و شەڕی لە باشترین حاڵەتدا دەیتوانی بەرانبەر بێ؟ تەلەوزیۆن لە زۆر لایەنەوە دەتوانێ خێر و شەڕ، قازانج و زەرەری بۆ حیزب و کۆمەڵگا هەبێ، کام حێزب خۆی لە بەرانبەر خێر و شەڕی ئەو دەزگایەدا ڕادەگرێ؟ ئەوەش کە ئایا حیزبەکان دەرەقەتی ئەو مێدیایە و جیهانی مێدیا و ئاڵوگۆرەکانی دێن، پرسیارێکی گەلێک جیدیە کە ڕەنگە هێندێک لە حیزبەکان دوچاری گێژاوی جیدی بکات،تاقیکردنەوەیەک کە نەسیبی پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕچەشکێنی مێدیای نوێ بوو.

**بنەماڵەی تلەوزیۆنەکانی کوردی**

بێجگە لەو ئیزگە تلەوزیۆنانەی کە لە باشوری کوردستان لە شار و ناوچەکاندا لە لایەن حیزبەکانەوە دامەزرابوون، سێ بنەماڵەی تلەوزیۆنی ماهوارەیی لە لایەن حیزبەکانەوە دامەزراون کە بە مەد تی وی دەست پێدەکا. بنەماڵەی مەد تلەوزیۆنەکانی مەد و جود و مێزۆپۆتامیا و مێدیا و ڕۆژ تی وی دەگرێتەوە، کە ئێستا جگە لە ڕۆژ تی وی و مێزۆپۆتامیا ئەوانی تر نەماون و بوونەتە مێژوو. مەد تی وی و بنەماڵەکەی لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە چێ کرا، کە لە وڵاتی بلژیکەوە بەرنامەکانی بڵاو دەکردەوە. پاش ئەم بنەماڵەیە، تلەوزیۆنی کوردستان لە شاری هەولێر لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستانەوە دامەزرا کە پاشان زاگرۆس تی ویشی لێ زیاد کرا. بنەماڵەی سێهەم کە هێشتا تەک باڵ ماوەتەوە کوردسات ە، کە لە لایەن یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە دامەزراوە و بەرنامەکانی لە شاری سولەیمانییەوە بڵاو

دەکاتەوە. ئەم چوار کانالە بۆ مەبەستی سیاسی هەر کام لەو حیزبانە دامەزراون و زمانی حاڵی ئەو ڕێکخراوانەن.
کوردستان ڕەنگە یەکەم وڵات لە جیهاندا بێ ، کە حیزبەکانی خاوەنی تلەوزیۆن بن و ئەو دەزگایە وەک زمانحاڵی سیاسی و فکری و هونەری و فەرهەنگی خۆیان بەکار بێنن. ئەمرۆ لە هیچ وڵاتێکی جیهان ئێزن نادرێ حیزب و دەزگاگەلی سیاسی و ئایینی و ئیدئۆلۆژیک خاوەنی ئەم دەزگایە بن. دەزگاکانی تلەوزیۆن یان سەر بە دەوڵەتن یان دەزگاگەلی خسوسین، کە ڕەنگە مەیلی سیاسیان بەرەو هێڵێکی سیاسی هەبێ. بەڵام هیچکام لەو دەزگایانە بڵێندگۆی ڕاستەوخۆی لایەنێکی سیاسی، ئایینی و ئیدئۆلۆژیک نین . بەڕێوەبەرایەتی ئەم دەزگایانە چ دەوڵەتی و چ خسوسی بە پێی قانون دەبێ ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی پێکاتەکانی کۆمەڵگا بن و نابێ ببنە مۆنۆپۆلی فکری یان سیاسی و ئیدئۆلۆژیک و ئایینی.
پرۆگرامەکانی ئەم دەزگایانە بە پێی قانوون دەبێ هەموو دەستە و گروپ و تاقمەکان بگرێتەوە و لە خزمەتی سەرجەم چین و توێژەکان دا بێ. ئەوەی هەر کام لەو دزگایانە چەندە ئازادن و سنورەکانیان لە کوێ کۆتایی پێدێت لە ڕێگای قانونی گشتی و قانونی ڕاگەیاندنەوە دیاری کراوە و لەو سنورانەی کە بۆیان دیاری کراوە نابێ دەرچن.
سەرەڕای بوونی قانوون و کۆنترۆڵی قانوونی، مێدیا بە گشتی و تەلەوزیۆن بە تایبەتی، وەک تیجارت بۆتە مۆنۆپۆل و لایەنەکانی سیاسی و ئابوری بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆ وێنە تەلەوزیۆنەکانی ئیتالیا بۆتە مۆنۆپۆلی "بێرت لەسکۆنی" سەرک وەزیرانی ئەو وڵاتە، یان لە ئاڵمان کەسێک بە ناوی "کیرش" بەشێک لە کاناڵەکانی تلەوزیۆنی لە ئیختیار دایە کە دور لە نفوزی سیاسیش نییە. مۆنۆپۆلەکانی مێدیا بە تایبەت تەلەوزیۆن لە ئوروپا و ئامریکا دەوری جیدیان لە هینانە سەرکار و لابردنی لایەنەکانی سیاسی هەبووە و هەیە و لە داهاتووشدا دەبێ.
لە کوردستان تلەوزیۆنەکان زمانحاڵی سەرجەم کۆمەڵگا و چین و توێژەکان و دەستە و تاقمەکان نین. تلەوزیۆنەکان دەوڵەتی و نەتەوەیی نین و دەستەی نەتەوەیی بەڕێوەیان نابن. لە کوردستان تلەوزیۆنی دەوڵەتی و خسوسی بوونیان نییە. هیچ باسێک لەوە نییە کە بازنەی بەڕێوەبەرایەتی تلەوزیۆنەکان بەرینتر لە بازنەی حیزبەکان بێ و ڕەنگدانەوەی پێکاتەکانی فکری و سیاسی و فەرهەنگی و ویژدانی خەڵک و کۆمەڵگا بن.



حیزبەکان  لە ڕێگای تلەوزیۆنەکانیانەوە خەڵک و کۆمەڵگا، هونەر و بیر و هزر و سیاسەت و فەرهەنگ و زمان، بەرەو نەتەوەیی بوون نابەن، بەڵکو بە پێچەوانە بەرەو حیزبی کردن و کەرت کردن و چەند لایەن کردنی دەکێشن.

لە وڵاتێکدا کە هێشتا قانوون، سیستمی ئیدارەکردن، فەرهەنگی نەتەوەیی، "سانترالیسمی سیاسی بڕیاردان" جێ نەکەوتووە، فرەکولتوری و فرە ڕەنگی و پلۆرالیسم لە فکر و سیاسەت و هونەردا ڕەنگی نەداوەتەوە و ژیان بە پێی نۆرم و فۆرمی حیزبەکان دیاری دەکرێ، رابەرایەتی تلەوزیۆنەکانیش بەرینتر لە "بازنەی حیزبی" نابێ.

بنەماڵەی تلەوزیۆنی مەدیش وەک ئەوانی تر بە پەیرەوکردنی سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستان نە تەنیا نەیانتوانی یارمەتی "یەکگرتنی ماڵی کورد"بدەن، بەڵکو بە پێچەوانە لە هەموو بەستێنەکانی سیاسی و فەرهەنگی و هونەرییەوە، وەک لایەنێکی هەموو کێشەکان جیاوازییەکانیان قوڵتر کردەوە و ئاڵۆزیان کێشایە سەرجەم بەشەکانی فەرهەنگی و هونەری و کۆمەڵایەتی کوردستان.

**مەد تی وی، مێدیا تی وی،جود تی وی،مێزۆپۆتامیا تی وی، رۆژتی وی**

سەرجەم ئەم دەزگا تلەوزیۆنانە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان بوون، کە چەند دەزگای تری فەرهەنگی، ئابوری، وەشان و بڵاوکردنەوە، دەیان کۆڕ و کۆمەڵی کۆمەڵایەتی، هەزران ئەندام و بە ملیۆن داهاتی مادی  تیجاری و حیزبی لە پشت بوو.

ئەم ئیمکانە مادی و مەعنەویە بە بەشداری پسپۆڕان، دەیتوانی مزگێنی دەزگایەکی نەتەوەیی بۆ کورد و کوردستانی دابەش کراو بێ. دەیتوانی دەزگایەک بۆ سڕینەوەی ڕەنگ و رووی نیژادپەرەستانە بێ ، کە بە سەر زمان و فەرهەنگ و کەسایەتیمانەوە دیارە. دەیتوانی پەنجەرەیەکی ئاواڵەکراو بێ، کە بە رووی فەرهەنگ و هونەری کوردی دا دەکرێتەوە. مەد تی وی دیتوانی کوردستانێکی تر، کوردێکی تر، مێژوویەکی تر، فەرهەنگێکی تر، جیاواز لەوەی داگیرکەران، نیشان بدا. ئایا چاوەڕوانێکی وا لە دەزگای مەد تی وی لە جێی خۆیدا بوو؟ بۆ وڵام دانەوە بەو پرسیارە پێویستە بە وردی چاوێک بە مێژووی دەساڵەی ئەم دەزگایەدا بخشێنین، کە لە ژێر چەند ناوی جیاوازدا یەک سیاسەت و یەک تێراونین و ئیدئۆلۆژی، فەرهەنگ و زمانی پەیرەو کردوە!

هەروەک پێشتر باسمان لە ناسنامەی دانەرانی تلەوزیۆنەکانی دژ بە کورد کرد، پێویستە ناسنامەی دانەرانی تلەوزیۆنەکانی کورد زمانیش لە سەر هەمان پێوانە روون کەینەوە.

دانەرانی مەد تی وی خۆیان بە مارکسیست، لەنەنیست و کۆمۆنیست دەزانی و مارکس و ئینگلس و مائۆ و ستالینیان بە رابەرانی فکری و ئیدئۆلۆژی خۆیان دادەنا و هیوایان رزگارکردنی کرێکارانی جیهان لەوانە کرێکارانی کوردستان بوو، کە حیزبەکەشیان هەر ئەو ناوەی لە سەر داندرابوو.

هەموو بیر وبۆچوونەکانی سەران و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەش دەرژایە ناو زمانی ترکیەوە نە زمانی کوردی. رووی دەمی سەرجەم حیزبەکەش لە کوردەکانی باکوری کوردستان بوو، کە ئەوانیش دەبوو بە زمانی ترکی هەم خۆیان ئیفادە بکەن و هەم پەیام و رێنمونییەکانی حیزبەکەیان وەربگرن. ئەوەی مێژووی ئەم حیزبە و رابوردوی چۆن بووە و سیاسەتی بە چ شێوەگەلێک لە ترکیا و کوردستان و ئوروپا بەرێوە بردووە، باسی ئەم نووسراوەیە نییە. بەڵام گرینگە بزانین کە سیاسەت و بیر وبۆچوونی ئەم حیزبە لە سەر بنەمای فکری جیهانی بوون و ترکیەیی بوون و یەکیەتی کرێکارانی تورکیا و جیهان و بەرژەوندییەکانیان

دارێژرا بوو، کە بەرژەوندی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستانەی کوردی نەدەگرتەوە. لە باشترین حاڵەتدا بەرژەوندی نەتەوییی وەک پاژگەڵی مافەکانی دێموکراتیک سەیر دەکرا، کە بێ بەری لە قەوارەی سیاسی سەربەخۆ لە سەر "بوونی نەتەویی" بوو. قەووارەی نەتەوەیی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان، وڵاتی ترکیە بوو، نە وڵاتی داگیرکراوی کوردستان.
زمانی رەسمی رێکخراوەکە ترکی بووە و بیرکردنەو و سیاسەتیشیان هەر بە ترکی بووە. بنەما و "ستروکتوری ناوەوەی" تاکەکان و ئەندامانی حیزبی کرێکارانی کوردستان، <u>خۆی لە فکری ترکی-ئینترناسیۆنالیستی، زمان ترکی و تاقیکردنەوەکانی ژیان لە ناو فەرهەنگ و سیستمی ترکیەدا دەردەخست</u>، کە ئەویش لە یەکەم رۆژی چوونە خوێندنگەوە شکڵی دەگرت. دورکەوتنەوە لەو کەسایەتیە پرۆسەیەکی دورودرێژی زاوزێ ئاسای گەرەکە. **گەیشتن بە کەسایەتییەکی کوردی دور لە بازنەی ترکی- ئینترناسیۆنالیستی، ستراتێژی سەرەکی تلەوزیۆنەکانی بنەماڵەی مەد نەبوو!** ستروکتوری ناوەراست و دەرەوی رابەران و کادرەکانی ئەم حیزبە بە تەواوی ترکی بووە و ئێستاش هەر وا ماوتەوە.
کەسایەتی بەشی هەر زۆری لایەنگران و پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە گوند و بازێرە بچوکەکانی کوردستان ژیاون، بە پێچەوانەی رابەران وکادەرکانی مەدرەسە و زانستگا دیتوو، کەسایەتیان جیاواز بووە. ئەوان کەسایەتیان لە سێ بازنەی دەروونی و ناوەراست و دەرەوە پێک هاتووە، کە دورە لە کەسایەتی ترکەکان بووە. ئەم کەسایەتیە ئەگەر لە بازنەی ناوەراست و دەروەیدا لە ژێرکارتێکردنی سیستمی ترکیش دا بووبێت، لە ناوەوە کورد ماوەتەوە. دوو عونسری سەرەکی ئەو کەسایەتیە، خۆی لە کوردی بیرکردنەوە و کوردی قسەکردن و هەڵس و کەوتی کوردانەی ژیانی رۆژانەدا دەردەخات. ئەم دەستەیە لە مەد تی ویدا خاوەن ڕا و دەستەڵات نەبوون!
بەرپرسان و کادەرەکان و هەڵسورێنەرانی تلەوزیۆنەکە لە بازنەی ترکی بیرکردنەوە و ترکی قسەکردن و بە ترکی پرۆگرام چێکردندا، بوون و بینەران و کۆمەڵێکی زۆر لە گۆرانی بێژان و هەڵپەرکێ وان و دەنگبێژان و بەشدارانی بەرنامەکان، لە بازنەی کوردی بیرکردنەوە و کوردی بێژیدا دەسوڕانەوە.
**هەر بۆیە هەر لە سەرەتاوە تلەوزیۆنی مەد رەنگدانەوەی کەسایەتی ئاسیمیلە کراوی کۆمەڵگای باکوری وڵات لە لایەک و کەسایەتی زۆربەی خەڵکی کورد لە لایەکی دیکە بوو!**
عونسوری ترکی بەرێوەبەران و بەرنامەسازان و عونسوری کوردی زۆربەی بینەران و هونەرمەندانی کلاسیکی بەشدار لە بەرنامەکان، هەر لە سەرەتاوە دژ بە یەک بوون. ئەم دژایەتیە لە پرۆسەیەکدا بوو بە هۆی دورکەوتنەوی بینەران و دورکەوتنەوەی بەرنامەسازانی لێزان و هونەرمەندانی کورد لە مەد تی وی.

**رابەرایەتی مەد تی وی**

بەرپرسانی مەد تی وی، کادرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوون کە لە ژێرچاوەدێری راستەوخۆی بەرپرسانەی یەکەمی حیزبەکەدا ئیشیان دەکرد. ئەو کەسانە بۆ ماوەی سێ هەتا 6 مانگ ئەرکی بەرێوەبردنی ئیداری و سیاسی و فەرهەنگی وهونەری تلەوزیۆنەکەیان پێدسپێردرا و پاشان جێگایان بۆ کەس و کەسانی تر چۆل دەکرد. ئەم کەسانە پێشمەرگەکانی جێگای باوەڕی حیزب بوون کە ئەم ئەرکەیان پێدەسپێردرا و بەرپرسیارەتیشیان هیچ پێوەندی بە پیشەیانەوە نەبوو. ئەو کەسانە بە وتەی خۆیان پێشمەرگەی پارتی بوون و هیچ زانیاری و ئاگاداری و پسپۆرییەکیشیان لە بواری مێدیا و تلەوزیۆندا نەبوو. ئەو کەسانە ئەرکی بەرێوەبردنی

دەزگاکەیان لە لایەن حیزبەوە پێ دەسپێردرا. کەسانی بەرێوەبەر جیاواز بوون، کەسانێک لەوان خۆیان بە هونەرمەند دەزانی و خۆیان گوتەنی ئەندامی چالاکی "ئاکادمی هونەر"بوون. ئەم ئاکادمیە کە زۆرتر لە مەقەری حیزبێکی کوردی لە کوردستان دەچوو، ناوەندەکەی لە شاری نویس لە نێوان دوو شاری کۆڵن و دوسلدۆرفی ئاڵمان بوو.
لە سەرەتا کۆمەڵێکی زۆر لێزان و پسپۆڕ لە بواری سیاسی و مێدیا و رۆژنامەوانی و زانست و هونەر و فەرهەنگ و رادۆ و تلەوزیۆن لە هەر چوارپارچەی کوردستان، نیشتەجێ لە وڵاتانی ئورپایی و کانەدا، بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ ئەم تلەوزیۆنە، خۆیان گەیاندە بلژیک و ئاڵمان. بەڵام زۆر زوو بەشێک لەوانە بۆیان دەرکەوت کە بیر و سیاسەتی جیدی ئەم دەزگایە لە خزمەتی بۆچوونەکان و بەرژەوندییەکانی حیزبی دایە و نۆرمەکانی باو لە بواری تلەوزیۆن و فەرهەنگ و هورنەر، لە بەرچاو ناگیرێ. ئەو کەسانە کە قورسایی جیدی زانستی و بەرێوەبردن و فەرهەنگیان هەبوو، زۆر زوو تاراندران و دورخرانەوە. لە جێگای ئەو کەسانە مرۆڤی دور لە پیشەی رۆژنامەوانی و هونەری و فەرهەنگی و مێدیا، بە ناوی لێزان و هونەرمەند و بەرنامەساز داندران کە زیانی مادی و مەعنەویان بە دەزگاکە و کورد گەیاند. ئەو کەسانە دیاریان دەکرد کێ لە گەڵیان کار بکات و کێ کار نەکات، تەنانەت لە سەر هەر کەسێک دەکەوتنە پرس وجۆکردن. بۆ وەرگرتنی هەر کەسێک مەرجی جیدی هەبوو، ئەو کەس یان کەسانە دەبوو خۆیان لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا ببینەوە. ئەم مەرجە تەنانەت بەشداران و میوانانی بەرنامەکانیشی دەگرتەوە. جگە لەوە بەرێوەبەرانی مەد تی وی توانیان بەشێکی زۆر لە کەسانی سیاسی و فەرهەنگی و هونەری و زانستی کورد، بکێشنە بەر کامێراکانی تلەوزیۆن بۆ مەبەستی پروپاگەندە. ئەم کارەیان سیمای گشتی تلەوزیۆنەکەی لە لای بینەرانی کورد جوانتر کرد. ئەم کەسانە زۆرتر وەک تابلۆی پروپاگەندە کەڵکیان لێ وەرگیرا.
مەد تی وی کارمەندی رەسمی نەبوو. ئەو کەسانەی کە لەوێ کاریان دەکرد دوو دەستە بوون، بەشێک کە لە دەزگاکە کاری حیزبیان دەکرد و پێشمەرگەی حیزب بوون، بەشەکەی تر ئەو کەسانە بوون کە راستەوخۆ ئەندامی پارتی نەبوون. ئەو کەسانە کە لە بەشەکانی تەکنیکی و بەرنامە دروستکردن و پێشکەشکردندا کاریان دەکرد، لە مانگدا 300 مارکی ئاڵمانیان بۆ دیاری کرابوو. هێندێک لەو کەسانە ئەوەشیان نەدەدرایە، لە بەر ئەوەی لە لایەن ئیدارەی سوسیال و ئیدارەی کاری شوێنی ژیانیانەوە پارەی سوسیال و بێکاریان وەردەگرت. رابەری تلەوزیۆنەکانی مەد و جود و مێزۆپۆتامیا و مەدیا و رۆژ هەر لە سەر ئەم بەیس و بنەمایە ئەم دەزگایەیان بەرێوە بردووە.

**گرفتەکانی دەزگای مەد تی وی و بنەماڵەکەی**

دەزگای مەد تی وی لە لایەنی سیاسی و راگەیاندن و نەتەوەییەوە هەنگاوێکی تازە بوو کە لە یەکەم رۆژەوە لە گەڵ دوژمنایەتی دەوڵەتی ترکیە روبەروو بوو. ترکیە و هێندێک لە وڵاتانی ئوروپی وەک ئاڵمان هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم مێدیایەوە لە کۆتایی ساڵی 1995 و سەرەتای ساڵی 1996 ەوە حەولی داخستنی ئەم دەزگایەیان دەدا. لە لایەکی تر بەرێوەنەرانی تلەوزیۆنەکە نۆرمەکانی دیاری کراوی قانونی مێدیا لە ئوروپایان لە بەرچاو نەدەگرت و کێشەی قانوونیان بۆ خۆیان دروست دەکرد. دەزگای مەد تی وی وەک هەر دەزگایەکی تری بلژیک دەبوو هەم لە باری ناوەرۆکی بەرنامەکان و هەم داهات و خەرج و هەم چۆنییەتی کاری کارمەندان و کارکەرانی و هەم پەیرەوکردنی قانونی مێدیا حیسابی لەگەڵدا بکرێ. بایخ نەدان بەم نۆرمانە لە لایەک و بە حیزبی کردنی دەزگاکە و فشاری سیاسی و دیپلۆماسی وڵاتانی تر، بووە هۆی ئەوەی چەند جار ئەم دەزگایە دابخرێ و زیانی مادی چەند ملیۆنی بکەوێتە ئەستۆی

ڕێکخراوەکە. لە ماوەی دەساڵ دا گیروگرفتی قانونی وای کرد کە ئەم دەزگایە چەند جار ناوی بگۆردرێ و قەراردادی تازە لە گەڵ شیرکەتەکانی پەخش ببەستێ وهەر جارێکیش زیانی مادی بگەیێنێتە خۆی.

گرفتێکی تر کە تا ئێستاش هەر ماوە ئیدارەکردنی دەزگاکەیە کە گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە. بەرنامەکانی ئەم دەزگایەش تەمەنیان کورت بووە و دور لە پسپۆڕی سازکراون. کادر و کارکەرانی تلەوزیۆنەکەش تەمەنیان کورت بووە و ئەو تاقیکردنەوانەش کە بە دەستیان هێنا، لە گەڵ خۆیان بردیان. چۆنیەتی بەرنامەکان هەڵنەکشان و لە ماوەی دەساڵدا لە لایەن کەسانی ترەوە دووبارە کرانەوە، بێ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکانی کەسانی پێشوو سوود ورگیرێ. ڕەنگە تەنیا گرفتێک کە ئەم بنەماڵەیە نەیبوو، گرفتی ماڵی بێ، دەنا گرفتی سیاسی و فەرهەنگی و بەڕێوەبردن و بەرنامەڕێژی و بەرنامە سازکردن وەک خۆی مایەوە.

**لایەنی سیاسی بنەماڵەی مەد تی وی**

ئەم دەزگایە لە هیچ کات و زەمانێکدا لە سیاسەتی ڕابەری یەکەمی حیزبەکە، لای نەدا و سەرە ڕای چەند بەرەکی و جیابوونەوەکانی ناو حیزبەکەش، وەک زمانی حاڵی عەبدوڵا ئوجەلان مایەوە. لە گەڵ گۆڕینی سیاسەت و ستراتێژی عەبدوڵا ئوجەلان و حیزبی کریکارانی کوردستان ، تلەوزیۆنەکەش ئانتێنی سیاستەکەی گۆڕدرا.

ئەم دەزگایە لە شەڕو پێکدادانەکانی سیاسی و نیزامی کە لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و باقی هێزەکانی باکور و باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان رووی دا، لایەنێکی شەڕەکە بوو. لە ڕێگای تلەوزیۆنەوە شەڕەکە بۆ ناو ماڵە کوردەکان لە هەموو کوردستان گوێسترایەوە. بنەماڵەی مەد تی وی هیچکات لە لایەنی سیاسیەوە نەبوو بە زمانی حاڵی نەتەوەی کورد، بەڵکو وەک زمانی حاڵی حیزبێک و تاکە کەسەکانی حیزبەکە مایەوە. ئەم دەزگایە نەبوو بە تریبوونی هەمەرەنگی سیاسی لایەنەکانی جیاوزی سیاسی باکور و بەشەکانی تری کوردستان. بنەماڵەی مەد تی وی لە دە ساڵی رابوردودا رووی رەخنە و لێکۆلینەوەی نەکردە پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی، بە پێچەوانە دووبەرەکی و جیاوازی لە ناو پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕێگای ئەم بنەماڵەوە قوڵتر کرایەوە. ئەو کەسانەی کە لە حیزبەکە جیابوونەوە کەوتنە بەر هێرشی سیاسی و پروپاگەندەی تلەوزیۆنەکەش.

رووی دەرەوی سیاسی بنەماڵەی مەد تی وی پەیوەست بوو بە سیاسەتی حیزبەکە و سکرتێرەکەی. پێوەندییەکانی سیاسی لە گەڵ ئێران و عێراق و سوریا دیاریان دەکرد کە کارمەندان و بەڕێوەبەرانی بنەماڵەی مەد تی وی چۆن هەڵس و کەوت لە گەڵ دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق و سوریا و بەشەکانی تری کوردستان و حیزبەکان و ڕوداوەکانی بکەن.

دیپلۆماسی نەبووی پارتی کرێکارانی کوردستان دیاری دەکرد کە تلەوزیۆنەکە چۆن لە گەڵ وڵاتانی ئوروپی و هێزەکانی سیاسیان هەڵس و کەوت بکا. پارتی کرێکارانی کوردستان  لە ئوروپا سەرەتا پێوەندی لە گەڵ هێزە توندرەو و ئانارشیستەکانی چەپ بەهێز بوو، دواتر لە ڕێگای ئەندامان و لایەنگرایانەوە، کە بوون بە ئەندامان و هەڵسوڕاوانی حیزبەکانی سەوز و چەپەکان، رووی سیاسیان گۆڕانی بەسەردا هات و تلەوزیۆنەکەش هەمان سیاسەتی پەیرەو دەکرد. جگە لەوە دروستکردنی پارلەمانی دەرەوەی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی و دام و دەزگاکانی تر، ئیمکانی ئەوەیان رەخساند کە سیاسەتی نەرمتر پەیرەو بکەن و پێوەندی مەعقوڵانەتر لە گەڵ دام و دەزگاکانی سیاسی و ئیداری ئوروپی پێک بێنن، ئەوەش رەنگی لە تلەوزیۆنەکە دایەوە و ڕێگای هەموارتر کرد بۆ کاری بەردەوام و بێ گرێ و گۆڵی قانونی. هەرچەند لەم بوارەدا دەستکەوت هەبوو بەڵام لە لایەنی کوردستانی و ئالی سیاسییەوە تلەوزیۆنەکە لە بازنەیەکی

تەسکی سیاسی حیزبیدا مایەوە. لە سەرەتای دەستپێکردنی مەد تی وی حەول درا کۆمەڵێک حیزبی سیاسی و ئاییني و دام و دەزگای کولتوری کە هەموویان لە ژێر کارتێکردنی راستەوخۆی پارتی کرێکارانی کورستان دا بوون، بکێشرینە ناو بازنەی تلەوزیۆنەکە و وای نیشان بدەن کە دەزگایەکی هەمەرەنگ و پلۆراڵی سیاسییە، کە ئەویش لە پرۆسەیەکدا سەری نەگرت و بێ ئاکام مایەوە.
بنەماڵەی مەد تی وی لە لایەنی سیاسیەوە هیچ کات نەبووە مێدیایەکی نەتەوەیی و کوردستانی و هەنگاو بە هەنگاو بازنەی کارتێکردنی لە چوارچێوەی حیزبەکەدا تەنگتر بووە. جیاوازی بنەماڵەی مەد تی وی لە گەڵ رادۆ و رۆژنامەی حیزبی تەنیا لە چەشنی مێدیاکەدا بوو، ئەو مێدیایە بوو بە هۆی گۆڕان لە ناو حیزبەکەدا و بازنەی تەسک و تەنگی حیزبی و ژیانی حیزبی و تاکەکەسەکانی لە زۆر لایەنەوە دوچاری گۆڕان کرد، گۆرانێک کە هەم زیان و قازانجی کەسەکانی تێدا بوو هەم حیزبەکە. بەڵام لە لایەنی سیاسیەوە تەلەوزیۆن بۆ خزمەتی ستراتێژی کوردستانی بەکار نەهێندرا. یەکێک لە هۆیەکانی نوشست هێنانی ستراتێژی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکوری کوردستان و کارتێکردنی لە بەشەکانی تر کوردستان، دەگەرێتەوە بۆ بەکارهێنانی نابەجێی ئەو مێدیایە!

**زمان و فەرهەنگ**

لە بنەماڵەی مەد تی وی دا زمانی کوردی تەنیا لە بەشێک لە بەرنامەکاندا بەکار دەهێندرا. لە پاڵ زمانی کوردی، زمانگەلی ترکی و عارەبی و ئاشوری بەکار هێندراوە و لەم دووایەنەشدا لە تلەوزیۆنی رۆژ زمانی فارسی زیاد کراوە. زمانی رەسمی کارمەندان و کارکەرانی تەلەوەزیۆنەکە و هەموو دەزگاکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، زمانی ترکی بووە و لە ئاخاڤتنەکانیاندا ئەو زمانە بەکار دەهێنن، تەنانەت کارکەرانی کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش لە ناچاری خۆیان فێری زمانی ترکی کردبوو.
ئەوەی زمانی کوردی بنەماڵەی مەد تی وی و وێژەران و بەرنامە نووسان و پێشکەشکەرانی بەرنامەکان، چ چەشنە زمانێکە ،دەمێنێتەوە کە پسپۆڕانی زمانی کوردی باسی لە سەر بکەن. بەڵام ئەوەی روونە بەشێکی زۆری نووسەران و چێکەران و پێشکەشکەرانی بەرنامەکان، یان کوردیان نەدەزانی و یان کوردییەکی سەقەت قسەیان دەکرد. ئەوە دوو گرفتی سەرەکی نیشان دەدا، یەکەم ئەو کەسانە بە ترکی بیریان دەکردەوە و دووهەم هەمان بیر لە سەر بنەمای زمانی ترکی دەخرا ناو وشەی زمانی کوردییەوە، کە لە بنەرەتا دوو زمانی جیاوازی سەر بە دوو بنەماڵەی زمانی لە یەک دوورن. وێژەری هێندیک لە بەرنامەکان لە ژیانی رۆژانەیاندا یەک وشەی کوردیان بە کارنەدەهێنا و بە کوردی قسەیان نەدەکرد، بەڵام دەچوونە بەر کامێرا و دەبوونە پێشکەشکەری بەرنامە بە زمانی کوردی! بەشی زۆری بەرنامەکان بە شێوەی راستەوخۆ بڵاودەکرانەوە و ئەو ئیمکانە نەدەرەخسا کە وێژەران یان بەرنامەسازەکان خۆیان بە نووسینی زمانی کوردییەوە خەریک بکەن. لە ئێرانی سەردەمی محەمەد رەزا شا، بۆ وێرانکردنی زمانی کوردی، تێکستی فارسیان لە بەر دەستی وێژەرانی بەرنامەکانی کوردی دادەنا هەتا بە زمانی کوردی بیخوێنەوە. لە بنەماڵەی مەد تی وی، کوردی کوردی نەزانی ترکی بێژ، بەرنامەیان پێشکەش دەکرد و پێشکەش دەکەن. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە لە ئوروپا زیاتر لە چل وێژەری کوردی رادۆکانی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەژیان و دەیان کوردی زان و پسپۆڕی زمانی کوردی و مامۆستای زمانی کوردی خەڵکی باکوری کوردستان لە زانستگاکان، خەریکی زمانی کوردی بوون، کە هیچ کامیان دەرفەتی کاریان لەم تلەوزیۆن بۆ نەرەخسا. لە ماوەی دەساڵی رابوردودا زمانی کوردی لە تلەوزیۆنی بنەماڵەی مەد تی وی وەک زمانی تاکەکەسەکان لە

تلـەوزیۆنـەکـەدا مایـەوە و تـەنـانـەت نـەبوو بـە زمـانـی ئـاخـاڤتـنـی کـارکـەرانـی تلـەوزیۆن، چ بگا بـە زمانـی تلـەوزیۆنـەکە.

**بەرنامەکانی بنەماڵەی مەد تی وی**

مێژووی دەساڵەی چێکردنـی بـەرنـامـە لـەم بنـەماڵـە تلـەوزیۆنییـەدا گـەڵێک جیاواز مایـەوە. بـەشێکی زۆری سـەعاتـەکانـی تلـەوزیۆن بـە دەنگ و باس و پانێلی سیاسی و بۆنـەکانی حیزبی بـە زمانـەکانـی کوردی و ترکی و عارەبی و ئاشوری پڕ دەکرایەوە. گۆرانـی و کلیپ و بـەرنـامـەی گۆرانـی داواکراو ،کۆنسێرتی گۆرانـی بێژان و بانگهێشتن کردنی گۆرانـی بێژان و بـەرنـامـەی راستـەوخۆ بـە زمانـەکانـی کوردی(سۆرانـی و کرمانجی و زازاکی) و ترکی، بـەشێکی تری پرۆگرامـەکان بوون.
لـە چـەند دەورەدا کۆمـەڵێک رۆژنامـەوانی شارەزا بـەرنـامـەی رپۆرتاژی سیاسی و فـەرهـەنگی ومێژوویی و هونـەریان ئامادە و پێشکـەش دەکرد کە هیچیان نـەمان. کۆمـەڵێک هـەوڵی پڕ لـە زەحمـەتی کـەم بایخی هونـەری درا بۆ چێکردنـی کاری درامی لـە شێوەی سریاڵ و سێری کە هێچی ئاکامی نـەدا و درێژەی نـەکێشا. کۆمـەڵێک هـەوڵ درا بۆ جێکردنـەوەی شانۆ لـە تلـەوزیۆن کە ناکام مایـەوە. کۆمـەڵێک حـەول درا بۆ کاری زانستی و باسی هـەمـەلایـەنی مێژوویی و زانستی و بڵاوکردنـەوەی زانیاری کە هـەمووی شکستی هێنا. بـەرنـامـەی منداڵان وەک بـەشێک هـەر لـە سـەرەتاوە تا ئێستا درێژەی پـەیدا کردووە، کە لـە باری هونـەری و پێداگۆگی منداڵان و لایـەنـی فـەرهـەنگی و هونـەرییـەوە نزم و دواکـەتوو ماوەتـەوە. لـەم بـەشـەدا کاری دوبلـەی کارتۆن کارێکی بـەردوام بووە کە مێژوویـەکی دەساڵە و تاقیکردنـەوەی پێک هێناوە کە لێرەش کارەکە دور لـە پسپۆڕی ماوەتـەوە. هـەر لـەم بـەشـەدا کۆمـەڵێک فیلمی سینـەمایی و سریاڵی کۆنـی ئوروپای شـەرقی و ترکی و ولاتانـی تر دوبلـە کراوان کە بۆ باکوری کوردستان کارگـەڵێکی نوێ بوون. دیسان کۆمـەڵێک فیلمی سروشتی بـەرهـەمی کاناڵـەکانی تلـەوزیۆنـی ئوروپا، وەرگـەرێندراونـەتە سەر زمانـی کوردی کە لـە زۆربـەی بـەشـەکانیدا لـە لایـەنـی زمان و دوبلاژ شارەزایی بـەرچاوە. هـەروەها زنجیرەیـەک بـەرنـامـە لـە سـەر نـەقاشی و پـەیکـەرسازی لـە شێوەی بـەرنـامـەی سـەربـەخۆدا بڵاوکراونـەتـەوە کە سـەرجـەم پسپۆڕی تیدا بـەرچاو بووە. کۆمـەڵێک بـەرنـامـەی پزیشکی بـە شێوەی راستـەوخۆ بڵاوکرانـەوتـەوە کە بـەشێکیان هـەم لـە پێشکـەشکردن و هـەم لـە باسکردنـی بابـەتـەکاندا وەستایانـە بوون. کۆمـەلێک بـەرنـامـەی هونـەری و ئـەدەبی لـە چـەند دەورەدا لـە لایـەن کـەسانـی جیاوازەوە ئامادە و پێشکـەش کراون کە بـەشێکیان کاری پسپۆڕانـە بوون.
بنـەماڵـەی مەد تی وی لـە بـەشی هونـەری و فـەرهـەنگی و بـەرنـامـەسازیدا هـەر وەک خۆی ماوەتـەوە و تێپـەڕبوونـی دەساڵ ئـەوە نیشان نادا کە شارەزایی و پسپۆڕی جێگای کاری ناپسپۆڕانـەی گرتبێتـەوە. ئێستا کە ئـەم بنـەماڵـەیە لـە دەهـەمین ساڵی ژیانـی خۆی نزیک دەبێتـەوە ،کۆمـەڵێک گرفتی سیاسی و ناسیاسی بـەرۆکی گرتووە و چارەنووسـەکەی گرێدراوی ئاڵۆزییـەکانـی ناو دەستـەکانـی حیزبی کرێکارانـی کوردستانـە. تاقیکردنـەوەی ئـەم بنـەماڵـە تلـەوزیۆنییـە ئامانجـەکانـی نـەتـەوەیی نـەپێکا و لـە چوراچێوەی ئامانجـەکانـی حیزبی شدا شکستی هێنا و دەوری لـە تێکشان و چـەند کوت کردنـی حیزبی کرێکارانـی کوردستاندا گێڕا و بـە هـەمان نیسبـەت خزمـەتی چـەند بـەرەکی ناو کۆمـەڵگای باکوری کوردستان و بـەشـەکانـی تری کوردستانـی کرد.

**کوردستان تی وی و زاگرۆس تی وی**

ئـەم دوو دەزگا تلـەوزیۆنـی یـە، هـەرچـەند لـە دوو دەورە و زەمانـی جیاوازدا دامـەزراون، بـەڵام هـەرکیان سـەر بـە یـەک دەزگای حیزبین، هـەر بۆیـە وەک یـەک پرۆژە لـە دوو جـەستـەدا باسیان دەکرێ.

کوردستان تی وی بە پێچەوانەی مەد تی وی لە ناوەوەی کوردستان و لە شاری هەولێرەوە بەرنامەکانی دەگەێنێتە ئانتێنەکانی تلەوزیۆن. کوردستان تی وی هەرچەند بە ناوی تلەوزیۆنی کوردستان ناودێر کراوە، بەڵام زمانی حاڵی پارتی دێموکراتی کوردستان، وەک خۆیان دەڵێن "کوردستانی عێراق"ە. بنەمای فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرپرسان و هەڵسورینەران و بەرنامەرێژان و کارمەندانی کوردستان تی وی، هەمان بنەمایە کە پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق هەیەتی. لێرەش وەک بنەماڵەی مەد تی وی روبەروی بنەماڵەیەکی مێدیایی حیزبین، کە دیاریکەری کار و بەرنامەکانی تلەوزیۆنەکەیە. لێرەش بە ناوی کوردستان قسە دەکردرێ، بەڵام سیاسەت و جیهانی بینی حیزبی لە بەرنامەکان دەچۆرێتەوە . بەرنامە سیاسیەکانی تلەوزیۆنەکە لە بازنەی بیری سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق دەرناچێ و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی پارتی لە تلەوزیۆنەکە رەنگ دەداتەوە و کوردستان چ باشور و چ بەشەکانی تر، لە هەمان روانگەوە دەبیندرێ. تلەوزیۆنەکە هەمان سنوری سیاسی هەیە کە پارتی دێموکراتی کوردستان هەیەتی و هەمان دیتن دەردەخات کە پارتی پەیروەی دەکات. ئەمەش تلەوزیۆنەکە لە بازنەی سیاسی تلەوزیۆنێکی کوردستانی دەردەخات و لە بازنەیەکی سیاسی تەنگی حیزبی دا کە تەنانەت هەموو باشوریش ناگرێتەوە قەتیس دەهێڵێتەوە. لە سیاسەتی تلەوزیۆنەکەدا ئەو شتانە گرینگن کە پەیوندیان بە ژیانی سیاسی پارتی و سەرجەم حیزبەکە و ئیدارەی دەوڵەتی ژێردەستەڵاتی پارتییەوە هەیە. گرینگترین هەواڵەکان و روداوەکانی تلەوزیۆنەکە هەمان هەواڵ و روداون کە بۆ پارتی و سەرکردایەتیەکەی گرینگن. هەر ئێستا کۆتایی مانگی نوامبری ساڵی 2005 گرینگترین هەواڵەکان و روداوەکان کە لە دوو تلەوزیۆنی کوردستان تی وی و زاگرۆس بڵاودەکرینەوە, ئەو هەواڵ و روداوانەن کە پێوەندیان بە سەرۆکی کوردستان و حیزب و ئیدارەی دەوڵەتی هەولێرەوە هەیە.

لە هەموو دانیشتنە سیاسیەکان و پانێل و گفت وگۆی تلەوزیۆنی و شۆوی سیاسی بە بەشداری کەسان، خەت و رەبتی سیاسی پارتی و بەرپرسانی حیزبی و ئیداری و دەوڵەتی ئەو حیزبەیە کە دەزگاکە بڵاوی دەکاتەوە. ناحیزبیەکانی بەشدار لەم بەرنامانەش لەو بازنە سیاسیە دەرناچن. هەرچەند جیاوازی سیاسی و شێوەی کار و بیرکردنەوە لە نێوان کاناڵەکانی تلەوزیۆنی دوو بنەماڵەی مەد تی وی و کوردستان تی وی دا هەیە، بەڵام لە بەکارهێنانی دەزگاکانی تلەوزیۆن بۆ حیزبەکان، لە نەهایەتدا وەک یەکن. هەروەها لە لایەنی سیاسیەوە بنەماڵەی کوردستان تی وی وەک بنەماڵەی مەد تی وی، کاناڵگەلێکی لایەنگر بوون و ناحەزی سیاسی پارتی، ناحەزی تلەوزیۆنەکەش بوون و هەن. بە تایبەت لە هەموو ئەو کاتانە کە پارتی دێموکراتی کوردستان گرژی و نێوان ناخۆشی لە تەک هێزەکانی باشور و بەشەکانی تری کوردستان هەبووبێت، کوردستان تی ویش هەمان هەڵوێستی دوبارە کردۆتەوە. هەر ئێستاش گرژی ئیداری و سیاسی پارتی و یەکیەتی رەنگدانەوەی لە تلەوزیۆنەکاندا هەیە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە مێدیای حیزبی، کۆمەڵگا بەرەو بەرژەوندییەکانی خۆی دەبا و لەو رێگایەوە خەڵک، واتە بینەران دابەش دەکا و تێکەڵ ئەو کێشە و مەسەلانەی دەکات کە کێشەی حیزبین. یانی سەرجەم ئینرژی خەڵک نە بۆ بەرژەوندی خەڵک و نیشتمان بەڵکو بۆ بەرژەوەندی حیزبەکان بەکار دەهێندرێن. تلەوزیۆن ئەو ئەرکە بەناوی کاری رۆشنبیری و رۆژنامەوانی و فەرهەنگی بە ئەنجام دەگەێنێ کە ئەوەش دور لە راستی یە. نەبزی سیاسی دوو کاناڵی ئاسمانی کوردستان تی وی و زاگرۆس لە گەڵ حیزبەکەیاندا لێدەدا و بەم جۆرە زیانێکی گەورە هەم لە نەفسی مەدیا دەکەویت و هەم لە کاری مێدیایی و هەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە مەدیاکەدا کار دەکەن و هەمیش لە حیزبەکە خۆی. مانەوەی ئەو دەزگایانە لە چوارچێوەی فکر و بەرنامەی حیزبیدا بە مانای دۆڕاندنی بینەران تەنانەت بینەری حیزبییە! سەرجەم ئەو دوو مەدیایە کۆمەڵگا لە چەند لایەنی سیاسی و

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەسایەتیەوە دوچاری گرفت دەکەن و ئەو کەسانەی کە لە ژێر مەدیای وەهادا گەورە و پەروردە دەکرین لە نۆرمەکانی سالمی بە یەکەوە ژیان بەهرەمەند نابن. بە کورتی لایەنی سیاسی تلەوزیۆنەکان ئەگەر زۆر باشیش بن، سەرئەنجام لە باشترین حاڵەتدا خەڵک بە روحیەی حیزبی، پەروردە دەکەن کە لە کاتی ناسکدا دەتوانێ کارەسات بۆ وڵاتەکە بخوڵقێنی. ئەوەش تاقیکردنەوەی هەموو ئەو وڵاتانەیە کە دەزگاکانی راگەیاندن، لەوانە تلەوزیۆنەکانیان لە خزمەتی لایەنێکی سیاسی و یان حیزبی و یان ئیدئۆلۆژی و یان ئایینی بەکار هێناوە.

رەنگە جوغرافیای بڵاوکردنەوەی کوردستان تی وی و زاگرۆس هەموو کوردستان و ئوروپا و قارەکانی تر بگرێتەوە، بەڵام جوغرافیای سیاسی و رووداوەکانی سیاسی و هەڵوێستی سیاسی تەلەوزیۆنەکە بچوکتر لە باشوری کوردستانە کە چوارچێوە ئیدارییەکەیان دەگرێتەوە.

**کوردسات**

دەزگای تلەوزیۆنی کوردسات پاش مەد تی وی و کوردستان تی وی دامەزرا. بەرێوەبەران و بەرپرسانی ئەو دەزگایە ئەندامان و نزیکانی یەکیەتی نیشمانی کوردستانن. هەر لە سەرتاوە وایان باس دەکرد کە کوردسات پێشکەوتووترە لە دەزگاکانی تری تلەوزیۆنی سەر بە رێکخراوەکانی تر. بەڵام نە لە لایەنی تەنکیکی و نە لە لایەن بەرنامەسازی و نە لە لایەنی ناوەرۆک و نە لە لایەنەکانی هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەم تلەوزیۆنە دەزگایەکی جیا لەوانەی تر نییە و هەر وەک ئەوانی ترە، بەو جیاوازیەوە کە تایبەت بە حیزبێکی ترە و لە جیاتی هەولێر و بروکسل لە شاری سولەیمانییە بەرنامەکانی بڵاو دەکاتەوە. کە وایە ئەوەی کە لە سەر دوو بنەماڵەی مەد تی وی و کوردستان تی گوترا و دەگوترێ بە لە بەر چاوگرتنی کۆمەڵێک جیاوازی لاوەکی لە سەر کوردساتیش بە تەواوی دەسلمێندرێ و کرماشانی گوتەنی:" یە تافتەی جودا بافتە نییە!"

**کەسایەتی کوردستان تی وی و کوردسات**

بە پێی ئەو مێتۆدەی کە پێشتر کەڵکمان لێ ورگرت گەرەکە باس لە ستروکتوری فکری و سیاسی دانەرانەی بنەماڵەی کوردستان تی ویش بکرێت. پارتی دێموکراتی کوردستان دەستە خوشکی پارتەکانی دێموکراتی رۆژهەڵات و باکور و رۆژئاوایە و بنەما فکرییەکەیان دەگەرێتەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەویش بنەمای فکری و سیاسییەکەی دەگەرێتەوە بۆ رۆشنبیرانی کۆمەڵەی ژیانەوی کوردستان(ژ.ک) کە ئەوان بە ئاشکرا سەربەخۆی کوردستانیان مەبەستە بوو. ئەوەی بنەماڵەی حیزبەکانی دێموکراتی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستان مێژووی سیاسیان چۆن بووە و چیان کردوە و چۆن لە گەڵ یەکتر هەڵس و کەوتیان کردوە و ئێستا چۆنن، باسی ئەم نووسراوە نییە، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە کە پرۆگرام و بەرنامەی سیاسی و ستراتێژی ئەو حیزبانە بە باری چاک و خراپدا ئاڵوگۆریان بە سەردا هاتووە. پارتی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە ماکی ئەویش هەر بنەماڵەی حیزبەکانی دێموکراتی کوردستانە، ماوەی 15ساڵە لە باشوری کوردستان خاوەنی دەستەڵاتی سیاسین. دامەزراندنی بنەماڵەی تەلەوزیۆنی کوردستان و کوردسات بەرهەمی دەستەڵاتی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێەتەتی نیشتمانی کوردستان لە باشوری وڵاتە، کە دوو رێبازی سیاسی جیا لە یەک پەیرەو دەکەن و بنەمای ئیدئۆلۆژی و فکریان لە 30 ساڵی رابوردودا جیاواز لە یەک بووە. ئەوەی کە ستروکتوری کەسایەتی هەرکام لەو حیزبانە و رابەرانیان چۆنە و روانگەیان چ پرۆسەیەکی پێواوە، لێکۆڵینەوەی هەمە لایەن و وردی گەرەکە، لە بەر ئەوەی ژیانی سیاسی

ئەمرۆی هەر کام لەو دوو هێزە جیاوازی بنەرەتییان لە گەڵ رابوردوویان هەیە. رابەران و دامەزرێنەرانی پارتی دێموکراتی کوردستانی خۆیان و حیزبەکەیان بە نەتەوەیی زانیوە و رابەران و دامەزرێنەرانی یەکێەتی نیشتمانیش خۆیان لە باڵی چەپەکان دەدیتەوە کە خەتی فکری مارکسیستی لەنینستی و مائۆئیستی تێدا بەرچاو بوو. دیارکردنی سێ بازنەی ناوەوە و ناوەراست و دەرەوەی کەسایەتی حیزبەکان و تاکەکانی هەرکام لەو دوو هێزە و رابەران و کادر و ئەندامان و لایەنگرانیان، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیە. مێژووی 70 ساڵەی عێراق و مێژووی کوردەکان و رێکخراوە سیاسیەکانیان قۆناغی جیاوازیان بە خۆوە بینییەوە و چۆنییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لە شار و گوند و شاخەکان گەلێک لە یەک جیاوازە، لەم وڵاتەدا لە لایەک تواندنەوەی ئەتینیکی لە لایەنی رژیمەوە دەبینین و لە لایەکی تر توانەوەی دڵخوازی کەسانی کورد. لە لایەک شەڕی چەکدرای و بەرگری هێزەکانی کوردی و لە لایەکی دی شەڕی چەکدارانی کەسان و عەشیرەتەکانی سەر بە حکومەت دژی هێزەکانی بەرگری دەبینین، لە هەمان کاتدا موداراکردنی زۆربەی خەڵکی ناو شار بە مووچەخۆر و کارمەند و کاربەدەستانەوە لە گەڵ حکومەتی بەغدا دەبینین. بوونی ئوردوگای زۆرەملیش روانگەیەکی تری کۆمەڵایەتی دەنوێنێ. هەمووی ئەوانە ئاڵۆزی و تێکەڵاوی کەسایەتی مرۆڤی کورد دەردەخەن، هەر بۆیە لە حیزبەکانیشدا دیاریکردنی سێ بازنەی کەسایەتی، پێویستی بە وردبینی و دابەشکردنی لایەنەکان و هەڵسەنگاندن هەیە. هەر دەستە لە ناو حیزبەکانیشدا خاوەنی کەسایەتی جیاواز لە دەستەکەی ترە و لە زۆر لایەنەوە کەسایەتیان دژ بەیەکە. ناکرێ بۆ هەموو باشوری کوردستان و پێکاتەکانی حیزبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان یەک کەسایەتی بە ناوی کورد دەست نیشان بکرێ، ئەوەش خۆی لە سیمای تەلەوزیۆنەکان و رابەرانی تەلەوزیۆنەکان و خەت و رەبتی سیاسییاندا نیشان دەدا. سەرەکی ترین دەستەڵاتی سیاسی ناو پارتی دێموکرات و یەکیەتی نیشتمانی. دەستەڵاتی مێدیا لە وانە تەلەوزیۆنەکانیانیشیان لە دەست دایە. ئەوەش خەبەرێکی دڵخۆشکەر بۆ دوارۆژی مێدیا و ئازادی لە وڵاتی ئێمەدا نییە.

**پرۆگرامەکانی کوردستان تی وی و زاگرۆس**

بەرنامەکانی کوردستان تی وی و زاگرۆس لە دوو بەشی سیاسی و هونەری پێک هاتووە. بەشی سیاسی لە دەنگ و باس و راپۆرتی سیاسی و گفت وگۆی سیاسی تۆمارکراو و زیندوو و گواستنەوەی بۆنەکانی حیزبی بە زمانگەلی کوردی و عارەبی وفارسی و ئینگلیسی و تورکی پێک دێ.

ئەوەی بە ناوی بەرنامەی هونەری لەو دوو کاناڵەوە دەبیندرێن بریتین لە گۆرانی داواکراو، کلیپی گۆرانی و بەرنامەی تۆمارکراوی هەڵپەرکێی بۆنەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات، دانیشتن لە گەڵ گۆرانی بێژان بە شێوەی زیندوو و پاکەتی، گفت وگۆ لە گەڵ هونەرمەندان، هەواڵی هونەری و ورزشی.

بەرنامە بۆ منداڵان بەشێکی تری بەرنامەکانە کە لە گۆرانی و کارتۆن و فێرکردنی نەقاشی و تەلەفونکردن و کلیپ پێک دێ کە بەرهەمی دوو شاری هەولێر و دهۆکن. هەرچەند لە چەند ساڵی رابوردودا حەول بۆ دروستکردنی سریاڵ دراوە، بەڵام هێشتا ئەو بەشە وەک بەربانگانەی رەمەزان چاوی لێدەکرێ و کۆپی سریالەکانی عارەبیە. هەرچەند لە سەرجەم ئەم دوو دەزگایەدا مرۆڤی شارەزا دەبیندرێ، بەڵام سەرجەم دەزگاکە گەلێک دوورە لە ستانداری تلەوزیۆنی.

ناوەرۆکی بەرنامەکان و باری تەکنیکی و هونەری بە گشتی تەسک و نزمە و ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لێرەش پێوانە حیزب و مرۆڤی حیزبی و باوەڕی حیزبیە، نە شارەزایی و پسپۆڕی هونەری و کارامەیی پیشەیی.

زۆربەی زۆری پسپۆڕان و کارناسانی جیهانی هونەر، خەڵکی باشوری وڵات، یان لە دەرەوەی ئەو دەزگایە ماونەتەوە و یان لە دەرەوەی وڵات دەژین. پێوانەکانی حیزبی و باوەڕی حیزبی و بەرژەوندی حیزبی و دەستە و دەستە بازی و گەڵێک پاشماوەی کولتوری دواکەوتوی رۆژهەڵاتی رێگا بۆ کارکردنی کەسانی ناحیزبی و شارەزا خۆش ناکات.
زۆربەی ئەو کەسانە کە لەو دەزگایە و دەزگاکانی تردا کار دەکەن و بەرپرسیارەتیان هەیە، یان لە رێگای راسپێردراوەکانی حیزبی و ئیداری حیزبیەوە، بۆ کارکردن وەرگیراون، یان راستەوخۆ ئەرکی حیزبی و ئیداری حیزبی بەرێوە دەبەن.
دەزگاکانی تلەوزیۆن لە نیهایەتدا باسکی بەشی راگەیندنی حیزبین و ئەو کەسانەش کە کاریان پێدەسپێردرێ لە چوارچێوە حیزبی و فیکری حیزب دەرناچن. ئەوەش هەژاری فەرهەنگی و کارەساتی سیاسی بەرهەم دەهێنێ.
هەموو ئەو بەرنامانەی کە لە ژێر دەستی ئەو کەسانە دێنە دەرێ، رەنگە لە لایەنی سیاسی و فکرییەوە لە ئاستی ئیستانداردی سیاسی حیزبەکاندا بن، بەڵام لە لایەنی هونەری و ئیستانداردی هونەری کوردستان و دەرەوەی حیزبەکان دا نین و لە نزمیدا بێ ئستانداردن. ئەم بۆچوونە ئەو کۆمەڵە فیلم و کارە دۆکۆمێنتارانە ناگرێتەوە کە جار و بار لەو دوو کاناڵەوە بڵاو دەکرێنەوە.

**هونەری وێژەری و تەلەوزیۆنەکانی کورد**

وێژەری نە تەنیا هونەرە بەڵکو کارێکی گەلێک دژوار و گرینگە. مێژووی وێژەری لە هەزران ساڵ تێدەپەڕی و هاوتەمەنی ئایینە کۆنەکانە. یەکەم شانۆکارانی جیهانیش لە راستیدا وێژەرانی شانۆ بوون. لە گەڵ گۆرینی ژیان و کۆمەڵگا و پێشکەوتنەکانی تەکنیک و زمان, وێژەری زۆرتر باری هونەری و زانستی و تەکنیکی پەیدا کردوە. وێژەرانی کۆن بەشێکی ژیانیان بە فێربوون و راهێنان تێدەپەری. هەر کەس نەیدەتوانی وێژەر بێت و دەرگای ئەو هونەرەش بە رووی هەر کەسدا ئاواڵە نەبوو. لە رۆژگاری ئەمرۆش دا کاری وێژەری نە تەنیا هاسانتر نەبۆتەوە بەڵکو دژوارتر و هەمەلایەنتر بۆتەوە و گەلێک **تەکنیک** و **سیستم** بۆ راهێنانی دەنگ و هەناسە و بە کارهێنانی ئەندامەکانی لەش، وەک ژێیەکانی گەروو و سیپەلکەکان، زگ ،ماسولکەکان، دەم و زار و زمان و شەبەکەی سینگ و ستونی فەقەرات پەیدا بووە، کە وێژەر دەبێ فێریان بێ. وێژەر کەرەسەی تری جگە لە ئەو ئەندامانەی کە بۆ بەرهەم هێنانی دەنگ بەکار دێن لە ئیختیاردا نییە. هەرچەند ئەمرۆ لە رێگای کامپیۆتێرو دەزگاگەلی مودێرنەوە، ئیمکان بۆ کارکردن لە سەر دەنگ هەیە بەڵام مرۆڤ خۆی کەسی سەرەکیە بۆ کاری وێژەری. وێژەریش تەنیا ئەو کەسە نییە کە لە سەر تەختەی شانۆ کار دەکات یان لە رادیۆ و تەلەوزیۆن شت دەخوێنێتەوە. وێژەری مەیدانێکی گەلێ بەرینتری هەیە و بوارەکانی وێژەریش جیاوازن. ئەگەر گۆرانی بێژ لە چرینی گۆرانیدا بە موسیقا و کەلام هاورێی دەکرێ، وێژەر دەبێ بە پێی چەشنی کار و وێژەرییەکەی کەڵک لە ئیمکانی ئینسانی و تەکنیکی و هونەری خۆی وەرگرێ. لە مێژووی دەنگ دا ئاوا دەخوێنینەوە:

*لە کاتی دەرس گووتنەوەدا تیکستەکان دەخوێندرانەوە، وشەکان دابەش دەکران، سیلاب خوێندنەوە تەمرین دەکرا بە تایبەت وشەی گران ودژوار کاری لە سەردەکرا و بڵیند بڵیند دەخوێندرایەوە. پاشان پاراو و بی گرێ وگۆڵ خوێندنەوەی وشە و رستەکان تەمرین دەکران، بە تایبەت بۆ وەلانانی گرێ و گۆڵی دیالێکت یان بن زاراوەکان.*

هۆمیر بۆ خوێندنەوەی شێعرەکان بەهای زۆرتری بە چۆنییەتی خوێندنەوە دەدا، ئەو وەك شاعیرێك تەدبیر و تیبینی خۆی بەکار دەهێنا و لەم بارەوە چۆنییەتی خوێندنەوەی دەوڵەمەندتر کرد.

ئامۆژگارییەکانی کیکرۆس (CICEROS) وێژەر،( قسەکەر) هان دەدا کە ئامۆژگارییەکانی تەواو و کەماڵ لە بەرچاو بگرن. ئەمەش نیشان دەدا کە وێژەر نابێ کاریکاتۆر بێ. بەڵام وا دەنوێنێ کە وێژەران و شانۆگێڕان کە هونەری گووتن فێرنەبوون، وەك یونانییەکان و شانۆگێڕانی تراژدییەکان خۆیان کردۆتە دیل و بەردەی دەنگی خۆیان. ئەوان ساڵانی دورو درێژ دادەنیشتن و دیکلەمەیان دەکرد و لە سەر سەکۆی شانۆ پێشکەشیان دەکرد و یا لە کاتی درێژبووندا(راکشان) دەنگیان بەرز و بەرزتر دەکردەوە، کاریك کە لەکاتی پێشکەشکردنیشدا ئەنجامیان دەدا. ئەوان رۆدەنیشتن و نزمترین دەنگ و بەرزترین دەنگیان لە خۆ دەردێنا بەم چەشنە تاقیکردنەوەیان کۆ دەکردەوە. شانۆگێڕ مەحکووم بەوە بوو کە بە پێی دەستورات و رێ وشوێنی دیاریکراو بجولێتەوە کە پێشتر کەسانی وەك **پائین** (PAEN) و **هیمنووس** (HYMNUS) جولاونەتەوە.

**ئەرەستوو** لە وێنەی تیئودۆرس (THEODORS) دا دەیسەلمێنێ کە سروشتی دەنگ چۆن وەك خۆی بمێنێتەوە. ئەونیشانی دەدا کە دەنگی وێژەر ، شانۆگێڕ چۆن بیت. پەروەردەکردن و پێراگەیشتن بۆ ئەوەی سروشتی دەنگ بە شێوەی دەستکرد بگۆڕدرێ تەنیا لە رێگای خۆئازاردانەوە پێك دەهات.

ئەگەر **ئاریستۆفان** لە PROLOG دا بۆ شانۆگێڕ لە **وردە رستە** کەڵك وەردەگرێ دەبێ هۆیەکەی نەبوونی تەکنیك بووبیت. هەر بەم پێیە ماموستایان و راهێنەرانی وێژەری لە فۆنیتیکدا سرنج دەدەنە بێ خەوش بوون وروون بوونی تەواو و کەماڵی تێکست. هەر وەها جیاکردنەوەی هەر تاکە دەنگێك پێویست وگرینگ بوو. لە لایەنی رەنگی **تۆن** و دەنگەوە مرۆڤ تەنیا دەبوو بتوانێ لایەنەکانی دەنگ و چۆنییەتی گووتن دەرببڕێ.

چاوەڕوانی لە پاڵەوانانی تراژدیەکان ئەوە بووە، کە هەر دەم پڕهێز و بەهێز بدوین، بەڵام لێرە وەك هەر شوێنێکی تر جیاوازی کارێکتێرەکان چۆنییەتی رۆلەکانی دیار دەکرد بە تایبەت رۆلی ژنانە. لە ئاکامدا ئەوە حەساس بوونی گوێچکەی بینەران بوو کە بۆبیستنی هەموو فۆرمەکانی ریتمی زمان هەڵەکانی دیاری دەکرد . لەم بارەوە نمونە هەیە، کە چارەنووسی شانۆگێڕ بە کزی دەنگییەوە دەبەستیتەوە! زیاتر لەوەش بەڵگەی ئەوە هەیە کە بە هۆی لایەنی هونەرییەوە شانۆگێر وەلاندراوە(دەرکراوە).

پلۆتوس داوا لە یەك لە وێژەرەکان دەکات ئەو پارەی کە وەك حەق دەست وەری گرتووە بیداتەوە، لە بەر ئەوە داخوازی ومەرجەکانی شانۆکەی بەجێ نەهیناوە, تەنانەت داوا دەکرێ کە بێ حورمەتی بەو کەسە بکرێ، کە داوای شانۆکە و مەرجەکانی شانۆی بەجێ نەهیناوە، ئەو پێی وابوو بەم چەشنە بۆ پارێزگاری لە هونەری شانۆ حوکمێکی عادڵانەی داوە.

(کتێبی مێژووی دەنگ GESCHICHTE DER STIMME نووسینی KARL_ HEINZ GOETTERT وەرگێڕ برایم فەرشی2001)

لە کوردستان وێژەری لە شانۆ و رادۆ و تەلەوزیۆن بەکارهێندراوە، هەروەها رادۆکانی حیزبی وێژەریان هەبووە کە ئەمرۆش لە کوردستان وەک پسپۆڕانی ئەم بوارە سەیریان دەکرێ و بە هەمان فەهەنگ و مێتۆدەوە لە تلەوزیۆنەکان کار دەکەن. وێژەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی رەنگینی هەیە و گەلێک وێژەری شارەزا لەنیوسەدەی رابوردودا پێگەیشتوون. باشور هیچ کات وەک رۆژهەڵات نەبووە و وێژەری پسپۆڕ و ناودار لە سەردەمی رادۆ و تەلەوزیۆندا زۆر نەبووە. لە باکور و رۆژئاوا پێش مەد تی وی بە کوردی وێژەریی بوونی

نەبووە. هیچکام لە تەلەوزیۆنەکانی کورد چ لە باشور و چ لە بلژیک کەڵکیان لە وێژەرانی پسپۆڕ و شارەزای رۆژهەڵات کوردستان وەرنەوگرتووە و حەولیان نەدا لە پسپۆڕی و شارەزایی ئەو کەسانە بۆ فێرکردن و راهێنانی کەسانی تر کەڵک وەرگرن. ئەو تەلەوزیۆنانە کاری وێژەریان دابەزاند و کردیانە پیشەی ئەو کەسانەی کە تەنانەت زمانەکەش شارەزا نین. وێژەر و قسەکەر جێگاکەیان گۆڕدراوە و قسەکەری ئاسایی جێگای وێژەری گرتۆتەوە.

کوردستان تی وی و زاگرۆس تاک و تەرا وێژەری باش و کارامەیان هەیە . چەند کەسێکیان وەک وێژەر و رپۆرتێر لە لایەنی ئامادەکردنی رپورتاژ و نووسین و پێشکەش کردنەوە شارەزان. بەشی زۆری وێژەران و رپورتێرەکان لاسایی ئەو چەند کەسە شارەزایە دەکەنەوە و زۆرجاران رپۆرتاژەکانیان درێژ و کەم کەڵکە و لە لایەنی دارشتن و پێشکەشکردن و زمانەوە بێ کەڵکن. کۆمەڵێک لە وێژەرانی بەرنامەکانی بە ناو هونەری، لەوانە چەند خانمێک نە کوردیان کوردیە و نە کارەکەیان وێژەرییە، رووی دەرەوەی ئەو کەسانە و بەکارهینانی لەش لەوانە دەست و دەم وچاو و پۆزسیۆنی لەشیان و وشە و رستەکانیان و سەرجەم هەڵس و کەوتەکانیان نە تەنیا لە دەرەوەی هونەری وێژەری دایە، بەڵکو گەلێکیش مەسنوعی و ناهورییانە و ناشیانەیە. هەڵس و کەوتیشیان لە گەڵ کامێرا، لە دەرەوەی کار و پیشەی وێژەریدایە.

کۆمەڵێک لە وێژەرانی پیاو چەند وێنە لە عەینی کاتدا لە خۆیان نیشان دەدەن، یەکەم دەم و چاوێک کە زیت بۆتەوە لە نووسراوەکەی بەرانبەریان، دووهەم لەشێکی پاسیوڤ و ونبوو لە جل وبەرگدا، سێهەم چەشنی دانیشتن، چوارەم دوو دەستی شۆرەوەبوو و رووی ناتەواو لە حاند کامێرا، سەرباقی ئەوانە ئەو هەستە مەسنوعییە و شێوە خوێندنەوەی، کە لە حەفلە و بەرنامەکانی حیزبیدا باوە، بە سەریاندا زاڵە.

لە بەشی منداڵانیشدا وێژەران لەوە دەچی کۆپی گەورەساڵان بن. بە هەمان زمانی گەورە گەورەوکان لە گەڵ خۆیان و منداڵەکانی هاوتەمەنیان قسە دەکەن، هەربۆیە ناتوانن پردێک لە نیوان خۆیان و بینەرانی منداڵدا چێ بکەن.

هێندیک لە وێژەران مامەڵەی سەیر لە گەڵ خۆیان و بینەران و میوانەکانیاندا دەکەن، وێدەچێ ئەم چەشنە هەڵس و کەوتە لە تەلەوزیۆنەکانی عارەبەوە فێربووبێتن، رەنگە زادەی فکری خۆشیان بێ.

**ئەگەر سەردەمی پلۆتوس بایە ئەو کەسانە نە تەنیا دەردەکران بەڵکو سزای مادیش دەدران!!**

ئەگەر تلەوزیۆنێک ستروکتوری هەبێ و خاوەنی دەستور بێ، وێژەرانی وا هەڵس و کەت ناکەن. وێژەرانی تلەوزیۆن بە پێی دەستور و رێ و شوێنێکی تایبەت کار دەکەن و دەرچوونیان لەو دەستورانە تاوانی مادی بە شوێنەوەیە. کاکی وێژەر لەم رێگایەوە بەرنامەکە لە نۆرم و ئیستانداردی تەلەوزیۆنی دەردێنێ و دەهێنێتە ریزی مامەڵات و چەنەبازی سەر جادە و دوکانەکان. گەلێک جار ئەم وێژەرانە هەمان مامەڵە لە گەڵ بەرپرسانی ئیداری و حیزبی و ئەو کەسانە دەکەن کە میوانی بەرنامەکەن. رەنگە ئەم چەشنە هەڵس و کەوتە لە باشور کارێکی نۆرماڵ بێ، بەڵام نیشانەی کاری دور لە ئیستاندرادە.

ئەو وشە و زمان و ئەو زاراوانەی کە لە بەرنامە رەسمی و جیدیەکاندا بەکاری دەهێنن، نە تەنیا زمانی تلوزیۆن نییە بەڵکو زمانی سەر جادەیە، لە رێگای زمانەکەوە فەرهەنگێک بڵاو دەکرێتەوە کە فەرهەنگی هەڵس و کەوت و دانووستاندن نییە. ئەم شێوە هەڵس و کەوتە تەنیا لە تلەوزیۆنەکانی کوردستان تی وی و زاگرۆس و کوردسات دەبێندرێ، بنەماڵەی مەد تی وی لەو بارەوە گەلێک لەو سێ کاناڵە پێشکەوتووتر و ئەورۆیی تر و بە پرنسیبترە.

بەرنامەسازانی کوردستان تی وی و زاگرۆس و کوردسات زۆرتر خۆیان بە بەرنامەی زیندوو-ەوە خەرێک دەکەن، واش وێدەچێ ئەمە هەر ئەو ئاوە بێ کە مەد تی وی ریشتوویە.

ئەوان‌ساکارترین شێوەی بەرنامە سازکردن لە بەرنەمەی زیندوودا دەبینن. گۆرانی بێژ بانگ دەکەن و هێندێک پرسیاری لێ دەکەن، کە ماوەی دەساڵە هەر دوبارە دەکرێتەوە. سیاسەتمەدار بانگ دەکەن و چەند پرسیاری ئامادەی لێدەکەن و لە ڕێگای چەند میوانی تەلەفونیشەوە بە سەعاتان بەرنامە دەگێڕن. بە دەگمەن وێژەری ئەم بەرنامانە هەبوون، کە لە رووی سیستمێکی خاوەن سترۆکتورەوە بەرنامە زیندووەکان بەرێوەبەرن، یان پێشتر بەرنامەکە دارێژن و بەرێوەی بەرن. بە راستێش وەستابوون لە کارەکەیاندا. هەرچەند ئەم چەشنە کارانە لە شانۆدا هەیە و بە پرۆفیزاسیۆن ناودێر دەکرێ، بەڵام دیسان ئامادەکاری تایبەتی بۆ دەکرێ. ئەم شێوەکارکردنە تەنیا لە ئیستانداردی کوردەکاندا هەیە، دەنا ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەی زیندوو لە ئیستانداردی جیهانیدا گەلێک گەلێک هەم دژوارترە و هەمیش کاری زۆرتری بۆ دەکرێ. لە بەر ئەوەی لە کاری زیندوودا ئیمکانی تێکچوون لە چەند لایەنی تەکنیکی و هەڵەی ئینسانییەوە هەیە و هەربۆیە حیسابی هەموو وردەکارییەکان هەتا ئەرخایەن بوونی سەدا و سەد دەکرێ و بەرنامەسازان بە خۆیان ئیزن نادەن بە بێ ئامادەکاری ئەو چەشنە بەرنامانە بگوێزنەوە سەر ئانتێن. هەر بۆیە لە بەرنامە زیندووەکانی هەموو تلەوزیۆنە کوردییەکاندا، نە دەنگ تەواوە، نە کامێرا وینەکان بە باشی دەگوێزێتەوە، نە رووناکی لە هەمووکاتەکاندا وەک یەکە. وێژەر و میوانیش هیچ ئیمکانێکیان نییە بۆ لابردنی هەڵە و کەم وکوڕییەکانیان. **دەست پێکردن و تەواو بوونی هەر بەرنامەیەکی زیندوو لە تلەوزیۆنەکانی کوردستان زۆرتر لە موعجزە دەچێ، هەتا کاری تلەوزیۆنی.** ئەم تەکنیکە لە لایەن هەرسێ تلەوزیۆنی کوردستان تی و وی و زاگرۆس و کوردساتەوە بەکاردەهیندرێ کە بۆ ئەوە دەبێ چەند کتێبی لە سەر بنووسرێ بە تایبەت بەرنامەکانی هونەری و سیاسی زیندوو.

**بەرنامەی منداڵان**

ئەو کەسانەی تەمنیان لە خوار 13 ساڵەوە بێ، بە منداڵ ناودێر دەکرێن. منداڵ نیاز و پێداویستی مادی و مەعنەوی جیاوازی هەیە، کە بە پێی ئایین و فەرهەنگ و کۆمەڵگا و سیستمی پەروردە یا دابین دەکرێ یان ناکرێ. لەو کۆمەڵگایانە کە ماڤی منداڵ لە چوارچێوەی قانوندا پارێزراوە، سرنجی تایبەت دەدرێتە پێداویستیەکانی منداڵ. لە پێوەندی لە گەڵ منداڵ و تلەوزیۆن, لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر ئەنجام دراوە و ساڵانە ئەنجام دەدرێ. لایەنی ساخی لەش و رۆح و دەروون و پەروردەی منداڵ دەخرێتە ژێر زەرەبینی لێکۆڵینەوە. مێژووی تلەوزیۆن هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی تلەوزیۆن لە ئاڵمان گێڕانەوەی کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتیە سەبارەت بە منداڵ. نازییەکان منداڵانی کەم تەمنیان لە ڕێگای پرۆپاگەندەی تلەوزیۆنەوە کێشایە مەیدانەکانی شەڕ. ئەوانەش کە بەشداری شەڕ نەبوون، لە ڕێگای تلەوزیۆنەوە شەڕ هێندرایە ناو ماڵەکانیانەوە. لێکۆڵینەوەکانی ساڵانی نێوان 1939 هەتا 1945 دەریدەخات کە کارتێکردنی تلەوزیۆن لە سەر مێشک و رۆح و رەوانی منداڵانی ئەو ساڵانە بە درێژایی هەموو ژیان بەردەوام ماوەتەوە. هەر بۆیە بە شێوەیەکی زۆر جیدی پێشگیری لە چاولێکردنی زۆری تلەوزیۆن لە لایەن منداڵانەوە دەکرێ. منداڵان لە ماوەی 24 سەعاتدا بە پێی لێکۆڵینەوەکانی هەمەلایەن دەبێ بەم شێوەیە سەیری تلەوزیۆن بکەن:

"منداڵانی هەتا دوو ساڵ 20 دەقیقە، منداڵانی 3هەتا 6ساڵ تەنیا نیوسەعات، منداڵانی 6 هەتا 9 ساڵان یەک سەعات، منداڵانی 10 هەتا 13 ساڵ 90 دەقیقە."

بە پێی تاقیکردنەوەکانی پزیشکی زۆربەی زۆری ئەو منداڵانەی زیاتر لە پێویست سەیری تلەوزیۆن دەکەن دوچاری نەخۆشیگەلی چاو دەبن. ئەوەش کە منداڵانی تەمەن جیاواز، چ چەشنە

بەرنامەگەلێک سەیر بکەن جێگای مشت مڕی جیدیە. هەروەک پێشتر باس کرا منداڵان لە تەمەنی جیاوازدا نیازی وەک یەکیان نییە، منداڵێکی 2 ساڵان کە هێشتا ناتوانێ قسە بکات دەبێ چی لە تلەوزیۆن وەربگرێ؟ منداڵانی نێوان 3هەتا 5 ساڵان چ چەشنە بەرنامەگەلێک تەماشا بکەن؟ هەروەها منداڵانی 6هەتا 9 ساڵ کە ڕۆژانە لە خوێندگاکان کات دەبەنە سەر چیان پێویستە؟ منداڵانی 10 هەتا 13 ساڵ کە هێدی هێدی لە تەمەنی منداڵی دەرباز دەبن نیازیان چیە؟ هەمان پرسیاگەل دەبێ بۆ کەسانی بان 14 ساڵ و مێرمنداڵ و لاوان وڵام بدرێنەوە.

لە فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردیدا بە پێی تاقیکردنەوەکانی ژیان و شێوەی ژیان، منداڵ لە تەمەنی جیاوازدا شتی هەمەجۆری فەرهەنگی و پەروەردەیی وەردەگرێ، تلەوزیۆنیش دەبێ بە پێی سیستمیك هەم بایخ بە فەرهەنگ و داب و نەریت و زمان و بایخەکانی ئینسانی کورد بدات و هەمیش سەردەمیانە بەرنامە بۆ منداڵان چێ بکا. لە بەرنامە سازکردندا ئەگەر لایەنی کۆمەڵایەتی، پەروەردە و پێداگۆگی لە بەر چاو نەگیرێ، داهاتوی ئەو منداڵانەی لە بەر تەلەوزیۆنەکان پەروردە دەکرێن دژواری لە گەڵ خۆی دەهێنێ. ژیانی ئێمە وەک کورد تاقیکردنەوە و شێوەی تایبەتی بۆ پەروەردەکردن و گەورەکردنی منداڵ پێک هێناوە، کە ئەگەر لایەنە نگاتیڤەکانی لە بەرچاو نەگرین، بەشێکی گرینگ لە فەرهەنگ و زمان و بیروباوەرەکانی سەردەمەکان لە خۆی دەگرێ. ئەو بەشەش لە ژیانی منداڵی کورد کە لە لایەن سیستمی پەوروردە و فەرهەنگ و زمانی داگیرکەرانەی وڵاتەکەمانەوە شێوێندراوە یان حەولی لە نابردنی دراوە، دەبێ ساخ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی منداڵی کورد هەم سەردەمیان بار بێ و هەمیش کەسایەتی خۆی بە پشت بەستن بە فەرهەنگی خۆی بپارێزی، ئەوەش یەکێک لە ئەرکەکانی تەلەوزیۆنە . نەوا و گۆرانی و شێعری منداڵان کە دایکان لە ڕۆژی لە دایک بوونەوە، هەتا گاگۆڵکەکردن و پێ هەڵگرتن و زمان فێربوون، بۆ منداڵ دەیچڕن یان دەیڵێنەوە دەبێ بایخی پێبدرێ. کایە و گەمەکانی پاش سێ ساڵان و دەیان و سەدان حەکایەت و چیرۆک و نقڵ و نەوزیلە و یاری سەردەمەکانی پاش 6ساڵان و دەورەی ژیانی دە ساڵان بۆ سەرێ، سامانێکی نەتەوەیی و مێژووییە، کە دەبێ زانستیانە کەڵکی لێ وەرگێرێ و منداڵی کورد لە ڕێگای تلەوزیۆنەکانەوە هەم لە گەڵیان ئاشنا بێ و هەمیش وەک سامانێکی نەتەوەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوێزرێنەوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە ناوەرۆک و فۆرمی ئەم سامانە ، ئینسانی تر نەکرێ، یان نوێ نەکرێتەوە و فۆرمی سەردەمیانەی هونەری و تەکنیکی پەیدا نەکا!

پسپۆڕ و لێزانی بوارەکانی زانست و هونەر و مێدیا و پێداگۆگی دەبێ ڕابوردو و حاڵ و داهاتووی کورد لە فۆرم و ناوەڕۆکێکی ئینسانی سەردەمیانە، وا لە یەک گرێ بدەن کە منداڵی کورد هەمە لایەن و هەمەرەنگ بە کەسایەتی خۆیەوە بەرەو ژیانی داهاتووی بروا.

ئایا تلەوزیۆنەکانی کورد بە ڕێگایەکی وادا دەڕۆن؟

ئەو بەرنامانەی کە لە تلوزتۆنەکانی کوردستانەوە بڵاو دەکرینەوە، یان کارتۆنی دەیان ساڵ لەوە پێشی وڵاتانی شەرقی و غەربیە، یان دیاری وڵاتانی وەک ئیرانە، یان بەرنامەگەڵی نزمی هەردەنبیلە کە نە ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەی هەیە و نە سەردەمیانەیە و نە پشتی بە فەرهەنگ و مێژوو و هونەری کوردییەوە بەستووە.

کۆمەڵێک گۆرانی نەسیحەت ئاسا و کۆمەڵێک شێعری گەورەساڵان کە بە زۆر لە دەمی منداڵان خراوە لە گەڵ دوجینێک بەرنامەی نزم و هەرزان خڕ،سەرجەمی بەرنامەکانی منداڵانە. لە نێو هەموو ئەو بەرنامانەدا چەند بەرنامەی فێربوونی زمان و خوێندن و چەند گۆرانییەکی منداڵان دروست کراون کە نیشانەی بوونی مرۆڤی لێزان و شارەزایە لە ناو بەرنامەسازانی بواری منداڵان. جگە لەوە چەشنێک مەسخەرەبازی دەبیندرێ کە زۆرتر لاساییکردنەوەی بەرنامەی منداڵانی تلەوزیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. هەمووی ئەوانە ئەوە دەردەخات کە بۆ ملیۆنان منداڵی

<u>کورد کە داهاتووی وڵات و نەتەوەی کوردن، بەرنامەی تلەوزیۆنی نییە و خەمیان ناخورێ و بەرنامەرێژی لە گۆڕێ دا نییە!</u>
منداڵانی کورد تەنیا ئەوانە نین کە لە دەرووەی وڵات و یان لە شارە گەورەکانی کوردستان دەژین، هەر وەها منداڵانی کورد تەنیا ئەوانە نین کە سەر بە توێژێکی تەنک لەکۆمەڵگای کوردستان بن. زۆربەی منداڵانی کورد لە شارە بچوکەکان و گوندەکان دەژین و کوردستانیش وەک هەر وڵاتێکی تر بە ملیۆن منداڵی بێ بەشی هەیە، کە ڕەنگە وەک شارە گەورەکان و ئوروپا، ئێمکاناتیان لە بەر دەست دانەبێ! تلەوزیۆنەکانی ئێمە، چەندە ڕەنگدانەوەی ژیان و بەسەرهات و ویست و داخوازییەکانی ئەو بەشە هەر زۆرەی مناڵانی وڵاتەکەمانن؟
لە تلەوزیۆنەکان نابێ تەنیا بیر لە پڕکردنەوەی کاتی بەرنامەی منداڵان بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ بیر لە بەرنامەرێژی بۆ منداڵانی وڵاتێک بە ناوی کوردستان بکرێتەوە کە بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون و هەڕەشە لە کەسایەتی و فەرهەنگی و زمانیان دەکرێ!!

**بەرنامەی لاوان و بێ بەرنامەیی تەلەوزیۆنەکان**
بە پێی ئیستانداردەکانی جیهانی کەسانی تەمەن بان 14 ساڵ لە پرۆسەی لاوەتی دان و هەتا 24 ساڵ وەک لاو دژمێردرێن. ئەو لاوانە هێشتا لە خویندنگاکان و زانستگاکان ڕۆژگار دەبەنە سەر و بە تەواوەتی بەرپرسیاری پیشەیی و کۆمەڵایەتیان نییە. ئەڵبەت ئەم پێوانەیە ڕەنگە بۆ هەموو وڵاتەکان و دەوەرەکانی جیهان پڕا و پر نەگونجێ، بەڵام بەلانی کەمەوە دەکرێ بێژین کە ئەو دەستە کۆمەڵایەتیە پێداویستی مادی و مەعنەوی نزیک بە یەکیان هەیە و لە ئاستێکی ژیان دەربازی ئاستێکی تری ژیان دەبن. جگە لەوە ئەو تاقمە لە باری فیزیۆلۆژی و هۆرمۆنی و جنسی و هەست و بیرو باوەڕەوە بە تەواوی لە جیهانی منداڵی دوردەکەونەوە. ئەم تایبەتمەندییانە مەیدانێکی فراوانە بۆ کار لە گەڵ لاوان. لاوانی نێوان 14 هەتا 24 لەو دەورەدا پێویستی زۆر جیدی و هەمەلایەنیان هەیە، کە بنەماڵەکان و کۆمەڵگا و دەولەت و دام و دەزگاکان و بەرپرسانی سیاسی لە جێ بەجێ کردنی دا بەرپرسیارن. تلەوزیۆنەکانی ئێمە چی بۆ لاوان دەکەن و چییان دەدەنێ و چیان لێ وەردەگرن؟ ئەوەی کە تا ئێستا لە تلەوزیۆنەکان لەو بارەوە دیتراوە، نیشانەی بێ سیاسەتی و بێ بەرنامەیی و بێ مەیلی تەواوە بە چارەنوس و داهاتووی لاوان. جگە لە کۆمەڵێک کلیپی ناهونەری و بەرنامەگەلی گفت و گۆی سیاسی و گۆرانی داواکراو و سریاڵەکانی هەڵپەرکێی حیزبەکان لە ئوروپا , نیشان دانی لاوان لە کۆڵان و شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و سەیرانگاکان، کە لە حاڵی هەڵپەرکێ و هات و چۆدان، چی لە لاو و چی بۆ لاو لە تلەوزیۆنەکانی کورد بڵاو کراوەتەوە؟ تلەوزیۆنەکان لەم لایەنەوە تەواو دۆڕاو بوون و دۆڕاون. ئەوەش دەبێ زۆر بە تووندی باس بکرێ. ڕەنگە بەشێکی زۆر لە بەرێوەبەران و بەرنامەسازانی تلەوزیۆنەکان خۆیان لاو بن، لەو حاڵەتەدا دەبێ لاوانی وڵات لەو لاوانە بپرسن کە لاو لە کوردستان کێیە؟

**بەرنامەی ژنان**
بەشی زۆری ژنانی کورد لە گوندەکان و بازێرە بچوکەکان دەژین. نیوەی دانیشتوانی شارە گەورەکان و بنەماڵە کوردەکانی دەرەوی کوردستان لە ژنان پێک دێن. **تلەوزیۆنەکانی کورد، تلەوزیۆنی پیاوەکانن، کە هەم بەرپرسن و هەم ناوەرۆکی بەرنامەکان دیاری دەکەن.** بە تایبەت تلەوزیۆنەکانی هەولێر و سولەیمانی ئاوێنەی دەستەڵاتن لە کوردستان، نە ئاوینەی ویست و داخوازو پێکاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان. بینەر لە ڕێگای تلەوزیۆن و بەرنامەکانییەوە، پەی بە جێگا و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردستان نابات. زۆرترین ڕواڵەتی ژن کە لە تلەوزیۆنەکانی

کوردەوە نیشان دەدرێ، ژنی ناو کلیپە ناهونەری و بێ پرنسیبەکانە، یان ئەو ژنانەیە کە لە ئاگەهی کالاکاندا نیشان دەدرێن. ئەوەی بەشی زۆری ژنانی کورد لە گوند و شارەکاندا لە چ بارێکی ژیانی ناو ماڵ و کۆمەڵگادان و ویست و داخوازی و پێداویستیەکانیان چیە و چ چەشنە بەرنامەگەلێک بۆ وان پێویستە، خەمی بەرێوەبەرانی تلەوزیۆنەکان نییە. زۆرترین خەمی ئەو خانمانەش کە جاروبار بەرنامە لە سەر ژنان پێشکەش دەکەن، ناساندنی هێندێک تاکی ژنە. لەوە دەچێ بنەمای فکری و کۆمەڵایەتی لە مەڕ ژنان لە تلەوزیۆنە کوردییەکان هێشتا نەمەی بێ، دەنا دەبوو دەیان بەرنامەی هەمەرەنگی سیاسی، فەرهەنگی، زانستی، هونەری و پزیشکی و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان ئامادە بکرێ ، بە تایبەت ئەو ژنانەی کە بەشی هەر زۆری کۆمەڵگای کوردستان پێک دەهێنن. بیرو فکری تەلەوزیۆنەکان جیاواز لە بیری حیزبەکان نین.

نەورۆزی ساڵی 1994 لە گەڵ وەفدی یەکیەتی مامۆستایانی ئاڵمان بۆ دیدار و گفت وگۆ لە گەڵ وەزارتی پەروردە و یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان گەیشتینە کوردستان، لە هیچ دیدار و گفت وگۆیەکی رەسمیدا نە لە وەزارەتخانە و دانشگاکان و نە لە یەکیەتی مامۆستایان، تەنانەت یەک خانمیش بەشدار نەبوو، لە پێنج کەسی وەفدی یەکیەتی مامۆستایانی ئاڵمان دوو کەسیان ژن بوون و ئەو مەسەلە بۆیان ببوو بە پرسیار. وڵامی بەرپرسان سەرپۆش دانان لە سەر مەسەلەکە بوو.

لە نەورۆزی ساڵی 2005 جارێکی تر لە گەڵ کۆمەڵێک کەس بۆ یادی پێشەوا قازی محەمەد گەیشتینە کوردستان، ئەو جارەش لە هیچ دیدار و میوانییەکەی باڵای ئیداری و حکومەتیدا، ژن جێگایان نەبوو. ئایا ئەو وێنانە نیشانەیە لە راستی کۆمەڵگای کوردستان، ئایا تەلەوزیۆنەکان ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو راستییەن؟!!

**بەرنامەی کۆمەڵایەتی**

کوردستان لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو پێک نەهاتووە، کە قۆناغەکانی لە رێگای بەرنامەی دارێژراوی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و یان بە پێی سیستمێکی نەتەوەیی تێپەراندبێ. کۆمەڵگای کوردستان لە دواکەوتوویی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و زانستی و تەکنیکی و سەنعەتی دا راگیراوە و لە زۆر لە بەشەکانی کوردستان کۆمەڵگا لە بەر یەک ترازاوە، لە بەر یەک هەڵوەشاوە. لە وڵاتێکی وادا تلەوزیۆن چ ئەرکێکی لە ئەستۆیە؟

تلەوزیۆن دەتوانێ دەوری کەم وێنە بگێڕی بۆ ئاوەدان کردنەوە و سەرهەڵدانی دوبارەی ئابوری و گەشەساندن و پێشخستنی باری زانستی و تەکنیکی و سەنعەتی و راهێنانی کارناس. لە وڵاتانی تر دەیان ساڵ تاقیکردنەوەی تلەوزیۆن لە بوارگەلی سازکردنەوە و راهێنان و ساخکردنەوەی کۆمەڵگایەکی وێران و ئابوریی تێک تەپاو هەیە. تلەوزیۆنە کوردییەکان دەتوانن ئەو تاقیکردنەوانە بە زمانی کوردی بگەێننە گوندییەکان و ئەو ناوچانەی کە پێویستە. بە پێی ئەوەی شارە بچوکەکان و گوندەکان بێ بەرین لە زۆربەی ئەو ئیمکاناتانەی کە لە شارە گەورەکان هەیە، تلەوزیۆن دەتوانێ سەرچاوەیەکی بەرچاو بۆ فێرکردن و بڵاوکردنەوی زانیاری بۆ هەموو چین و توێژ و کۆمەڵە کەسان بێ! ئایا تا ئێستا کاری وا کراوە یان بەرنامەرێژی لەو چەشنە لە گۆرێ دایە؟ لەبەر ئەوەی تلەوزیۆنەکان دەوڵەتی نین و حیزبین، هیچ بەرنامەیەکی دەوڵەتی وەزارتخانەکان و ئیدارەکان لە بواری کۆمەڵایەتی و فەننی، زانیاری لە رێگای تلەوزیۆنانەوە ناگوێزرێتەوە بۆ ناو خەڵک!

کۆمەڵگای کوردستان دوچاری دەیان گیروگرفت و دەیان نەخۆشی کۆمەڵایەتی، بنەماڵەیی-یە، کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا هەر لە منداڵانەوە هەتا لاوان و ژنان و گەورە ساڵ دەگرێتەوە. تا

ئێستا لە هیچکام لە تلەوزیۆنەکان بەرنامەگەلی زانستیانە، لێکۆڵینەوە، دۆکۆمێنتار لە بارەی ئەم گیروگرفت و نەخۆشیانەوە ساز نەکراوە و بەرنامەرێژیش بۆ ئەو مەبەستانە نابیندرێ.
**ولاتێکی وەک کوردستان پێویستی بە تلەوزیۆنی نەتەوەیی و بەرپرسیار هەیە، تلەوزیۆنێک کە هاونەفەس بێ لە گەڵ نەفەسی خەڵکانی گوندی و شاری، تەلەوزیۆنێک کە لە خزمەتی پێشکەوتنیاندا بێ!**

**رادۆ یان تلەوزیۆن؟**

بەرنامەی تلەوزیۆنی لە وێنە پێک دێ، کاتێ وێنە دەوری سەرەکی نەگێرێ و یان گرینگی تایبەتی پێ نەدرێ، تەنیا قسە دەمێنێتەوە، قسەی بێ وێنە کاری رادۆیە نە تلەوزیۆن.
زۆربەی بەرنامەکانی تلەوزیۆنە کوەردییەکان بە بەرنامەی سیاسی و رابواردن کە زۆرتر گۆرانی یە پر دەکرێنەوە. ئەم دوو چەشنە بەرنامەیە هیچ چەشنە تایبەتمەندییەکی تلەوزیۆنیان نییە. واتە وێنە دەورێکی سەرەکی ناگێرێ، لە بەر ئەوەی ئەم بەرنامانە بە شێوەی زیندوو بلاو دەبنەوە و کامێرا دەوری مردوو دەگێرێ و وێنەی پێویست بلاوناکرێتەوە. دەوری دەرهێنەر لەو بەرنامانەدا نابیندرێ. کامێرا لە چورچێوەی پرۆفسیۆناڵ دەردەچن و وێنەی مردووی ناهونەری و ناپیشەیی بلاودەکەنەوە. هەر بۆیە تلەوزیۆنەکان دەوری رادۆ دەگێرن هەتا تلوزیۆن. بەرنامەکانی رابواردن وەک گۆرانی داواکراو و کلیپ و بەرنامەی بانگهێشتنی گۆرانی بێژانیش هەر لەو چەشنەیە. حەولی گرێدانی دەنگ و وێنە لە سەدەی 16ی زایینی دراوە و دەبێ "تالک شۆی" کوردیش گواستنەوەی دەنگ و وێنە بێ، وێنەیەک کە تەواوکەری دەنگ بێ، دەنگێک کە تەواوکەری وێنە بێ.
وێنە گرینگە لە بەر ئەوەی ئەو بەش و لایەنەی مرۆڤەکان دەردەخات کە لە قسەدا ناگوترێ، **وێنە ئەگەر دەستکاری نەکرابێ درۆی تێدا نییە، هەڵخڵەتاندنی تێدا نییە، بەلام لە قسەکردندا درۆکردن هەیە، چەواشەکردن هەیە، وێنە لایەنی دەروونی کەسەکان دەردەخات، وێنە زمانی لەش و پەیکەری کەسەکان دەردەخات کە درۆی تێدا نییە.** لە سروشتدا وێنە بەر لەدەنگە و لە تەلەوزیۆنیشدا ئەگەر وا نەبێ دەبێ هاوتابن. لە تەلەوزیۆنەکانی کوردیدا بە تایبەت لە بەرنامەی زیندوودا زۆرجار کامێرا یان پاسیڤە و یان سەرگەردانە. بینەر لە کاتی تەماشاکردندا نابێ ماتلی ئەوە بێ، کە کەی سیمای قسەکەر دوای قسەکانی دەردەکەوی. کامێرا کاتێک کامێرای تەلەزیۆنە کە بە خێرایی قسەکردن وێنەکان بگوێزێتەوە، دەنا دوورە لەو پرنسیبەی کە لە سەدەی 16 کاری بۆکرا و دوریشە لەو تەکنیکە کە ئەمرۆ کاری پێدەکرێ.

**تلەوزیۆنەکانی کوردی دەربیجەیەک داخراو بە رووی جیهاندا**

ئەو موسیقاییەی کە لە سەر دەستی کۆمەڵێکی زۆر گۆرانی بێژ و لێزان و شارەزای موسیقا و هونەر و ئەدەبیات لە 70 ساڵی رابوردودا پارێزراون، سامانی نەتەوەیی چەند ساڵە و چەند هەزار ساڵەی کورد لە خۆا دەگرن،کە لە تلەوزیۆنەکان بە تەواوی چاوپۆشی لێکراوە! بەهەمان نیسبەت ئاوردانەوەش لە تاک و تەرای گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمانە نە تەنیا لە باوەڕ و بەرنامەرێژی و دڵسۆزی تلەوزیۆنەکانەوە نایات، بەڵکو بۆ پرکردنەوەی سەعاتی بەرنامەکانە. لە بەر ئەوەی لە هیچکام لەم تلەوزیۆنانە پرۆژەیەک نابیندرێ بۆ پاراستن و بەردەوامی ئەم سامانە نەتەوەیە. هەرچی پێوەندی بە فەرهەنگ و ئەدەبیات و هونەری زارەکیەوە هەیە ئەگەر خەتی سووری باتڵبووی بەسەردا نەکێشرابێ، ئەوە رووی لێ وەرگێردراوە. ئەو حەولە تاکەکەسییانەش کە لەم بەستێنەدا دەبیندرێ، بێ دورنما و بێ داهاتوون. ئەدەبیاتی کوردی هیچ جێگایەکی لەو تلەوزیۆنانەدا نییە و کتێب و نووسین وەک شێعر و چیرۆک و رۆمان و دراما، خەمی

کتێب فرۆشەکانە، نە خەمی دەزگاکانی تلەوزیۆن. شانۆ و سەرجەم هونەری نمایشی ئەگەر جاروبار هەبێ، بۆ کەناندن و پێکەنیە نە بۆ پێشخستنی بیر و هزر،فکر و رامان، یان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دراما و جوانی و هەڵکشاندنی ئاستی زەوق و بینایی هونەری خەڵک. بەرنامەی زانستی و سروشتی و دەیان بواری تر لەو تلەوزیۆنانە جێگایان نەبۆتەوە. هونەر و ئەدەبیات و فەرهەنگی جیهانی لە هیچ ریگایەکەوە لەو تلەوزیۆنانە رەنگ نادەنەوە.
**تلەوزیۆنەکانی ئێمە دورگەیەکی داخراون کە بینەرانی لە دورگەیەکی فکری و فەرهەنگی و هونەرییدا قەتیس دەهێڵێتەوە، ئەوەش گەورەترین زیانە کە نەوەکانی داهاتوو لە رێگای ئەو تلەوزیۆنانەوە دەیبینن.**

**گۆڕینی فەرهەنگی کورد**

لە بەر ئەوەی کورد لە زمان و هونەر و فەرهەنگدا بە ئیستاندار نەگەیشتووە و بنەمای دیار و رۆشن لەو بوارانەدا نییە، لە لایەنی فکری و بیروباوەڕ و ئایینەوە جیاوازی چڕ وپڕ و قووڵ لە کۆمەڵگاکەدا هەیە، لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە لە سیستمێکی ناوەندی پەیرەوی ناکرێ، ئامادەگی زۆرتر بۆ تێکدان و گۆڕانی هەموو لایەنەکان بەدی دەکرێ.
ئەو ئاڵۆزی و لەبەر یەک ترازانەی کە پێشتر لە بواری فەرهەنگدا لە کوردستان دەبیندرا، ئێستا چوارچێوە و قالبی حیزبی و ناوچەیی گرتووە و تەلەوزیۆنەکانیش هەر هەمان بێ قەوارەیی فەرهەنگی دەنوێنن. ئەوەی بە زمانی کوردی بە ناوی فەرهەنگی رۆژی کورد لە رێگای تلەوزیۆنەکانەوە نیشان دەدرێ، دورە لە رەگ و ریشە و بنەماکانی فەرهەنگی کورد. بەرهەمی تاکە کەسەکان زۆرتر رواڵەتی شەخسی هونەرمەند و گۆرانی بێژ و موسیقار و شانۆوان و سینەماگەر دەردەخەن هەتا وێنەی نەتەوەیی، نەتەوەیەک کە خاوەنی سامانی نەتەوەیی و عەقڵیەت و فەرهەنگ و هونەر بێ. بەرهەمگەلێک کە بە خێرایی و دور لە فەرهەنگ و هونەر و لێزانین چێ بکرێن بە خێرایش ون دەبن.
**تلەوزیۆنەکان بە تایبەت لە بواری هونەر و فەرهەنگ دا وەشوێن هەرزانترین هونەر و هونەرمەند کەوتوون، کە نە تەنیا هونەری پێ وێران کراوە بەڵکو کۆمەڵگاکەشی پێ نەخۆش کراوە و بەرەو جیلێکی تەواو بێگانە لە گەڵ جیهانی مەعنەوی و ئەرزشی و هونەری و فەرهەنگی کورد بار هێندراوە.**

دەرگای تەلەوزیۆنەکان بە سەر گەورترین سامانی نەتەویی کورددا داخراوە. لە سەرەتایی سەدەی بیست هەتا کۆتایی سەدەکە، چەند بەرە و نەسلی کورد فەرهەنگ و هونەری موسیقای کوردیان پاراست و گەیاندیانە ئەمرۆ، کە لە رێگای دەزگاکانی دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستانەوە بە هیمەتی سەدان کەسی دڵسۆز پارێزراوە، ئەمرۆ لە لایەن دەزگاکانی تلەوزیۆنی کوردییەوە ئەو سامانە وەلا نندراون. ئەمە لە خۆیدا بە مانای خۆتوواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنە کە بە دەستی خۆمان دەکرێ. ئەم بەشە بە تایبەت لە لایەن ئەو تلەوزیۆنانەوە ئەنجام دەدرێ کە خۆیان بە پێشکەوتوو دەزانن. ئەدەبیاتی کوردی لە تلەوزیۆنەکاندا سڕاوەتەوە. شانۆ و هونەرەکانی تر لە هەمووشت بێ نازترن. سیاسەت لە رێگای تلەوزیۆنەکانەوە خەریکە هەمووشت قوت دەدات. دەزگاکانی تلەوزیۆن فەرهەنگ و هونەری کوردیان خستۆتە مەترسی جیدییەوە. بەرەی نوێ بە فەرهەنگ و هونەرێک عادەت دەدرێن کە نە فەرهەنگی سالمی وڵاتانی دەوروبەرە و نەفەرهەنگی سالمی رۆژئاوایە، بەڵکو فەرهەنگ و هونەری تاکە کەسانیکە کە نە لە چوارچێوەی هونەردا دەگونجێ و نە لە چوارچێوەی فەرهەنگدا. تەنیا رێگای بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە تەلەوزیۆنەکانی کوردی و بەرنامەگێرانی لە چەشنی خۆیانە، دەنا لە هیچ شوێنێکی

ئەم جیهانە ئەو چەشنە هونەرمەندانە رووی دەرەوەی تەلەوزیۆنەکانیش نابینن، چ بگا بەوەی بەرهەمیان لێ بڵاوکرێتەوە. **تەلەوزیۆن هەر دەم شەمشێری دوو دەم بووە و دوو دەمیش دەمێنێتەوە، پرسیار ئەوەیە کە خاوەنی تەلەوزیۆنەکانی کورد لە کام دەمی کەڵک وەردەگرن؟**

**هونەرمەندان و تەلەوزیۆن**

هونەرمەندی کورد لە وڵاتی پر لە حیزب و مێدیایی حیزبی دا ئازاد و سەربەخۆ نییە. هونەرمەند یان وابەستەیە، یان دژبەرە، یان سەرگەردانە. مەبەستی سەرەکی هونەرمەندگەلی وابەستە حیزبە و لە بازنەی حیزبدا دەخولێنەوە. ئەوان ئەو رێگایە دەپێون کە تاقیکردنەوەی جیهانی و وڵاتی خۆمان سەلماندویەتی کە داڕزاندنی هونەر و فکر و هونەرمەندی لە دوایە. پێوانەی هونەری و فکری و کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە هانیان دەدا بە زمان و فکری حیزبی دژایەتی لە گەڵ باقی هونەرمەندانی بکەن، بەو چەشنە دەچنە ئەو مەیدانەوە کە دەبێتە هۆی پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگای هونەرمەندان و جیهانی مەعنەوی هونەری.

هونەرمەندانی دژبەر لە لایەن حیزب و دەزگاکانییەوە نە تەنیا راونداون، بەڵکو دەزگاکانی حیزبی بە دژیان کار دەکەن. بەرهەمی ئەم هونەرمەندانە لە لایەن حیزبەکانەوە بایکۆت دەکرێ و بە زەحمەت رووی دەرەوە دەبینن.

هونەرمەندانی سەرگەردان ئەو دەستەیەن کە هەم لە ناڵ دەدەن و هەم لە بزمار. ئەو دەستەیە بۆ ئەوە لە ژیانی پر لە زەحمەتی هونەریان بەردەوم بن، وەک قەرەج ماڵ و ماڵ دەکەن و لەم دەزگا بۆ ئەو دەزگای حیزبی ماڵ دەگوێزنەوە.

جیا لە چۆنیەتی هونەرمەندەکان خۆیان، حیزبەکان لەو بەستێنەدا دەوری سەرەکی بۆ ماڵە و ماڵ پێکردنی ئەو دەستەیە دەگێرن. هیچکام لەو سێ دەستەیە لە وڵاتی پر لە حیزب و مێدیای حیزبیدا بەو ئامانجە هونەرییە ناگەن کە پێویستی کۆمەڵگا و نەتەوەکەیە.

تەلەوزیۆنەکان لەو بوارەدا زۆرترین زیانیان بە هونەر و هەر سێ دەستە هونەرمەند، گەیاندووە و قەیرانی هونەر و هونەرمەندی کوردستانیان قوڵتر کردۆتەوە.

هونەرمەند **"لەو سیستمەدا زۆرتر پلاکە بە دەرگای ماڵی حیزب و مێدیای حیزبییەوە"! ئەم سیستمە وێرانی هونەر و فکر بە دوای خویدا دێنێ!** هونەر لە ئازادیدا، هاوکات لە گەڵ شارستانییەت دەتوانێ برەو پەیدا بکات.

کۆمەڵگای داخراوی ناو ئیدئۆلۆگی، ئایین، حیزب و چەشنێک لە مۆنۆپۆلی فکری و دەستە و تاقمێک، هونەر و هونەرمەند و مەعنەویەتی ناو کۆمەڵگا، بەرەو هەژاری دەبا. تەلەوزیۆنەکان ئەگەر ئەو سنور و دیوارانە نەروخێنێن، دەبنە "پێشرەوی پەرە پێدان بە هەژاری". هەژاری فکری و هونەری و فەرهەنگی نە بە سوودی حیزبەکانە، نە بە سوودی هونەرمەندان و نە بە سوودی خەڵک و کۆمەڵگا. روخاندنی ئەو دیوارانە تەنیا ئەرکی تەلەوزیۆن و حیزبەکان بە تەنیا نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو کۆمەڵگاکە، بە تایبەت فەرهەنگسازانە. بازنەی فکری و هونەری و فەرهەنگی هەر هونەرمەند و هەر تاکێکی هەر حیزبێک دەبێ بە پانتایی هەموو کوردستان و جیهان بێ و سەروەری و بەختەوەری ئینسانەکان مەبەستی بێ، ئینسانەکانی هەموو نیشتمانەکەمان! جیهانی فکری و هونەری هەر هونەرمەندێکی کورد ئەگەر لەو بازنەیە بترازێ، لە بازنەی هونەر و فکر دەردەچێ!

**نەورۆز و سەری ساڵ**

خەڵکی کورد و رۆشنبیرانی لە ژێر دژوارترین بارودۆخدا نەورۆز و سەری ساڵی کوردیان جێژن دەگرت و دوچاری لێدان و کوشتن و زیندان دەهاتن. نەتەوەی کورد لە ژێر پۆستاڵ و چەکمەی

دەیان چەنگیز وموغول و ترک و تاتار و عەرەب و عەجەم بەرگریان لە خۆیان و پێکاتەکانی فەرهەنگی و هونەری و فکری و ئایینیان کردووە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا خۆمان لەشکرکێشی دەکەینە سەر فەرهەنگی خۆمان!

ئەمرۆ لە ڕێگای تلەوزیۆنەکانەوە ئەوە بۆتە ئەمرێکی ئاسایی کە کورد سەری ساڵی زایینی بە سەری ساڵی خۆیان بزانن. ئەوەی ڕژیمەکانی عێراق و تورکیا و سوریا سەری ساڵی تازەی خۆیان کردۆتە مەسیحی هۆی تایبەت بەو وڵاتانەوە هەیە و نابێ کوردیش هەمان هەڵوێستی هەبێ. کورد ساڵنامەی و ڕۆژژمێری خۆی هەبووە کە ریشەی لە مێژووی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ناو سەرزەمینی ئێران و مێزۆپۆتامیادا هەبووە و هەیە و سروشتیە کە ئەم میژووە درێژە پەیدا بکا. کوردی باشور و باکور و ڕۆژئاواش مێژوو و داب و نەریتیان درێژەی هەمان مێژووە و سروشتییە کە خۆیان بە خاوەنی ئەم مێژووە بزانن. بەڵام دەزگاکانی تلەوزیۆن بوونەتە شوێنی رمبازێنی فەرهەنگی نامۆ کە بە بێ لێکدانەوە، وەک داب و نەریتی کورد لە شاشەکان بڵاو دەکرێنەوە. **پاپا نوئێل و گۆرانییەکانی کرسیمەس دەبنە ئارمی ڕەسمی تەلەوزیۆنەکان، کارێک کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواش وێنەی نەبیندراوە.** لە بەرنامەی منداڵانی تەلەوزیۆنەکاندا پاپانوئیل دیاری دابەش دەکات و پێشکەشکەری بەرنامەش کڵاوێکی قوچ دەنێتە سەری و بە تەلەفون قسە لە گەڵ منداڵان دەکات و وادەنوێنێ کە ئەوە داب و نەریتی کوردە و منداڵیش دەبێ وەک فەرهەنگی خۆیان فێری بن. ئەوە لە کاتێکدایە کە داب و نەریتەکانی کورد لە زستان و بەرەو بەهار، بە تەواوی سڕاونەتەوە و کەسێک ئاوڕ لە شەوی چلە و براگەورە و براچکۆلەی چلەکان و پیرێژن و پیری نەورۆزی و کۆسەی نەورۆزی و چوارشەمەسووری و نەورۆز و جێژنەکانی کۆنی کورد نادتەوە. پاپا نۆئێل دەبێتە سەنبولی لاوانی سولەیمانی و هەولێر و سەری ساڵی مەسیحی، دەبێتە سەری ساڵی کوردی. باسکردن لەم بابەتە بەو مانایە نییە کە ئێمە دژایەتی لە گەڵ داب و نەریتی مرۆڤ و کەسی تر بکەین، مەبەست ئەوەیە کە چۆن تلەوزیۆن دەتوانێ بە خشکە و لە ژێر ناوی نوێخوازی و بە "جیهانی بوون" فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەیەک بێ ڕەنگ و کەم ڕەنگ بکات. میللەتانی چین و یەهودی و ئەفریقایی و تەنانەت میللەتانی ئوروپیش تێدەکۆشن پێوەندی خۆیان لە گەڵ ڕابوردو نەپچڕێنن. لە وڵاتی ئاڵمان نە تەنیا هەموو داب و نەریتەکانی لە دایک بوونی مەسیح، کریسمەس و سەری ساڵ وەک پێشوو ڕێزی لێ دەگیرێ، بەڵکو حەولی ئەوەش دەدەن هەمان ڕێ و ڕەسم وەک سەدان ساڵ و هەزارەکانی پێشوو لە پرۆگرامی تایبەتدا نیشانی خەڵک بدەن. کاناڵەکانی تلەوزیۆنی ئەو وڵاتە بە گشتی لە ڕێگای فیلم و سریاڵ و شانۆ و گۆرانی و موسیقا و بەرنامەکانی ترەوە ئەم مێژووە بۆ هەموو خەڵک بە منداڵ و لاو و تەمەنساڵەوە دەگوێزنەوە. جگە لەوە شیرکەت و دام و دەزگای تیجاری هونەری هەن کە بە درێژای ساڵ و بەتایبەت لە مانگی دسامبردا ئەو ڕێ و ڕەسمانە، وەک سەدەی 12 و 13ی زایینی نیشان دەدەن. لە بازاری سەدەکانی ناوەراست و بازاری ئایینەکانی کریسمەسی سەدەکانی ناوەراست، نەتەنیا مرۆڤ فەرهەنگ و هونەری ئەو سەردەمانە دەبینێ، بەڵکو هونەری نەتەوەکانی تریش دەبینێ. بۆ وێنە چەند ساڵ لەوە بەر لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا بینەری گرۆپێکی موسیقا بووین کە گۆرانی و نەوای سەدەکانی ناوەراستیان دەژاند، گروپەکە بۆ ناساندنی خۆیان وتیان:**" ئێمە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچین و لە مێزۆپۆتامیا دەبینە میوانی موسیقای کوردی"**. ئێمە بە بیستنی ئەم وتانە سەرسام دایگرتین. پاشان چەند مێلۆدی کۆنی کوردیان پێشکەش کرد، کە لای خۆمان هەر ناویشی نەماوە. هەر ئەم ساڵ تلەوزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەواڵێکی تلەوزیۆنیدا گرۆپێکی ئاڵمانی نیشان دا کە ڕێ و ڕەسمی کۆنی ئاڵمانییەکانی بە جل و بەرگی کۆنەوە نیشان دەدا، کە بەرو پیری زستان دەچوون. ئەو کۆمەڵە کەسە سەروچاوی خۆیان بە ڕەژی ڕەش کردبوو و زەنگوڵەیان بە خۆوە هەڵواسیبوو و بەرەو پشت سواری وڵاغ ببوون. ئەم ڕێ و ڕەسمە زۆرتر لە

کۆسە بەبە و پیری نەورۆزی کوردەکان دەچوو کە لە دە رۆژی ئاخری زستاندا بەرەوپیری ساڵی تازە و نەورۆز دەچن. بێ گومان نەتەوەکانی سەر گۆی زوەی لە یەکتر شت فێربوون و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگ و داب و نەریت کارێکی ئاساییە. بەڵام لە بیر کردن و سڕینەوەی داب و نەریتی رند و جوان بە دەستی خۆمان و لە رێگای تلەوزیۆنەکانی خۆمانەوە، نە ئاساییە و نە رەوایە. هاونیشتمانانی مەسیحی و کەلدانی و ئاشوری و باقی پێکاتەکانی دی کوردستان دەبێ ئیمکانی ئەوەیان هەبێ، داب و نەریتەکانی خۆیان لە وانە جێژنەکانی کریسمس و سەری ساڵ بەرپا بکەن، تەلەوزیۆنەکان ئەو ئیمکانە لەوان وەردەگرن و خۆیان روتوشێکی نامەعقول لە داب و نەریتەکانی ئەوان لە کریسمەسدا نیشان دەدەن، کە نابێ وا بێ!
ئەگەر راستی مێژوویی لە بەرچاو بگرین سەری ساڵی مەسیحی سەری ساڵی هاووڵاتیانی مەسیحی و کەلدانی وئاشوری و ئەرمەنی و کوردی مەسیحی نییە و هەرکام لە وانە مێژووی سەری ساڵی خۆیان هەیە. ئەگەر تەلەوزیۆنەکان هاوژینی هاووڵاتیان بە گرینگ دەزانن، با سەرێک لە مێژووی ئەو هاووڵاتیانە هەڵهێنەوە وبەرنامەی تایبەت بۆ وان چێ بکەن، یان ئیمکان بۆ خۆیان بڕەخسێنن تا فەرهەنگی خۆیان باشتربە هاووڵاتیان بناسێنن.
نەورۆز سەری ساڵی کوردی بووە و دەبێ سەری ساڵی باشوری کوردستان و بەشەکانی تری کوردستانیش بێ و سالی کوردی ساڵی رەسمی کورد بێ. وەک چۆن ئاڵای کوردستان پێناسەیەکە بۆ رەنگی نەتەوەیی کورد،دەبێ ساڵی کوردیش کە 2705 ساڵ لەوە پێش دەستی پێکردوە، ببیتە ساڵژمێری نەتەوەیی و ستونێکی تری کەسایەتی و مێژووی کورد. ئەوەی عارەبی سوری و عێراقی و ترک و فارس ساڵەکانی مەسیحی یان ئیسلامی دەکەنە سەرەتا بۆ ساڵژمێر، مافی خۆیانە بەڵام داسەپاندنی ئەو ساڵنامەیە بە سەر کورد و کوردستاندا رەنگێکی زەقی زەوت کردنی لایەنی نەتەوەیی ئێمەی کوردە. ئەگەر تەلەوزیۆنەکانیش ئەم سیاسەتە بگرنە بەر، یارمەتی سیاسەتی داسەپاوی چەند ساڵەی دەوڵەتانی دەروبەریان داوە یان بوونەتە لاسایی کەرەوەی رۆژائاوا، ئەگەر ئەو کارە بۆ دڵنەوایی ئەمریکی و رۆژاواییەکان کرابێ، ئەوە کارێکی بێ پرنسیپانەیە کە نابێ وا بێ.

**لاسایی کردنەوەی تلەوزیۆنەکانی دەوروبەر**

ئەوەی تلەوزیۆنەکانی کورد زۆر باشی لێدەزانن، لاساییکردنەوەی زۆر زۆر ناشیانەی تلەوزیۆنەکانی ترک و فارس و عەرەبە. لە 96 سەعات بەرنامە کە لە 24 سەعاتی شەو و رۆژدا بڵاو دەکرێتەوە، بەشی زۆری تەرجومەی رواڵەتی و ئیستیل و شێوەی سازکردن و نواندنی تلەوزیۆنەکانی ئەو وڵاتانەن، کە لە بنەرەتدا هیچ خزمایەتیەیەکی هونەری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیان لە گەڵ کورددا نییە. لاسایی کردنەوەی ئەو تلەوزیۆنانە، کە ئەرکی تواندنەوی نەتەوەی کوردیان لە ئەستۆیە، درێژەدان بە هەمان سیاسەتە لە رێگای رایەلەکانی خۆمانەوە. تا ئەو کاتەی تلەوزیۆنەکانی ئەو نەتەوانە رەنگدانەوەی سیاسەت و فەرهەنگ و هونەریکی رەگەزپەرەستانە و ئیدیۆلۆژیانە بن، نە خێریان بۆ نەتەوەکانی خۆیان دەبێ، نە بۆ نەتەوەی کورد. ئەو کەسانەی لە ژێر کارتێکردنی فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیاتی هەرزانخرِدا، کار دەکەن و لاساییکردنەوەی ئەو فەرهەنگانە لە ژێر ناوی گلۆبالیسم و سەردەمی(عەولەمە!!؟؟) دەگوێزنەوە بۆ تلەوزیۆنەکانی کوردی، سەفیرانی درۆینی هونەر و فەرهەنگن. بۆ ئاگادری ئەم کەسانە دەبێ بگوترێ هەر لەو وڵاتە ئوروپاییانەی کە ئێمە دەمانەوێ وەک ئەوانمان لێ بێ، دژایەتی جیدی لە بەرانبەر فەرهەنگ و هونەری ڕزیو و گنخاودا هەیە و بە جیدی پێش بە ئەمریکانیزەکردنی زمان و فەرهەنگەکەیان دەگرن. وڵاتانی ئاڵمان و فەرانسە و بلژیک و ئوتریش و سویس و وڵاتانی سکاندیناوی بە تەواوی پاریزگاری لە زمان و عونسورەکانی فەرهەنگ و

هونەری خۆیان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا خۆیان لە حەسارێکی تەنگدا ناهێڵنەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە هەر کام لەو وڵاتانە دەوڵەت و سیستمی دامەزراو و زمان و فەرهەنگ و هونەری چەسپاو و پێناسە و کەسایەتی دیاری خۆیان هەیە و خۆشیان بە جیهانی و ئوروپایی دەزانن. کورد کە زمان و فەرهەنگ و هونەری ستاندارد و یەکگرتووی نەچەسپاوە، پێویستی بە پارێزگاری زۆرتر هەیە. تلەوزیۆنەکانی کورد بە لاسایی کردنەوەی هیچ فەرهەنگ و هونەر و فکر و سیاسەتێک یارمەتی کەسایەتی سەربەخۆ و بیرکردنەوەی بینەرانی خۆی نادا. بازنەی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد  لە رێگای تەلەوزیۆنەوە نابی بکەویتە بازنەی لاساییکردنەوە! لاسایی کردنەوە قەوارەی لەرزۆکی فەرهەنگ و هونەری کورد بەرەو هەڵدێر دەبا.

**هەژاری فەرهەنگی و تلەوزیۆن**

هەر کوردێک لە شەو و رۆژدا لە نێوان 4 هەتا 12 سەعات سەیری تلەوزیۆن دەکات. ئەوەی لەو ماوەدا هەر کەس جگە لە تەماشاکردن چی دەکات، جیاوازە. تلەوزیۆن پێش بە خواردن و خواردنەوە ناگرێ و بە پێی لێکۆڵینەوەکان مرۆڤ لە کاتی سەیرکردنی تلەوزیۆن، زۆرتر خۆی بە خواردن و خواردنەوە، خەریک دەکات و کەمتر دەجولێتەوە. قەڵەوی و هێندێک نەخۆشی تر بەرهەمی زۆر دانیشتن و زۆر خواردن لە کاتی سەیرکردنی تلەوزیۆنە. سەیرکردنی تلەوزیۆن رەنگە پێش بە هێندێک کار کە بە دەست دەکرێ، نەگرێ، بەڵام رێگا لە هەموو ئەو کارانە دەگرێ کە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، وەک خوێندنەوە، نووسین و کاری تر. تەماشاکردنی تلەوزیۆن بە رادەیەکی یەکجار زۆر ژمارەی کتێبخوان کەم دەکاتەوە. چوونە دەروە لە ماڵ بۆ بینینی شانۆ و سینەما کەم دەکاتەوە.
تیراژی چاپی کتێبی شاعیران و نووسەرانی ناوداری کورد لە باشوری کوردستان لە 500 بەرگ تێپەر ناکات.  ژمارەی کتێبخوانی کورد لە هەموو نەتەوەکانی تری دەورو بەر کەمترە، لەو بەستێنەدا تلەوزیۆنیش دەوری نگاتیو بۆ کەمکردنەوەی کتێبخوان دەگێڕێ، لە حاڵێکدا دەکرابە پێچەوانە بێ.
لە تازەترین ئامار کە لە کوردانی نیشتەجێی شاری ستکهۆڵم لە لایەن "قەرنی قادری"یەوە لە ماڵپەڕی کوردستان پرێس دا بڵاو کراوەتەوە، پەی بە ژمارەی کتێبخوانی کورد لەو وڵاتە دەبەین. لە ماوەی ساڵی 1999 هەتا ساڵی 2005 ناوی 26 کتێب لە 11 نووسەر هاتووە کە 256 جار وەرگێڕاون. ئەگەر وای دابنێین کە ئەو کتێبانە 256 کەس لە ماوەی 7ساڵدا وەریانگرتووە، لە ساڵدا دەبێتە 36 کەس و لە مانگدا دەبێتە سێ کەس. هەر چۆنێک لێکی بدینەوە بەو سەرئەنجامە دەگەین کە کورد لە ناو وڵات  و دەرەوە رەنگە کتێب نووسی لە کتێبخوان زۆرتر بێ!!
بێ گومان ئەگەر ئاماری چاپی کتێب بە زمانی کوردی لە باشور و رۆژهەڵات و باکور و رۆژئاوا سەیر بکەین ئەم هەژارییە زۆتر دەردەکەوێ. بە پێچەوانە، بەشی زۆری ماڵە کوردەکان سەیری تلەوزیۆن دەکەن و ساعەتگەلی ژیانیان لە بەر شاشەی تلەوزیۆن تێدەپەڕێ، تلەوزیۆن کاتی کتێب خوێندنەوە و چوون بۆ شانۆ و سینەما هەڵدەلوشێ بەڵام جێگای کتێب خوێندنەوە و سینەما و شانۆ پر ناکاتەوە، هەژاری کتێب و سینەما و شانۆ کۆمەڵگا بەرەو کوێ دەبا؟

**نەبوونی پسپۆڕ و شارەزا**

لە وڵاتانی تر تلەوزیۆنەکان لە لایەن سەدان و هەزاران کادر و ئینسانی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکانەوە بەرێوە دەچێ و هەر تلەوزیۆنێک بە شوین باشترین پسپۆڕدا دەگەڕێ. لەو وڵاتانە تلەوزیۆن بە حەساسترین دەزگا دەژمێردرێ کە هەم دەتوانێ کۆمەڵگا بەرو پێشکەوتن بەرێ و هەم بە  لارێدا بەرێ. مێژوو هەر دوو لایەنی تلەوزیۆنی نیشان داوە. ئێمەی کورد دەبێ بە کام

باردا تلەوزیۆن بە کار بێنین. **تلەوزیۆنی حیزبی هەمە لایەن نییە، هەمە رەنگ و فرە بیر و فرە کولتور نییە.**

یەکێک لە نووسەرانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ زمانی حاڵی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ مەحمودی مەلا عیزەتدا لە رێگای "کوردسات"ەوە دەڵێ:" ئێمە هاتنی مەحمودی مەلا عیزەتمان بۆ رۆژنامەکە زۆر پێناخۆش بوو، پێمان وابوو بە هاتنی ئەو ئێمە دەکەوینە پەراوێزەوە!" ئەم بۆچوون و بیرکردنەوەیە ستانداری هەموو دەزگاکانی کوردستان، لەوانە دەزگاکانی تلەوزیۆنە. ئەم بۆچوونە تلەوزیۆنەکانی لە هەژاریدا هێشتۆتەوە. تلەوزیۆنی بێ شارەزا، تەنیا دەتوانێ هەژاری بیر و هزر و فەرهەنگ و هونەر پێشکەشی بینەرانی بکا.

**لە وڵاتانی تر شارەزاترین و کارامەترین کەسان لە هەموو بوارەکاندا دەکێشرێنە تلەوزیۆنەکان، لە وڵاتی ئێمە بە پێچەوانەیە. وادیارە رساڵەتی تلەوزیۆن لە کوردستان لە هەموو جیهان جیاوازترە.**

**هونەری ویدئۆکلیپ لە جیهان و لە ناو کورددا!**

بۆ جاری یەکەم لەسەدی 16ی زایینی لە "ئوروپای ناوەندی" لە ریگای"grafischen Cembalo" ەوە حەول درا دەنگ و وێنە لە یەک گرێ بدرێ. لە دەستپێکی سەدی 21 پاش مێژوویەکی دور و درێژ کورتترین فۆرمی ویدیۆکلیپ چێ کرا. سێ ئێلێمنتی سەرەکی ویدیۆ کلیپ بریتین لە موزیک، وێنە و ئاکتۆر. جاری وایە بە جێگای مرۆڤ لە رۆبۆتا کەڵک وەردەگرن. ویدیۆ کلیپ بە پێچەوانەی هەموو هونەرەکانی تر بە خێرایی تووشی گۆڕان بووە و لە رێگایDVD ەوە بە باشترین شێوە کەوتۆتە ناو ماڵەکان.

ویدیۆکلیپ دەمێکە حیسابی هونەرێکی سەربەخۆی بۆ دەکرێ . جیلی پێشووی ویدیۆ کلیپ لە ساڵانی 60 بۆ مەبەستی گۆرانی وەک کورتە فیلم، کەڵکی لێوەرگیرا و لە خزمەتی شیرکەتەکانی دروستکردنی سەفحە(قەوان)دابوو. بەو چەشنە ئیتر پێویست نەبوو گروپەکانی موسیقا بۆ بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانیان، خۆیان بگەێنە کاناڵەکانی تلوزیۆن، ناردنی ئەو فیلمانە کاری ئەوانی هاسان کردبووە.

هەرچەند سەرەتای ویدیۆکلیپ وەک"grafisches Cembalo" بۆ سەدی 16دەگەرێتەوە کە لە حەوشی رالفی دووهەم، پاشای پراگ،Giuseppe Arcimboldo دەستی پێکرد، بەڵام پێشکەوتنەکانی دوایە کە بە خێرایی رووی دا دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی 20 و سەرەتای سەدەی 21. لە سەدەی 16 بۆ هەر نۆتێکی موسیقا بە شێوەی مکانیکی رەنگێک دیاری کرا، کە هەتا دەرکەوتنی قانونی رەنگەکان و رەنگی پیانۆ لەسەدەی بیستەمدا بەکار هێندرا.

بە شوێن ئەمەدا لە ساڵی 1929 لە گەڵ پەیدابوونی تۆن و دەنگی فیلم، ئیمکانی پەیوەست بوونی موسیقا و رەنگ پێک هات. هەر لەو سەردەمەدا موسیقای فیلم چێ کرا، کە ماوەکەی بە درێژای 90 دەقیقەی، فیلمەکە بوو. بۆ یەکەمجار لە کۆتایی شەستەکان، ئیدە و ژێربینای کلیپ دارێژرا. لە گۆرانییەکانی پاپدا ماوەی کلیپەکان لە نێوان 2،5 هەتا چوار دەقیقە(خولەکدا) دەسوڕایەوە، کە دەبوو هونەرمەند لەم ماوەدا بە باشترین شێوە دەرکەوێ. ئیمکاناتی ئەو کارە لە درێژەی حەفتاکاندا زۆرتر بوو. پێشکەوتنی ویدیۆ سێنت سایزر لە ساڵی 1971 ئەو ئیمکانەی رەخساند کە وێنە بە بێ بوونی وێنەی پێشتر بخوڵقێندرێ. ئەم ئیمکانە لە پێشدا بۆ هونەری ویدیۆ لە لایەن چێکەرانی موسیقای هەمە چەشنەوە کەڵکی لێورگیرا. پێشکەتنەکانی کلیپ کە بۆتە ستانداردی کلیپی ئەورۆ، لە کۆتای ساڵی 1970 زۆرتر بەرەو پێش چوو. لە ساڵی 1977

دەزگای ویدیۆ کەوتە ماڵەکانەوە، ساڵی 1981 بۆ یەکەم جار تەلوزیۆنێک دامەزرا کە تەنیا موزیک کلیپی نیشان دەدا، کە بەناوی.(Music Television (MTV ناسراوە.

پێشکەوتنەکانی ساڵی 1982 و 1986 لە بوارەکانی دەنگ ومونتاژ، هێندەی دی هونەر و سەنعەت و تەکنیکی ویدیۆ کلیپی بەرەو پێش برد و مانایەک و رۆڵێکی تایبەتی تری بە وێنە بەخشی. ئەم پێشکەوتنە ساڵی 2001 گەیشتە ئەو جێگایەی کە وێنە لە کلیپدا خۆی وەک میدیایەکی وێنەیی بەهێز دەرخست. ئەمرۆ کلیپ و ویدیۆ کلیپ وەک هونەرێکی سەربەخۆ وەک هونەرێکی جیهانی لە لایەن هەموو میللەتانەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ.

نووسینی سناریۆ، دەورگێڕان و دەرهێنان و کارەکانی تەکنیکی ویدیۆکلیپ دژوارە و پسپۆڕی تایبەتی گەرەکە. ویدیۆ کلیپ نە دەرفەتی فیلمی کورت و درێژی تێدایە و نە وەک فیلمەکانی تەبلیغاتی تیجارییە. تێکست و موسیقا و وێنە لە هونەرێکی چەند دەقیقەییدا دەبێ یەکتر بگرنەوە و سەرجەم هونەرێکی تازەتر پێک بێنن کە هەر سێ ئیلێمێنت تێدا درەوشاوە بێ. کاری ویدیۆکلیپ وەک هونەری میناتور وایە و دەبێ لە چوارچێوەیەکی تەنگدا تابلۆیەک بخولقێندرێ. باشترین ویدیۆ کلیپەکانی جیهان لە لایەن باشترین سناریۆنووس و دەرهێنەرانی فیلم و سینەماوە سازکراون. تێکست و شێعر، رەنگی نۆت و وێنە دەگرن، وێنە و نۆتیش رەنگی وشە و پیتەکان دەگرن. ئەم تێکەڵکردنە دیالکتیکییە و مۆنتاژی کۆتایی تێکست و وێنە و موسیقا ، کاری کۆمەڵە کەسێکی شارەزا لەو بوارانەدایە، کە ویدیۆکلیپ دەخولقێنن. لە ویدیۆکلیپەکاندا تەنیا لەو سێ ئیلێمێنتە کەڵک وەرناگیرێ و هونەرەکانی تر وەک سەما بە هەموو جۆرەکانییەوە دەبنە بەشێک لە کاری ویدیۆ کلیپ، بە واتایەکی تر ویدیۆکلیپ کۆی زۆربەی هونەرەکانە، بەرزی هونەرەکەش هەر لەوەدایە.
لە ناو گۆرانی بێژانی کورد و دەزگاکانی تلەوزیۆن و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ویدیۆکلیپ بە گشتی، ئەو هونەرە دابەزێندراوە و هەر ویدیۆکلیپێک کە دێتە بازار و لە تلەوزیۆنەکان بڵاودەبێتەوە، ئیستانداردی گۆرانی بێژەکە و ئەو کەسانەیە کە تێکست و وێنە و موسیقا لە یەک دەبەستنەوە. جگە لە چەند ویدیۆ کلیپ کە لە رۆژهەڵات و باشور و باکوری کوردستان چێ کراون، ئەوانی تر بە تایبەت ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵات سازکراون رەنگی هونەریان پێوە دیار نییە و بەڵکو کارێکی دژی هونەر و دژی فەرهەنگن. سناریۆ، تێکست، وێنە، موسیقا لە زۆربەی ویدیۆکلیپەکاندا کەرەسەن بۆ خزمەتی کابرای گۆرانی بێژ و ویستە ناهونەرییەکانی.
لە بەر نەبوونی ئیستانداردی هونەری و نەبوونی ئیستانداردی گشتی لە نێوان دەزگاکانی تلەوزیۆنی کوردیدا و نزمی ئاستی تێگەیشتنی هونەری بەرپرسان، ئەو چەشنە ویدیۆکلیپانە بە لێشاو لە تەلەوزیۆنەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە. بە پێچەوانە کارە هونەرییەکانی بە پێز و هونەری یان رووی تەلەوزیۆنەکان نابینن یان بە دەگمەن بڵاودەکرێنەوە. بازاری بێ سەرەوبەرەی کاسێت و سی دی کوردستان یەکێکی تر لە هۆکانی فرۆشتنی بێ هونەریی و وەرشکەستەگی هونەرییە. ئەم هونەرە دەتوانێ پەنجەرەیەکی گەلێک گرینگ بێ بۆ رەنگدانەوەی هەڵبەست و موسیقا و کەلام و جوانی و ئەستەتیکی مرۆڤی کورد و وێنەی گەلێک هونەرەییانەی هونەرمەندان بێ.
ویدیۆ کلیپ دەبێ لە بەرهەمی تاکەکانەوە بەرەو بەرهەمی کۆمپانیای تیجاری ,هونەریی, تەکنیکی و سەنعەتی بچێ وئەو ئیمکانە بۆ گۆرانی تێکست و ناوەرۆک و پەیداکردنی فۆرمگەلی هونەری، بۆ لە خۆگرتنی هونەری هەمەرەنگی گۆرانی و ئاوازی ناوچەکانی کوردستان برەخسێنێ. ویدیۆ کلیپ دەتوانێ ئیمکانێکی جیهانی بێ لە دەستی شارەزایانی کورد بۆ نزیک بوونەوە لە بازاری جیهانی. ئیمکانێک کە تلەوزیۆنەکانیش دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن.

**دووکانی ئاگەهی**

ناساندنی کالا ئەمرۆ بە بەشێک لە ئابوری ولاتان دەژمێردرێ، بە تەنیا لە ولاتی ئالمان 29 میلیارد یۆرۆ لە سالی 2004، خەرجی ئاگەهی تیجاری کراوە. یەکەم ئاژانسی تیجاری جیهان سالی 1843 لە شاری فلۆریدا لە ئامریکا کرایەوە. پاش بڕیاری راگەیاندنی ئازادی وئازادی رۆژنامەوانی لە سالی 1849 لەو ولاتە،بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکان پەرەی ساند. دەستپێکی ئاگاداری تیجاری بە مانای ئەوروپیی دەگەرێتەوە بۆ سالی 1850. لەو سەردەمانەدا ئاگادارییەکان لە رۆژنامەکاندا بلاو دەکرانەوە، پاشان لە گەل پەیدابوونی رادۆ و سینەما و تلەوزیۆن و کامپیۆتێر و کەرەسەی تری راگەیاندن، ئەم بەشە بوو بە تیجارەتێکی سەربەخۆ کە هونەر و تەکنیک دەوری سەرەکی تێدا دەگێڕێ. ئەمرۆ ئاگاداری تیجاری هەموو بوارەکانی سەنعەتی،تیجاری، خزمەتگوزاری، پزیشکی،هونەری و فەرهەنگی و زانستی،فکری و ئایینی و ئیدئۆلۆگی و سیاسی دەگرێتەوە و تایبەت بە دەستەیەک لە مرۆڤەکان نییە و هەر لە مندالەوە هەتا مرۆڤی زۆر بە تەمەن دەکەونە بازنەی راگەیاندنی تەبلیغاتەوە. هەرچەند وا وێدەچێ کە تلەوزیۆن زۆرترین ئاگاداری تیجاری بلاوکاتەوە بەلام بە پێچەوانە وانییە، لە بەر ئەوەی بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکان لە تلەوزیۆن زۆر گرانە و تەنیا شیرکەت و کۆنسێرنەکانی مەزن دەرەقەتی خەرجی تبلیغاتی تلەوزیۆن دێن، بەو حالە داهاتی سەرەکی تلەوزیۆنەکان لەو رێگایەوە دابین دەکرێ.

گرانی ئاگاداری تەبلیغاتی لە تلەوزیۆن تەنیا ناگەرێتەوە بۆ زۆری بینەران بەلکو بۆ هۆنەر و تەکنیکی کارەکەش دەگەرێتەوە. باشترین فیلمەکانی تەبلیغاتی ئەو بەرهەمانەن کە لە لایەن دەرهێنەرانی جیهانەوە دروست کراون، باشترین تێکستەکانی تەبلیغات لە بەرهەمەکانی شاعیران و نووسەرانی جیهان وەک "گوتەی ئالمانی" وەرگیراون.

فەلسەفە و بنەمای ئاگاداری تیجاری لە رەدەی یەکەمدا فرۆشتنی کالا نییە بەلکو فرۆشتنی ئیدەیە، مرۆڤ لە رێگای ئاگاداری تیجارییەوە کالا ناکرێ بەلکو ئیدە دەکرێ، ناوی کالاکە دەکرێ و لە کاتی چوونە دوکان و فرۆشگاکان، داوای ئەو ناوە دەکات کە پێشتر لە رێگای تلەوزیۆن و رۆژنامەکانەوە خزێندراوەتە ناو مێشکێیەوە. ئەوەی چۆن ئەو ئیدەیە دەکرێتە فیلم و لە چ کەرەسە ولە چ بنەماگەلێکی ئیحساسی و هونەری کەلک وەردەگێرێ، نیشاندەری کاری گران و زانستی و هونەری ئاژانسەکانی تەبلیغاتە. بۆ ئەوەی ئەو ئیدەیە بە شێوەیەکی دلخواز بخزێندرێتە ناو مێشکی ئینسانەکانەوە لێکۆلینەوەی زۆر ورد لە سەر ئینسان و هەست و بیری ئەنجام دەدرێ. بەلگە زانستیەکان دەریدەخەن کە ئینسانەکان لە رێگای مێشکەوە بڕیاری کڕینی ئەو چەشنە کالایانە نادەن، بەلکو بە وتەی رۆژئاواییەکان مرۆڤ لە رێگای هەستی ناو زگیەوە بۆ لای ئەو ئیدە و کالایانە دەچێ. وێنەی زۆر بەرچاو، فرۆشتنی ئیدەی "بیمەی خانە نشینی"یە. لە رێگای تبلیغاتەوە داهاتوو دەفرۆشرێ، داهاتوویەک کە کەس نازانێ چۆن دەبێ! ئەوەی تبلیغات چۆن ژیان دوچاری گۆڕان دەکات و لایەنە باش و خراپەکانی چیە، بە پێی هەر کۆمەلگایەک جیاوازە و لێکۆلینەوەی تایبەت هەلدەگرێ، هەر بۆیە لە ولاتانی رۆژئاوا دەزگاکانی قانوونی زۆر بە وردی سرنج دەدەنە جیهانی تبلیغات. زۆر جاریش ئاژانسەکانی تبلیغاتی لە بەر لادانیان لە قانوون جەریمەی گەورە دەکرێن. کارتێکردنی تەبلیغات لە سەر مندالان و لاوان زۆر روخێنەرە و مخابن بەریشی پێ ناگیرێ.

کارتێکردنی تەبلیغات لە ولاتی ئێمە لێکۆلینەوەی لە سەر نەکراوە بەلام روونە کە تلەوزیۆنەکانی ولاتانی ئێران و عێراق و سوریە و تورکیە لە رێگای تەبلیغاتی تیجارییەوە نە تەنیا بازارێکی گەورەیان بۆ خۆیان دابین کردوە، بەلکو بەشێکی زۆر لە کالا بێکەلک و

زیانبەخشەکانی خۆیان، لە کوردستان کردۆتە پوڵ. کالاگەلێکی بێ ئیستاندارد کە لە درێژخایەندا مرۆڤ دوچاری نەخۆشی دەکەن، لە وانە دەواو دەرمانی جوان کردنی ژنان، چیپس و شوکولات و ئاو میوەی وڵاتانی ئێران و تورکیا و وڵاتانی عارەبی، لە تلەوزیۆنەکانەوە تەبلیغاتیان بۆ دەکرێ و دەفرۆشرێن و خەڵکی ئێمە کەڵکیان لێوەردەگرن، بێ ئەوەی بەرپرسان بیر لە کۆنترۆڵی کالاکە و ئەو تەبلیغاتانە بکەنەوە.

لە دە ساڵی رابوردودا تلەوزیۆنەکانی فارسی زمانی لوس ئانجلێس لە رێگای تەبلیغاتەوە تونیوایانە زۆر، کچ و ژنی کورد بکێشنە وڵاتانی وەک کویت و دوبەی بۆ عەمەلیاتی جوانی دەم و چاو و یان بۆ فرۆشتنی چەشنە دەواو دەرمانێک کە هیچی لە لایەنی ساخی و سڵامەتی لەشەوە لە وڵاتانی ئوروپایی رێگای فرۆشتنیان پێ نادرێ. جیهانی تەبلیغاتی کالا ئەگەر کۆنترۆڵی بە سەردا نەبێ کۆمەڵگا دوچاری نەخۆشیگەلی کومەڵایەتی و جسمی جۆربەجۆر دەکات.

تەبلیغاتی تیجاری 105 ساڵ پاش ئوروپا لە کوردستان لە رێگای تلەوزیۆنەکانی ئاسمانییەوە دەستی پێکرد. ئەڵبەت مێژووی کاری تەبلیغاتی تیجاری لە کوردستان، دەگەرێتەوە بۆ ساڵی 1975 کە بۆ یەکەم جار لە رادۆ کرماشان دەستی پێکرا و پاشان لە تلەوزیۆن درێژەی پەیدا کرد. بەڵام ئەم کارە لە کوردستان زۆرتر لاساییکردنەوی فارسەکان بوو.

ماوەیەکە تلەوزیۆنەکانی کوردستان سولەیمانی و هەولێر بوونەتە دووکانی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بۆ فرۆشتنی کالا. شیرکەتەکانی ترکی و ئێرانی و عارەبی لە رێگای رێکلامەکانی خۆیانەوە بازاری مەکارەیان لە تلەوزیۆنەکانی کوردستان پێک هێناوە. ئەو فیلمانەی کە لە سەر ئەم کالایانە دروست کراون و بڵاودەکرێنەوە، هەمووی رەنگدانەوەی بازارەکانی کەم رەنگ و کەم فەرهەنگی تاجرەکانی تاران و بەغدا و ئانکارا و پایتەختە تیجارییەکانی وڵاتە عەرەبیەکانن، کە هیچی لە گەڵ فەرهەنگی خەڵکی کوردستان نایەنەوە و ئاوێنەی فەرهەنگی باڵانوینی تاجرە تازەپێگەیشتووەکانی سولەیمانی و هەولێر و دهۆکیش نین. لێرەش لە رێگای تلەوزیۆناکانەوە فەرهەنگ و هونەریەک دەخزێندرێتە ناو مێشکی مرۆڤی گوندی و شاری کوردستانەوە، کە نەتەنیا پێی رانەهاتوون و لە گەڵی نامۆن، بەڵکو دوچاری حاڵەت و ئاڵوگۆرێکیان دەکات کە رەنگە لە داهاتودا لە لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و نەفسیەوە بۆ بنەماڵەکان گەلێک گران تەواو بێت.

دروستکردنی فیلمی تەبلیغاتی جیا لە لایەنە تیجارییەکەی، هونەرە و هونەرێکی زۆر چەتوون و گرانە، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی و ترک و لە وڵاتی ئێران بە تەواوی مانایەکی تری هەیە کە دور لە هونەرە. ئێران فۆرمێکی تایبەت بە خۆیان لە چوارچێوەی حکومەتی ئیسلامیدا بۆ تەبلێغاتی تیجاری دیتۆتەوە کە ئیسلام و تیجارەت بە یەکەوە بەشداری لە گەمەی ریکلامدا دەکەن. ترک و عارەبەکان بە کەڵک وەرگرتن لە هێندێک ئێلێمێنتی کۆمەڵایەتی و نیازی هەوەسرانانەی مرۆڤ و چەشنێک لە تەفەررعونی توێژەکانی کۆمەڵگای عەرەب و ترک، شتێکی تر جیا لە کالا لە رێگای پرۆپاگەندەوە دەفرۆشن. ئێرانییە شیعەکان بە شێوەی تایبەتی سەیری کالا و تیجارەت و فەرهەنگ و هونەر دەکەن کە لە گەڵ کۆمەڵگا و فەرهەنگی کوردستان جیاوازە. فیلمە تبلیغاتیەکانی فارس و عارەب و ترک بە زمان و دوبلاژێکی گەلێک هەژارانە پێشکەش بە خەڵکی کورد دەکرێن کە جگە لە گەندەڵی فەرهەنگی و بێ سەر وبەرەیی، ناوێکی تری لە سەر دانانرێ.

**ئەگەر تلەوزیۆنەکان و تاجرەتازە پێگەیشتووەکان گەرەکیانە تلەوزیۆن بۆ فرۆشتنی کالاکانیان، بەکار بێنن، دەبێ رێز لە فەرهەنگ و هونەر و زمانی خەڵکی کورد بگرن و فیلمی تەبلیغاتی بۆ کۆمەڵگای وڵاتەکەیان سازبکەن و لەو رێگایەوە هەنگاوێک بۆ پەرەپێدانی هونەر هەڵهێنەوە.**

جێگای سرنجە کە لە ژێر ناوی بازاری ئازاددا حکومەتەکان و ئیدارەکانی کوردستان و تلەوزیۆنەکان، بەشی رزیوی فەرهەنگی ئەو ولاتانە دەگوێزنەوە بۆ کوردستان. بێ گومان لەو

ولاتانەی کە ناویان هات هونەری جێگای رێزیش هەیە بەلام بۆ ئەوانە ناگەنە کوردستان و تەلوزیۆنەکان؟ ولامەکەی لە لای بەرپرسانی ئەو دەزگایانەیە؟ بنەماڵەی مەد تی ویش تەنیا تەبلیغاتی دووکان و شیرکەتەکانی سەر بە تاجرەکانی پارتەکەی خۆیان بلاو دەکانەوە.

**بەرنامەسازانی لاسیکەرەوە**

هونەرمەندان، بەرنامەسازان و سەرجەم بەرهەم هێنەرانی هونەری و فەرهەنگی کورد، هێشتا خۆیان لە ژێر دەستەلاتی سیستمی فەرهەنگی، هونەری و جیهان بینی دەستەلاتدارانی فارس و عەرەب و ترک رزگار نەکردووە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری بەرهەمی هونەری و فەرهەنگی کورد کۆپی ئەو ولاتانە و ئەو میللەتانەیە. بەرنامە چێکەرانی کورد ئەوندەی چاو لە تلەوزیۆنەکانی ئێران و ترکیا و ولاتانی عارەبی دەکەن، ئەوەندە خۆیان بە کووربوونەوە لە کۆمەڵگای کوردستان و سامانی نەتەوەیی و مێژوو و فەرهەنگ و هونەری کورد خەریک ناکەن! بەشی زۆری بەرنامەکانی هونەری کە لە کاناڵە کوردییەکان بەرهەم دەهێندرێن، کۆپی بەرنامەکانی ولاتانی دراوسێن کە زۆر کز و لاوازتر لە ئورگیناڵەکە سازدەکرێن.

**لاسیکردنەوە لە کوردستان مێژووی هەیە و لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ کە توێژەکانی هونەرمەند و فەرهەنگسازی کورد، خۆیان بە کەمتر لە هونەرمەندان و فەرهەنگسازانی نەتەوەی سەردەست زانیوە و "مەدینەی فازلە"ی خۆیان لەوان و فەرهەنگ و هونەر و زمانەکەیاندا دیتۆتەوە. ئێستاش کە خۆیان بوونەتە خاوەنی دام و دەزگای هونەری و فەرهەنگی و زانستی و سیاسی و حقوقی و ئابوری، لەو داو و جەغزە رزگاریان نەبووە و <u>دەزگاکانی خۆیان کردۆتە جێگای فکر و رامان و هونەر و زمان و ئەخلاق و مەنش و هەڵس و کەوتی ئەوان</u>.** تلەوزیۆن ئەو فەرهەنگ و مەنش و هەڵس و کەوتە لە رێگای زمانی کوردییەوە دەگوێزێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان. تلەوزیۆنەکانی کورد پرۆژەی تایبەت بە ولاتەکەی خۆیان نییە! پێناسەی تلەوزیۆنە کوردییەکان و بەرنامەکانی چییە! کە ئەوان لە تلەوزیۆنی ئەو ولاتانە جیا دەکاتەوە؟!

**تا ئەو کاتەی بنەمای فکری و هونەری و فەرهەنگی و سیاسی تلەوزیۆنەکان نەگۆڕدرێن و پرۆژەی بە کوردی کردن لە رێگای پلانی کورت خایەن و درێژخایەنەوە دیاری نەکرێ، ئەو دەزگایانە وەک بەشی کوردی تلەوزیۆنەکانی ئەو ولاتانە دێنە بەر چاو.**

**ئیستاندارد لە تلەوزیۆنەکانی کوردیدا**

سەرەکی ترین ئەرکی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و نەتەوەیی دەزگا و هێزەکانی سیاسی و پسپۆڕانی بوارەکانی جیاوازی کورد، ئەوەیە کە ئیستاندار لە سیاست و فەرهەنگ و هونەر و زمان و ئەدەبیات و لە وانە کاری مێدیا و تەلەوزیۆندا پێک بێنن. ئەو دەزگایەی کە خۆی خاوەنی ئیستاندارد نەبێ، ناتوانێ لە جیهانی پر لە ئاڵوگۆری خێرای ئەمرۆدا، کارساز و بە سوود و بێ. بوونی ئیستاندارد ئێمە لە دەوروبەرەکانمان بە کەسایەتی خۆمانەوە هەم جیا دەکاتەوە و هەم نزیک دەکاتەوە. تەلەوزیۆن ئەگەر خۆی بە ئیستاندارد گەیشتبێ، یەکێکە لەو ئامرازە جیدی و بەکەڵکەکانە کە دەتوانێ نەتەوەی کورد لە سەدەی بیست ویەک دا، لە بەختەوەری نزیک کاتەوە، دەتوانێ ئامرازیکیش بێ بۆ بەردەوامی دیلی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی هەر کام لە ئێمە! رێگا بۆ رۆیشتن بۆ هەر کام لەو دوو لایە ئاواڵەیە، کورد پێویستی بە تەلەوزیۆن لە چەشنی یەکەم هەیە، نە چەشنی دووهەم!

کۆتایی بەشی یەک

سەرماوەزی 2705 ئاڵمان

# کورد و رابەرانی لە جیهانی پڕ لە مێدیا ودیپلۆماسی ماسمێدیادا!؟

### سەردەمی دیمۆکراسی ماسمێدیا!

*ئایا دێمۆکراسی رۆژئاوایی خاسیەتەکانی باوەڕمەندانەی خۆی بە خەڵک و پاراستنی مافەکانی خەڵکی دۆڕاندووە؟ ئایا پارامێتری خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی ئەمڕۆدا هەمان وەزن و قورسایی سەدەی رابوردوویان هەیە؟ ئایا خەڵک لەم سەردەمەدا بە پێی بیر و باوەڕ و زانیاری لە سەر پرۆگرام و بەرنامەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری حیزبەکان دەنگ دەدەن؟ ئایا نوێنەری پارلەمانەکان نوینەرانی باوەڕپێکراوی خەڵکن، یان هەڵبژاردراوکانی مێدیا و دەستەڵاتی مێدیایی شێوە هالیوودین؟*

ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تری لەم چەشنە رۆژانە لە ناو خەڵکی رۆژئاوای جیهان, باسیان لێ دەکرێ. سیاسەت بۆتە رووکەشێکی تەبلیغاتی بۆ فرۆشتنی کالایەکی سیاسی کە کۆنسێرنەکانی تیجاری لە رێگای حیزبەکانەوە بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی ماس مێدیای جیهانی و ناوچەیی لە هەراجەکانی هەڵبژاردندا بە خەڵکی دەفرۆشن.

**ئیدئۆلۆگەکانی تەبلیغاتی، زانستیانە بۆیان دەرکەوتووە کە خەڵک کالا ناکڕن بەڵکوو ناو و ئارم و ناوبانگ دەکڕن.** هەموو ئەو کەسانەی کە لە فرۆشگاکان کەرەسەیەک بۆ ماڵەکەیان، یان بۆ خۆیان و یان تەنانەت شتێک بۆ جوانکردنی خۆیان و یان ساخی و سلامەتی خۆیان دەکڕن، بە شوێن ئەو ناوانەدا دەگەڕێن کە لە رێگای رادۆ و تەلەوزیۆن و سینەما و رۆژنامەکانەوە بیستوویانە. بە دەگمەن ئەو جورە کەسانە لە رێگای ناسین و زانیاری لە سەر کالا روو دەکەنە فرۆشگاکان. لەوەش زیاتر هەزاران شیرکەتی بیمە لە سەرانسەری جیهان, داهاتوو بە خەڵک دەفرۆشن، خەڵک ئەو داهاتووە نادیارە دەکڕن. فرۆشتنی ئەم داهاتووە لە رێگای مێدیاکانەوە مێسەر دەبێ. مێدیاکان بە شێوەگەلی پسپۆڕانە و شارەزایانە سرنج دەدەنە سەر حاڵەتەکانی رۆحی و رەوانی و فەرهەنگی ئینسان. زمان و ئەدەبیات، فەنی نمایش، زانست و تەکنیکی فرە بالای دارشتن، دەرهێنان و پێشکەشکردن و بلاوکردنەوە، بەکار دەهێنن بۆ ئەوە باوەڕ لە مێشکەکاندا دروست بکەن. لەم رێگایەوە لە هەر کام لەم ولاتانە سالانە میلیاردها میلیارد دۆلار و یۆرۆ پارە بۆ کڕینی ئەم کالایە کە ناوی بیمەی عومرە خەرج دەکرێ. مەبەست لێرە باس کردنی باشی و خراپی بیمەی تەمەن نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە چۆن مێدیا و سیستمەکانی دەتوانن داهاتووی نادیار بفرۆشن؟ یەکیک لە تێزە هەرە سەرەکیەکانی شیرکەتەکانی بیمە بۆ فرۆشتنی ئەم داهاتووە نادیارە ئەمەیە:**" بەشی هەرە زۆری خەڵک لە رێگای عەقل و مێشکەوە شت ناکڕن، بەڵکوو لە رێگای هەستی ورگ و زگەوە شت دەکڕن!؟"** ئەڵبەت مەبەست تێری و برسییەتی زگ و وەرگ نییە، بەڵکوو مەبەست ئەو حاڵەتە کاتی و رەوانی یە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات، کە بە زگ و ورگ نیسبەت دەدرێ، نە بە مێشک و عەقڵ! ئەگەر زۆر زانستیانە بڕوانینە مەسەلەکە، ئەوەیە کە تەنیا بەشێکی مێشک واتە لای راستی لەم هەڵبژاردنەدا بەشدارە و بەشی چەپ واتە بەشی مەنتقی تێیدا بەشدار نییە و مرۆڤ تەنیا لە رێگای هەست و ئیحساسەوە بڕیاری داوە. بە هەمان شێوە یەکێک لە تێزە سەرەکیەکانی بواری تەبلیغاتی تیجاری ئەوەیە کە "خەڵک ئیدە و ناو دەکڕن نە کالا". هەر بۆیە مرۆڤ گەمارۆدراوی هەزاران هەزار ناوە کە لەم ناوەدا تەنیا کۆمەڵیک ناو جیهانین و لە مێشکی هەر مرۆڤێکدا جێگای خۆیان کردۆتەوە، بۆ وێنە ماشینی بێنز،بێ ئێم وێ،سیگاری ماربلو،خواردنی مەک دۆناڵد،شالواری لی و کۆمەڵیک ناوی تر. ئەڵبەت فەرهەنگ و هونەر و وەرزشیش بە هەمان رێگای تجاریدا دەرۆن و سیاسەتیش هەمان رێگای گرتۆتە بەر. سیاسەتمەداران و رابەرانی سیاسی و تەنات پاپی رابەری مەسیحیەکانی

جیهان لە دەور و رۆڵی تازەیاندا وەک سوپر ستارەکانی سینەما لە میدیا و تەلەوزیۆنەکان دەردەکەون. ئەمرۆ باس لە مەسیحێک دەکرێ کە لە رێگای تەلەوزیۆنەکانەوە وەک سوپرستارەکانی هالیوود بە منالاّن و لاوان دەفرۆشرێ، وێنەش دەرکەوتنی پاپای نوێ و حەزرەتی مەسیحی نوێ بوو کە لە فستیوالی جیهانی لاوانی مەسیحی لە شاری کۆڵن لە ئالْمان لە رێگای تەلەوزیۆنەوە بە هەموو جیهان نیشان درا. لە سەدەی 21دا ئایین و مەسیحێکی نوێ بە خەڵک دەفرۆشێ کە مێدیاکان بە باشترین شێوە دەلاّلی بۆ دەکەن. ئەم وەزعە تا ئەو جێگایە پەرەی ساندووە کە مێدیا بۆتە مێشکی بیرکردنەوەی بەشێکی یەکجار زۆر لە خەڵکی جیهان. هەر بۆیە زۆر کەس بە تایبەتی ئەو کەسانە کە لە بواری فەرهەنگ و هونەر و بیر و رۆشنبیریدا کار دەکەن، تەلەوزیۆنیان لە ژیانی خۆیان دور خستۆتەوە و لە ئازادییەک دەگەڕێن کە خاوەنی مێشکی خۆیان بن.
کورد درانگتر لە هەموو میللەتانی جیهان تێکەڵ مێدیا و جیهانی ماس مێدیای جیهانی بووە. ئایا مێدیا، کورد بۆ کوێ دەکێشێ و کورد مێدیا بۆ کوێ دەبا؟

**مێدیا و وێنەی کەسەکان**

زۆرجار هەڵدەکەوێ کە بۆ یەکەم جار لە گەڵ کەسێک رووبەرو دەبین و حەزی پێناکەین، یان کاتیك بۆ یەکەم جار کەسێک دەبینین حەزی پێدەکەین و دەخوازین لە گەڵی بدوێین. پێمان وایە ئەو کەسە لە ئێمە تێدەگات. ئەوەی ئەم هەستە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ و چۆن پێک دێت رەنگە بۆمان روون نەبێت، بەلاّم رەنگە سیما و جل و بەرگ و هەڵس و کەوتەکان یارمەتی پێک هاتنی ئەم هەستە بە باش و خراپ بدەن. هەمان هەست دەتوانێ لە رێگای بینینی کەسێک لە تەلەوزیۆن، سینەما و یا بیستنی دەنگی کەسێک لە رێگای جوربەجۆرەوە پێک بێت! ئەمە هەستێکی ئینسانییە و دەتوانێ لە هەر کەسێکدا پێک بێ. زانستی کۆمۆنیکاسیۆن بە میتۆدگەلی جیاواز باس لە چۆنییەتی پێوەندییەکانی مرۆڤ لە گەڵ یەکتردا دەکات. بەشێک لەم پێوەندیانە لە رێگای مێدیای دەنگ و رەنگ و نووسراوەوە، وەک مێدیای یەک لایەن دێتە ئاراوە. یەک لایەن بەو مانایە کە بیسەر یان گوێگر تەنیا وینە و راگەیاندنەکان وردەگرێ و ئیمکانی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕای نییە و ناتوانێ گۆرانکاری لە پێوەندیەکاندا پێک بێنێ، ئەم چەشنە کۆمۆنیکاسیۆنە گۆڕانی بنەرەتی لە پێوەندییەکانی مرۆڤ لە گەڵ یەکتریدا پێک هێناوە.
مرۆڤ لە جیهانی ئەمرۆدا بە هەموو شێوەیەک بەستراوەتەوە بە مێدیا. بە تایبەت سیاسەتمەداران، هونەرمەندان و هەڵسوراوانی بوارەکانی کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی زۆرتر دەکەونە بەر شاشەی تەلەوزیۆنەکان یان سەر لاپەرەی رۆژنامەکان، تەنانەت بە هۆی بەربلاّوی و زۆری مێدیا و هاتنە مەیدانی ئینترنێت و مێدیای دژیتاڵی, هاوولاّتیانی ئاساییش کەوتونەتە بەر هێرشی مێدیا و ژیانی تاکەکەسی ئینسانەکان لە لایەن مێدیاوە هەڕەشەی لێدەکرێ و دەگوێزرێتەوە بۆ شاشەی تەلەوزیۆنەکان و لاپەرەی رۆژنامەکان. ژیان لە رۆژگارێکی وادا پێویستی بە گۆڕان لە بیر و تێروانین و جۆری ژیان هەیە، ئەگەر ئەوە بۆ کەسی ئاسایی دژوار بێ ئەوە بۆ ئەو کەسانە کە بەردەوام لە ژێر چاوەدێری مێدیاکاندان، گەڵێک دژوارترە. وێنەی بەرچاو، مەرگی پرنس دیانا ژنی چارڵزی ئینگلستان بوو، کە کەوتە بەر هێرشی وێنەهەڵگرانی جەردە و لە ئاکامدا بە هۆی کارەساتی ماشێن گیانی لە دەست دا. زۆرن ئەو سیاستمەدار و هونەرمەندانەی کە لە رێگای مێدیاوە ژیانیان داکەوتووە و دوچاری بشێوی روحی و رەوانی بوون و زۆرجار دەستیان داوتە خۆکوشتن. هەڵکردن لە گەڵ مێدیادا کارێکی هاسان نییە و پێویست بە خۆ راهێنان دەکات، هەر بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە هۆی پیشەیانەوە رووبەروی مێدیا دەبنەوە لە لایەن راهێنەرانی شارەزاوە، رادەهێندرێن و رێنومایی دەکرێن.

بۆ وێنە بیل کلینتۆن توانی لە لای زۆربەی خەڵکی دنیا وێنەیەکی پۆزێتیڤ لە خۆی نیشان بدات، بە پێچەوانە بووش سەرکەوتوو نەبووە، وێنەیەکی لە بەر دڵان لە خۆی نیشان بدات. گێرهارد شرودێر سەدری ئەعزەمی ئاڵمان سەرەرای سیاسەتە چەوتەکانی لە بەردڵانترە، هەتا خانمی مێرکل کە سکرێتێری یەکەمی دیمکرات مەسیحیەکانە، تۆنی بلێر هەمان کاریسمای مێدیایی هەیە بەڵام پوتینی روسی لە چاو گۆرباچۆف وێنەیەکی مێدیایی و لەبەر دڵانی نەبووە. ئەم بۆچوونە کەمتر پێوەندی بە سیاسەتی هەرکام لەو کەسانەوە هەیە،بەڵکو پێوەندی بە هەڵکردن لە گەڵ مێدیادا هەیە. ئەم لیستە دەتوانێ گەڵێک سیاستەمداری ناوداری جیهانی و ناوچەیی لە خۆی بگرێ و درێژتر بێتەوە. ئەڵبەت هونەرمەندانی سینەما و گۆرانیبێژانی جیهانیش هەمان بەسەرهاتیان هەیە. لەبەر ئەوەی من لەم نووسراوەدا گەرەکمە باسی کورد و بەرپرسانی سیاسی و مێدیا بکەم چاوپۆشی لە درێژەی ئەم باسە لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی دەکەم و یەک راست دێمە سەر باسەکەی خۆم.

ماوەی دە ساڵە کورد خاوەنی مێدیایی ئاسمانی و جیهانییە و زیاتر لە 12 ساڵیشە کە میدیای ناوچەیی لە باشور هەیە و زیاتر لە 100 ساڵە کورد لە رێگای رۆژنامە و رادیۆی حیزبی و حکومەتیەوە، چەشنێک لە مێدیای هەیە. ئەمرۆ کورد خاوەنی چەند تەلەوزیۆنی ئاسمانییەو و بەشێکی بەرچاو لە خەڵک کەڵک لە ئینترنێت و ئیمکانەکانی وەردەگرن. ئەوەی مێدیا چ دەور و رۆڵێک لە کۆمەڵگای کورددا دەگێرێ، دەبێ بابەتی لێکۆڵینەوەی ناوەند و دەزگاکانی تایبەت بە لێکدانەوەی بیرورای گشتی لە کوردستان بێ.

مێدیای سەربەکورد لە باشوری کوردستان و لە ئوروپا لە بواری فکری و سیاسی و نەتەوەیی و زمانی و فەرهەنگی و ئیدئۆلۆژیدا یەک مەبەستی گشتی نەتەوەیی و کوردستانی ناپێکن، هەر ئەوەش کۆمەڵگا زیاتر بەرەوە جیاوازییەکان رادەکێشێ، هەتا گردکردنەوە بۆ ساخ کردنەوەی لایەنە لە یەک ترازەوەکانی سیاسی و فەرهەنگی و زمانی و نەتەوەیی!

**روونکردنەوەیەکی لە ناچاری**

کۆمەلگای ئێمە، کۆمەڵگایەکی قانوونی لە سەر بنەمای یەکسانی ماف و ئەرکەکان نییە، کۆمەڵگایەکی مەنتقی لە سەر بنەمای راستی و رێزگرتن لە ماف نییە، کۆمەڵگای سونەتیش بایخەکانی خۆی یان لە دەست داوە یان بێ رەنگ بووە. کۆمەلگای ئێمە لە بەر یەک ترازاوە. سێبەری دیکتاتۆری بە سەر سەری هەموومانەوە دیارە! کۆمەڵگای ئێمە لە سەر مەنتقی دیکتاتۆرەکان هەلدەسورێ کە بە هەزاران ساڵە خاوەنی خاک و نەتەوەی کوردن! سیستمی فکری و سیاسی و فەرهەنگی دیکتاتۆرەکان ماڵی پەروردەکردنی هەرکام لە ئێمە بووە! لە سیستمێکی وادا نە فکر و بیر وهزر دەرفەتی بۆ هەیە و نە هونەر و فەرهەنگ و زانست مانا و ناوەرۆک و قالبی خۆی پەیدا دەکات. هەموو شت لە سەر ئیزن و بڕیار بەرێوە دەچێ. نووسەر و هونەرمەند و زانا و پسپۆڕەکان بە پێی جیرە ئازادن و بە پێی مووچە نووسەر و هونەرمەند وزانا و پسپۆڕن! هەموو شت دەبێ لە سنوری فکری و سیاسی و ئیدئۆلۆژی دا بسورێتەوە. لە جیهانێکی وا تەسک و دەستەمۆدا،تەنیا دوو لایەنی فکری و سیاسی و فەرهەنگی هەیە، لایەنێک کە لە بازنەی تەسکی دەستەمۆییدا دەسورێتەوە و لایەنی دووهەم کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەکە!

لە ناو هیچکام لەم بازنە فکری و سیاسی و فەرهەنگی و هونەریانەدا، دینامیک حیسابی بۆ ناکرێ و دیالکتیکی دوو هیزی پێکهێنەری حەرەکەت لە ناو یەک مادەدا، بە دژی یەکتر لێکدەدرێتەوە. هەر بۆیە لە هەموو بوارەکانی ژیان و سیاسەت و فەرهەنگ و هونەر و تیجارەتدا، یان دۆستی دۆستمان هەیە یان دوژمنی دوژمن!

هەرچەند لە ژیانی ئاساییدا، خەڵک زۆرتر بە شێوەی ماتریالیستی دەڕواننە ژیان و حەولی رۆژانەشیان هەر لەو بەستێنەدایە، بەڵام کە دەگەینە بواری سیاسەت و فەرهەنگ و هونەر، تێروانینەکان دەبنە زیهنی و مەزهەبی و بگرە جەزمگرایانە. هەر بۆیە دیالۆگ لە کۆمەڵگای ئێمەدا مانای پەیدا نەکردووە و زۆرتر مۆنۆلۆگ بە دیالۆگ دەفرۆشرێ. هەموو مۆنۆلۆگەکانیش سفەتی دیکتاتۆرانەیان هەیە، جا مۆنۆلۆگی باوک بێ، مۆنۆلۆگی سەرۆکی کۆمەڵەیەک،مامۆستایەک، یان مۆنۆلۆگی رابەری هێزێکی سیاسی، یاخۆ بەرپرسی ئیدارەیەک،یان هونەرمەند و نووسەرێک! خاوەن مۆنۆلۆگ دیالۆگ قەبول ناکا و هەر دیالۆگێک بە دژی خۆی هەڵدەسنگێنێ و بۆ رەدکردنەوە و دەمکوتکردنی لایەنی دیالۆگ، هەموو کەرەسەیەک بەکار دەهێنێ و سڵ لە ئەخلاق و بەهاکانی ئینسانیش ناکاتەوە!
مێژووی کۆن و نوێی کورد پڕە لە میسال و وێنە، هەر لە تیرۆری جەستە و کوشتنەوە، هەتا تیرۆری کەسایەتی و بێ رێزکردن! هەواڵ و دۆستی گیانی بە گیانی ئەمرۆ، دەتوانێ سبەینێ بکرێ بە خائین و خائینی دوێنێ دەتوانێ بکرێ بە دۆستی گیانی بە گیانی ئەمرۆ. ئەوەش دەتوانێ تەنیا مەنتقی گۆمەڵگایەکی نەخۆش بێ!
لە وڵاتێکی وادا بایخەکان رووی راستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن، راستگۆکان وەلادەندرێن و درۆزنەکان دەبنە "مصدری" هەموو شتێک! تراژێدی بیرمەندان و فەرهەنگسازان و ساڵحان و هونەرمەندانی نەتەوەکەی ئێمەش لێرەوە دەست پێدەکات.

### رەخنە گرتن لە کۆمەڵگای ئێمەدا

لە کۆمەڵگای ئێمەدا رەخنەگرتن زۆرجار وەک بابەتێکی مەوزوعی وەرناگیرێ، بەڵکو وەک بابەتێکی شەخسی وەردەگیرێ، ئەوەش هەم فەزای دیالۆگ ژەهراوی دەکات و هەم بەر بە پێشکەوتنی فکر و هونەر و فەرهەنگ و سیاسەت دەگرێ. جگە لەوە پەیام و مەبەستی رەخنەکە، لە بەرچاو ناگیرێ و لەوەش زیاتر نییەتی خێر و دۆستانەی رەخنەگر نابیندرێ و بە پێچەوانە دوژمنایەتی لە زیهن و مێشکدا دەخوڵقێندرێ. بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بەرهەمەکانیان هەڵدەسەنگێندرێن دوچاری هەست و حاڵەتی فانتێزی ئاسا دەبن و لە جیاتی ئەوەی بابەتیانە و مەوزوعیانە مامەڵە لە گەڵ رەخنەگر بکەن و دیالۆگ بە شانسێک بۆ خۆیان ببینن، دەکەونە بەرگری کردن لە خۆیان، وەک ئەوەی کەسێک هێرشی کردبێتە سەریان. ئەو کەسانە دوچاری حاڵەتێکی دەروونی و نەفسی دەبن و دیالۆگ و رەخنەی بابەتیانە بۆیان دەبێتە کێشمە کێشی شەخسی. زۆرجاریش ئەوە رەخنەگرە کە بابەتیانە مامەڵە لە گەڵ فەن و هونەر و تەکنیکی رەخنەگرتن، ناکات و مەوزوع و بابەت دەکاتە بەهانە بۆ هێرش بردنە سەر خاوەن بەرهەم. لێرەش ئەوە رەخنەگرە کە مەوزوعیانە و بابەتیانە نەجوڵاوەتەوە و پەیام و مەبەستی بەرهەم هێنەری لە بەر چاو نەگرتووە. بەوەش نە تەنیا دیالۆگ سەر ناگرێ بەڵکو بە پێچەوانە هەر دوو لایەنی بەرهەم هێنەر و رەخنەگر و کۆمەڵگا دوچاری زەرەر و زیان دەبن و فەزای فکر و سیاسەت و فەرهەنگ و هونەر ژەهراوی دەکرێ و نەزۆکی بەرۆکی بیر و هزر و سیاسەت و فەرهەنگ و هونەر دەکرێ و کۆمەڵگا دوچاری نەخۆشی فکری و سیاسی و فەرهەنگی دەبێ!

### رێ و رەسمی دەوڵەتداری

فێربوونی رێ و رەسمی دەوڵەتداری لە پێکهاتنی یەکەمین ئیمپراتوری مادەوە لە ئەکباتان، دەست پێدەکات. ئەو کەسانەی کە لە دەربار ئیشیان کردوە و یان ئەو کەسانە کە بەرپرسیاری حکومەتی و نیزامی و ئیداریان هەبووە و یان ئەو کەسانە کە پەیامبەر و پەیامنێر و نوێنەری رەسمی ئیمپراتوری لە وڵاتەکانی تر وەک یۆنان و میسر بوون، دەبوو شارەزای داب و دەستور و هەڵس و

کەوتی ئیمپراتوری خۆیان و ئەو وڵاتانە بن. هەر کام لە ئیمپراتوریەکان داب و دەستور و رێ و شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. دەربارەکانی شاکانی ولاتانی ئوروپا گرینگی تایبەتیان بە رێ و رسمی شاهانە دەداو ئێستاش ئەم رێ و رەسمانە لە وڵاتەکانی وەک بریتانیا و دانمارک و هولەند و شوێنی تر ماونەتەوە. لە راستیدا چەشنێک فەرهەنگ، داب و دەستوری ئایینی و هەڵس و کەوت، پێناسەی توێژی دەستەڵاتداران و بنەماڵەکانیان بوون کە ئەوانیان لە زۆربەی خەڵکی ئاسایی و پیشەکاران جیا دەکردەوە. ئەو کەسانەش کە بە هۆی جیاواز لە وانە پیشە، تیکەڵ دەستەڵات دەبوون، دەبوو خۆ بگۆڕن هەتا لە سیستمی حکومەتی و فەرهەنگی و ئیداریدا، جێگای خۆیان بکەنەوە.

گۆڕینی سیستمی فکری و فەلسەفی و فەرهەنگی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە ئوروپا و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی سیستمی پاشایەتی و جێگیربوونی سیستمی نوێ بە نیسبەتی پێشوو لە سەدەی 19 بەم لاوە بوو بە هۆی گۆڕینی سیستمی دەوڵەتداری و داب و دەستورەکانی ئیداری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. ئەمرۆ لە جیهانی سیاسەت و تیجارەتدا کە هەرکیان دەستەڵاتی مادی و مەعنەوی گۆی زەویان بە دەست گرتووە، داب و نەریتی تایبەت باوە کە خۆی لە وشەی دیپلۆماسی و پرۆتۆکۆلەکانی سیاسی و تیجاریدا دەبینێتەوە و گۆڕدراوی سەردەمیانەی هەمان داب و دەستور و فەرهەنگی دەرباری پێشووە کە لە لایەن کۆمەڵێک ئینسان و توێژگەلێکەوە بەرێوە دەچێ کە جیاواز لە مرۆڤی ئاسایی دەنوێنن! ئەو کەسانە کە لە بواری سیاسەت و تیجارەتی ناونەتەوەیی و نەتەوەیی دا ئیش دەکەن جگە لە بوونی شارەزایی و پسپۆڕی لە بواری پیشەییدا، دەبێ خۆیان لە گەڵ فەرهەنگ و داب و دەستوری باوی وڵاتان  رێک بخەن. هەرچەند جیهان لە میللەتان و وڵاتان پێک هاتووە و خەڵکی جیهان فەرهەنگ و ئایین و داب و نەریت و رێ و شوێنی تایبەتی و مێژووی جیاوازیان هەبووە و هەیە، بەو حاڵە زۆربەی سیاسەتمەداران و تاجرانی جیهان مل کەچی ئەو فەرهەنگ و داب و دەستور و رێ و شوێن و زمان و فەرهەنگەن، کە بە ناوی رۆژئاوا یان ئوروپا پێناسە دەکرێ. ئەوەی کە ئایا کەسانی سەر بەو وڵاتانە و میللەتانی دور لە رۆژئاوا دەتوانن خۆیان بەو داب و دەستورانە رابێنن و یان لەگەڵ ئەو جل و بەرگانە کە لە بەری دەکەن رابێن ، بابەتی جێگای باسی ئەم نووسراوە دەبێ.

ئایا سیاسەتمەداران و دەوڵەتمەداران و تاجرانی دەرەوەی رۆژئاوا  لە ژێر ئۆتۆریتەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و رەوانی رۆژئاوادا، لە مامەڵاتیان لە گەڵ رۆژئاواییەکاندا سەرکەوتوو دەبن یان نا ؟ ئایا ئۆتۆریتەی فەرهەنگی و دەستوری و زمانی و جل و بەرگ و فەزا و ئاتمسفۆری رۆژئاوایی، کار دەکەنە سەر دانیشتنەکانی مامەڵاتی سیاسی و ئابوری و تیجاری؟ ئەوانە  پرسیارگەلێکن کە پێوەندیان بە وڵاتەکە و کەسەکانەوە هەیە کە جێگای باسی ئەم نووسراوەشە. نووسەری ئەم بابەتە بەراوەردێک لە نێوان سیاسەتمەداران و دەوڵەتمەداران و تاجرانی بواری سیاسەت و ئابوری وڵاتان و میللەتان لە گەڵ کورددا دەکات. تا ئەو جێگایەش بابەتەکە هەڵبگرێت تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی دەرەوەی کوردستان ئاوێتەی نووسراوەکە دەکەم! ناوهێنانی هێندێک لە هاووڵاتیان لەم نووسراوەدا کە بەرپرسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان هەبووە، تەنیا پێوەندی بە پیشەی ئەو کەسانەوە هەیە و هیچ مانایەکی تری نییە و هەڵبژاردنی ئەو ناوانە و هەڵنەبژاردنی ناوی تر، نە مانای سیاسی لە پشت بووە و نە مانای شەخسی. مەبەست و نییەتی نووسەر بۆ هێنانە گۆڕی ئەم بابەتە، نییەتێکی خێرە و پێوەندی بە رۆڵ و دەوری نوێی کورد لە لایەک و  بوونی مێدیایی جیهانی کورد و تێکەڵ بوونی ژیانی کورد بە مێدیای جیهانییەوە هەیە. مەبەستی نووسەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە هێنانەی گۆڕی کۆمەڵێک پرسیار و بیرکردنەوە لە پرۆژەی درێژخایەنی کوردە، لە پێوەندی لە گەڵ مێدیا لە جیهانی ئەمرۆدا.

**کوردە کۆنەکان**

ئێمەی کۆنە ماد و کوردی ئەمرۆ پاش داڕمانی دەستەڵاتی مادەکان ماوەی چەند هەزار ساڵە کە لە گەڵ فارسەکاندا دەژین و لە ژێر فەرمانی دەوڵەتی و حکومەتی و لە ژێر دەستەڵاتی زمان و فەهەنگ و ئەدەبیاتیاندا خۆمان لە گەڵیان راهێناوە. سەدان ساڵیش لە گەڵ رۆمی و یۆنانی کۆن ژییاوین و هاوژینی روس و عارەب و ترک و ئازەری بووین و لە سەردەمی ئێستاشدا بە ملیۆن مرۆڤی بە رەگەز کورد لە دەرەوەی جوغرافیای کوردستان لە گەڵ نەتەوەکانی چوار قوڕنەی جیهاندا دەژین.

زیاتر لە 400 ساڵە وڵاتی کوردستان پارچە پارچە کراوە و ئەمرۆ کورد لە سەر ئاخی وڵاتی خۆی لە ژێر دەستەڵاتی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و زمانی نەتەوکانی ترک و عارەب و فارس دا دەژی، زیاتر لەوەش سیستەمەکانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و زمانی و دیپلۆماسی زاڵ بە سەر جیهاندا کارتێکردنی راستە و خۆ و ناراستەوخۆیان لە سەر کۆمەڵگا و وڵات و مرۆڤی کورد هەبووە و هەیە. مرۆڤی کورد جیا لەوەی زیندانی سیستەمەکانی سیاسی و حکومەتی و فەرهەنگی و زمانی و ئابوری و میدیای ئەو وڵاتانەیە، بەڵکو لە ژێر هێرشی مێدیای جیهانی و ناوچەکەشدایە. ئەم مێژووە و سەردەمی ئێستا چ چەشنە مرۆڤێکی بە ناوی کوردی بەرهەم هێناوە؟

**کۆمەڵگای کوردستان و مرۆڤی کورد بە پێچەوانەی هەموو گوتار و گوتنەکانی سیاسی و ئەدەبی، نە کۆمەڵگایەکی کوردستانییە و نە نەتەویەکی یەک دەست و یەک مەرام و یەک هیوایە!** کوردبوون و یەک بوونی هیوا و ئارەزووی رۆمانتیستەکانی کورد کە لە ئەدەبیات و هونەر دا رەنگی داوەتەوە، لە ناو پەرتوک و دێڕی شیعرەکاندا ماوەتەوە و نەبۆتە بیری نەتەوەیی ناو کۆمەڵگای شار وگوندەکان و نەبۆتە بنەمای فەلسەفی و سیاسی! کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی بیر و فکرێکی ئایینی گرێدراو بە نیژادی سامی بەسەری دا زاڵە و فکر و زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی رەگەزیی ئاریایی ئێرانی فارسی رابەری کۆمەڵگاکە دەکات و هەر ئەو فکرە زاڵانە لە دەور و سەردەمەکاندا، کورد دەگەرێنێتەوە ناو زیندانە فکری و فەرهەنگی و ئایینییەکەی زاڵ بە سەریدا، کە لە بنەما و بەیس و بیناڕا جیاوازن لە هەموو توخمەکانی رەگەزایەتی کورد .

سیاسەتی کوردیش یان دژی دەستەڵاتە حکومەتیەکان بووە و یان تەواو لە گەڵی رێک بووە، بێ ئەوەی خاوەنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی بووبێ! **ئەو پرۆسە و دینامیسمەی کە کوردستان بکات بە یەک وڵات و کورد بکات بە یەک نەتەوە، سەری نەگرتووە و هەموو حەول و تیکۆشانەکانی نەتەوەیش بە خوێن کێشراون و دینامیسمی نەتەوەیش لە تاک و کۆی مرۆڤی کورددا کورتخایەن بووە و هیچ کات روبەری هەموو کوردستانی نەگرتۆتەوە.** پێناسەی موسڵمان بوون، ئێرانی و پاشان تورکیەلی و عێراقی و سۆڤێەتی و سوری بوون، لە چوارچێوەی جوغرافیای ئەم وڵاتانەدا، زیاتر ئالۆزی خزاندۆتە ناو عەقلیەتی سیاسی و فکری سەرجەم سیاسەتوانانی کورد.

حیزبایەتی حەڵقەیەکی تری رێگر بووە لە بەر سەرکەوتنی پرۆسەی نەتەوەیی و کوردستانی، هەروەها حیزبەکان لە زۆر سەردەمدا دینامیسمی ناو خەڵک و ئەندامانی خۆشیان بێ کەڵک کردووە، بە تایبەت کاتێک کە مل کەچی دەستەڵات بوون یان خۆیان داوەتە دەست و یان بە پاڵپشتی میری دژی یەکتر کەوتوونەتە شەڕ و یان شەڕیان بە یەکتر فرۆشتووە و کەوتوونەتە یەکتر کوشتن.

بە پێی ئەم وێنەیە کە لە کورد درایە دەستەوە، سروشتیە کە کورد لە هیچ بوراێکدا تاریفی دیار و رۆشن، لە خۆی نەداتە دەستەوە. **کورد نە خاوەنی بیر و هزر و فەلسەفەی هەڵقوڵاو لە دیار و مێژووی فکری خۆیەتی، نە خاوەنی فەرهەنگی رەسەن و یەک دەستی خۆیەتی، نە خاوەنی ئایینی خۆیەتی، نە خاوەنی خاک و ئاخی خۆیەتی، نە خاوەنی زمانێکی یەکدەستە بۆ لە یەک گەیشتن.**

**گرانترین گرفتی کورد لە یەک تێنەگەیشتنە! کورد نە لە ڕێگای فکر و بیر وباوەڕەوە لە یەک دەگەن، نە لە لایەنی زمانەوە لە یەک دەگەن و نە شێوەی ژیان و بەرژەوندییەکانیان لە یەکیان نزیک دەکاتەوە و نە لە بواری سیاسی و هونەری و فەرهەنگی لە یەک دەگەن.**

بە زمانی ئەمرۆیی کۆمۆنیکاسیۆن چ بە شێوەی کۆن و چ بە شێوەی نوێ لە ناو کورددا سەری نەگرتووە و ئێستاش هەر وایە. بە هەمان شێوە کورد لە ئالی دیپلۆماسی و خۆنوواند لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی و لە ناو سنورەکانی خۆیدا، یان پەیرەوی رابوردوی ژیان و مێژووی ناوچە و ئایین و عەشیرەیی خۆیەتی، یان لاسایکەرەوی دەستەڵاتدارانی وڵاتەکەیەتی، یان لاسایکەرەوەی جیهانی رۆژئاوایە،هەر بۆیە هەم کەسایەتی نەتەوەکە و هەمێش کەسایەتی سیاسەتمەدارانی کورد جێگای باس و لێدوانە. هەمووی ئەم ئالۆزیانەش لە ڕێگای مێدیاکانی کورد و مێدیای جیهانییەوە دەکەوێتە بەر چاو و نەزەری خەڵکی جیهان و پسپۆڕانی جیهان. **وێنەکانی کورد لە مێدیاکاندا، وێنەی نەتەوەیەکی پڕ لە گێژاوی سیاسی و فەرهەنگی و دەروونییە!** بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە مێدیا دەورێکی زاڵ لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، کورد چۆن دەبێ خۆی لە گەڵ مێدیا رابێنێ؟

**دەرکەوتنی رابەرانی کورد و نەتەوەکانی تر لە مێدیادا**

ساڵی 2004 کتێبێکم بە ناوی هونەر و تەکنیکی ئاخافتن هەڵگەراندە سەر زمانی کوردی کە دەرسنامەیەک بوو بۆ فێربوونی تەکنیک و هونەری ئاخافتن و خۆ راهێنان لە بواری کۆمۆنیکاسیۆندا، بە داخەوە ئەم کتێبە لە دوا قۆناخەکانی تەواوبووندا گوم و گۆڕ بوو. هۆی نووسینی ئەم کتێبەش دیتنی بەرپرسانی سیاسی و حکومەتی و حیزبی کورد بوو، کە هەڵس و کەوتیان لە گەڵ نۆرمی بەرچاوی ئەمرۆدا نەدەگونجا. ئەو کەسانەی کە لە دەساڵی رابوردودا لە ڕێگای تلەوزیونەوە هەڵس و کوتیان کەوتوتە بەر نەزەری من بریتین لە عەبدوڵا ئوجەڵان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، مام جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق و سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئێستای باشوری کوردستان،نەچیروان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان هەولێر، بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سولەیمانی، هوشیار زێباری وەزیری دەرەوی عێراق و کۆمەڵێک بەرپرسی حیزبی و ئیداری باشوری کوردستان و کۆمەلێک بەرپرسی حیزبی رێکخراوەکانی باشور و باکور و رۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکەم کەس کە لە ساڵی 1995ەوە لە شاشەی تەلەوزیۆنێکی زاتەلیتی کوردیەوە دەردەکەوت عەبدوڵا ئوجەڵان بوو، مەدتی وی یان مەدیا تی وی پەنجەرەیەک بوو کە بەرووی جیهاندا کرایەوە، ئەم تەلەوزیۆنە ئەو ئیمکانەشی رەخساند کە نەتەنیا کورد بەڵکو دوژمنانی کورد و دەزگاکانی ئەمنییەتی و سیاسی رۆژئاواش سرنج بدەنە ئەم دەزگایە و بەرنامەکانی. بۆ زۆر لە دەزگاکانی سیاسی و ئەمنییەتی دەوڵاتانی رۆژئاوا و وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق ئیمکانێک پێک هاتبوو بۆ ئەوە بە وردی سرنج بدەنە سەر قسەکان و هەڵس و کەوت و حاڵەتە رۆحی و دەرونییەکانی بەرپرسانی پ کا کا بە تایبەت بەرپرسی یەکەمیان عەبدوڵا ئۆجەڵان. ئۆجەڵان لە زۆربەی دەرکەوتنەکانی بە دەنگ و رەنگ لە تەلەوزیۆن بە زمانی تورکی دەئاخڤی و جارجاریش بە زمانێکی کوردی ناتەواو. لە ماوەی ساڵی 1995 هەتا گەیشتن بە وڵاتی ئیتاڵیا، ئۆجەڵان نە بە جل و بەرگی باوی سیاسییەوە(کوت و شالوار و کراوات) دەرکەوت نە بە جل و بەرگی کوردییەوە و نە بە جل و بەرگی پێشمەرگەوە، زۆربەی کات بە کراس و شاڵوارێکەوە، یان بلوزێکی بۆرەوە دەکەوتە بەر شاشەی تلەوزیۆن. رەنگە بۆ زۆر کەس ئەمە نیشانەیەکی مەزن

بوون و سادەپۆشی ئۆجەلان بووبێ، بەڵام ئەم وێنەیە بۆ مێدیا کە وێنەکانی لە هەموو جیهان بڵاودەکرێتەوە و دەکەوێتە ژێر زەڕەبینی پسپۆڕانی ئەمنییەتی و سیاسی و مێدیا و پسپۆڕانی دەروونناس، نە تانیا وێنەیەکی لە جێ دا نییە بەڵکو وێنەیەکی پڕ لە پرسیارە. رەنگە ئەم وێنەیە لە جێی خۆی دا بێ، کاتێک ئۆجەلان لە ژوورێکدا، لە مەقەرێکدا دور لە مێدیا لە گەڵ ئەندامانی حیزبەکەی دانیشتبێ، بەڵام وەختێک ئەم وێنەیە لە رێگای مێدیاکان و پرێسەوە بڵاوکرێتەوە، سیمای سەرۆکی حیزبێکی نەتەوەیکە، نە وێنەی شەخسی کەسێکی ئاسایی.
وێنەکانی کە لە شێخ مەحمود، سمایل ئاغای سمکۆ، قازی محەمەد، مستەفا بارزانی و رابەرانی تری کورد لە جیهاندا بڵاو بوونەتەوە، هۆویەتی کوردی و پێشمەرگەبوونیان پێوە دیارە. وێنەی ئەم کەسانە کە  وەک وێنەی مێژوویی بەجێ ماون رواڵەتی کوردبوون و خەباتیان پێوە دیارە. وێنەکانی کە لە قازی محەمەد بەجێ ماوەن پێناسەی دەوڵەتمەدارێک دەردەخەن و زیاتر لەوەش رواڵەتی مرۆڤێکی ئایینی دەردەخەن. هەر بەم پێیە وینەکانی بارزانی و سمکۆ و شێخ مەحمود. بە پێچەوانە وینەکانی ئۆجەلان لە مێدیاکاندا پێناسەی نەتەوەیی و کوردبوون نیشان نادەن.
ئەوەش کە ئەو زۆربەی کات بە ترکی قسەی کردوە و قسە دەکات، ئەم رواڵەتە نەتەوەیە زۆرتر ون دەکا. بەها نەدان بە جل وبەرگ و زمانی کوردی و نەپۆشینی جل و بەرگی پێشمەرگە یاخۆ گریلیا (پارتیزان) لایەنی لاوازی وێنەیی مێدیایی و سیاسی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. ئەوەی کە ئۆجەلان دایم بە کراس و شاڵوارێکەوە یان بلوزێکی بۆرەوە هاتۆتە بەر کامێرا و ئەو سێ لایەنە گرینگەی کە خەباتی لە رێگادا دەکرد لە نەزەر نەگرتووە، هەم زیانی بە خۆی گەیاندووە و هەم زیانی بە دۆخە سیاسی و نەتەوەییەکەی گەیاندووە. من لێرەدا باسی هەڵویستی سیاسی چاک و خراپی ئۆجەلان و پ کا کا ناکەم، بەڵکو باسی ئەو وێنانە دەکەم کە زیانی بە خۆی و حیزبەکەی گەیاندووە. ئەو وێنەیە کە ئەو لە خۆی نیشانی داوە زۆرتر سوودی بۆ کۆمێنتاتۆرەکانی مێدیای ترک و جیهان بووە هەتا پارتی کرێکارانی کوردستان و میللەتی کورد. ئۆجەلان زۆرجار لە کاتێکدا دەردەکەوت کە بازێک تەقڵەکوت دەهات و لە سەر دەستی یان شانی دەنیشت، ئەم وینەیە زۆرتر لە شوێنێک نیشان دەدرا کە حەساری ماڵێک بوو، هەر هەمان وێنە ئەگەر لە شوێنیکی تر بۆ وێنە لە سەر شاخەکان یان لە مەقەرێکی نیزامی بە جل و بەرگی کوردی یان پێشمەرگایەتیەوە نیشان درابا، بێ گومان مانایەکی تری لە پێشمەرگە و رابەرێکی سیاسی و نیزامی نیشان دەدات، هەر هەمان وێنە زۆرجار لە رابەرانی سوورپێستەکانی ئامریکا نیشان دراوە کە بۆتە سەنبولی هیزو توانا و کەسایەتی سووەپێستەکان یان هەمان وینە زۆرجار لە چەنگیزخانی مەغول و سوارکارانی مەغولەوە نیشان دراوە کە رەنگی نەتەوەیی بە خۆوە گرتووە، بەڵام هەمان وێنە لای ئۆجەلان ئەو بارە پۆزیتیڤە وەرناگرێ!(لێرەدا مەبەست بەراوردکردنی کەسەکان نییە تەنیا کەڵک وەرگرتن لە نیشانەیەکی هاوبەش و مانای جیاوازی ئەو نیشانەیە مەبەستە نە شتی تر).
مستەفا بارزانی یەکێک لەو کەسانە بوو کە دایم مۆدنەیەکی داری بە دەستەوە بوو. ئەم مۆدنە دارینە لە داری کوردستان دروست دەکرا و بارزانی خۆی سازی دەکرد، ئەم کارە ببووە سوژەی ژورنالیستێکی ئوروپی، ئەو هەم باس لە هونەرێکی دەستی کوردستان دەکا و هەم پرکردنەوەی کاتی بەتاڵی بارزانی! جەلال تاڵەبانی ئەو کات کە لە شاخ بوو دایم دووشتی بەدەستەوە بوو یەکەم گۆچانێک و دووهەم تەسبێح(دەسبێح)یک، رەنگە بۆ ئەو سەردەمە گۆچان و دەسبێح شتێکی ئاسایی بووبێ، بەڵام ئەوەی کە هەر ئێستاش مام جەلال لە کاخی سەرۆک کۆماری عێراق لە دیداری رەسمیدا بە کۆت و شالوار و کراوتەوە، دەسبیحێکی درێژ هەڵدەسورێنێ نە تەنیا شتێکی نگاتیڤە، بەڵکو لە گەڵ کەسایەتی سیاسی و لە گەڵ پۆستەکەشی ناتەبایە. رەنگە بۆ ئەو کە دەسبیح بە دەستەوە دەگرێ شتێکی ئاسایی بێ، بەڵام بۆ چاوەدێرانی سیاسی و پسپۆڕانی بواری

مێدیا و دەروون ناسی و "زمانناسی لەش"  نەتەنیا ئاسایی نییە بەڵکو نیشانەیەکە بۆ لێکدانەوەی دەروونی و کەسایەتی کە ئەڵبەتە پۆزێتیڤ نییە. هەڵۆ و بازە بەرزەفڕەکەی ئۆجەلانیش رۆلی دژە تەبلیغی دەگێڕا.
ئۆجەلان پاش ئەوەی کە گەیشتە ئیتالیا وینەیەکی تری لە خۆی نیشان دەدا، ئەو بە جل و بەرگی موبەدلەوە(رەسمی)یەوە کەوتە بەر کامیراکانی جیهان،ئەوەش دووهەم جار بوو کە بەم شێوەیە دەکەوتە بەر کامێرا. جاری یەکەم لە کۆتایی هەشتاکان هەموو رابەرانی سیاسی حیزبەکوردیەکان لە شام یەکتریان بینی و هەموو بە جل و بەرگی موبەدەلەوە وێنەیان بڵاو کرایەوە. دەبێ مام جەلال گێرابیەتەوە کە ئۆجەلان ئەو جارەش رازی بە لەبەرکردنی ئەو جل و بەرگە نەبووە. لە ئیتالیاش زمانی سیاسی و تاکەکەسی ئۆجەلان  هەر ترکی بوو. ئەو جل وبەرگەش کە لە بەریدا بوو هەرچەند هەنگاوێک بەرەو پێش بوو بەڵام وڵامدەرەوەی زمانی لەشی ئوجەلان نەبوو. هەر مرۆڤێک بە پێی سروشتی ژیان و کار و هەڵسوکەوتی رۆژانە و سروشتی وڵات و ئاو و هەوا لەشی بەکار دەهێنێ. کەسیك کە بە ساڵان ئیشی جۆڵایی، مزگەری، خومگەری، جوتیاری، ئاژەڵداری کردوە، یان لە فابریک و کارخانەکان کاری کردوە، یان دووکاندار، کارمەند بووە،لەشی بە پێی کارەکەی و بە پێی شێوەی ژیان و سروشتی ژینگەکەی  فۆرم دەگرێ. بو وینە شێوەی دانیشتنی لە سەر عەرد شێوەیەکی تایبەت بە کوردە و جیاوازە لە گەڵ دانیشتن لە سەر کورسی، بە هەمان شێوە جل و بەرگی ژن و پیاوی کورد جووتە لە گەڵ شێوەی ژیان و سروشتی شاخاویی و دەشتەکی کوردستان. گۆڕینی رواڵەتی ژیان بە تایبەت لە شارەکان فۆرم و تایبەتمەندی خۆی هیناوە و جیاوازە لە گەڵ ترادسیۆنی کورد، ئەم گۆڕانە جیا لە کارتێکردن لە سەر زمان و کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ژیان، کار دەکاتە سەر داب و نەریتی تاکە کەسی و کەسایەتی ئەو مرۆڤە کە لە شار پەروردە بووە. لە شاریش پیشە و ئاستی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی، کاردەکاتە سەر کەسایەتی و هەستان و دانیشتن و هەڵس و کەوتی مرۆڤەکان، هەر بۆیە  پیشە جیاوازەکان مرۆڤی جیاواز دروست دەکەن. ئەم جیاوازیە هەموو ئەو بەشانە دەگرێتەوە کە ئێمە لێرەدا باسمان کردوە و باسی دەکەین. مەلاکانی ئێران لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی دەستەلات لە ئێران نە تەنیا عەبا و عەمامەیان فڕێ نەدا بەڵکوو کردیانە سنبولی دەوڵەتی و سیاسی و ئیسلامی لە کۆماری ئیسلامی ئێران. فلستینییەکان نە تەنیا پچە و دەشداشەیان فڕێ نەدا، بەڵکوو کردیانە سەنبولی نەتەوەیی و سیاسی و شۆرشگێڕی. کورد نەتەنیا لە درێژایی خەباتی چەکداریدا جل و بەرگی کوردی فڕێ نەدا بەڵکو کردیە سەنبولی نەتەوەیی و سیاسی، فڕێدانی جل وبەرگی کوردی لە لایەن سیاسیەکانی کورد، نە تەنیا لایەنی بەهیزی ئەوان نییە بەڵکو لایەنی کەم هێزی ئەوانە کە رەنگە لە کەسانێکیاندا نیشانەی لەرزۆکی کەسایەتیش بێ. ئەمرۆ کەرزایی سەرۆک کۆماری ئەفغانستان بە لە بەرکردنی جل و بەرگی ئەفغانی لە هەموو دیدارەکانی جیهانی، رواڵەتی نەتەویی و میللی ئەفغانی خۆی لە جیاتی رواڵەتی ئیسلامی نیشان دەدات. ئەم جل و بەرگانە تەنیا گۆڕینی قوماش و فۆرم نین، بەڵکو پرستێژ ودەستەلاتی تاکە کەسێشن. ساڵی 2004 تۆنی بلێر میوانی مەعمەر قەزافی سەروک کۆماری لیبی بوو. قەزافی بلێری لە ناو خێوەتێکدا پێشوازی کرد، قەزافی لە جل و بەرگی نەتەویی خۆیدا بوو کە هەموو ژیانی لە گەڵی راهاتبوو، قەزافی لە خێوتێک دابوو کە هەموو ژیانی شوێنی ژیانی بوو، قەزافی لە شوێنیک بوو کە بۆی نامۆ نەبوو، بە پێچەوانە بلێر کێشرابووە شوێنێکی نامۆوە، هەر بۆیە لە کاتی دانیشتن و قسەکردندا نە تەنیا هەستی بە ئاسایش نەدکرد بەڵکوو بۆ ئەوەی بتوانێ روبەروو لە گەڵ قەزافی قسان بکات، کورد گوتەنی لە سەر تگەرێک دانیشتبوو، فۆرمی لەشی بلێر لە چاو قەزافی تەواو تێک چووبوو، لە حالیتێکی وادا بیلێر بێگومان لە قسەکردن و تەمەرکوزکردنیشدا دوچاری گرفت هاتووە. کە وایە هەموو وردەکاریەکانی شوێن و جل و بەرگ و


لەش نە تەنیا لە لای بینەر دەخوێندرینەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێ. مخابن ئۆجەلآن ئەو کات و ئێستاش ئەو شتانەی بۆ گرینگ نەبوو، نە تەنیا ئەو بەڵکو سەرجەم رابەرانی پ کاکا ئێستاش ئەم شتە گرینگانەیان لا گرینگ نییە. هەر بۆیە دیپلۆماسی هێشتا لە ناو ئەواندا بایخی خۆی پەیدا نەکردوە. دەزگاکانی راگەیاندنی پ کاکاش هەرچەند تەکنیکی سەردەم بەکار دەهێنن بەلآم هەڵسورینەران بە هەمان بیر و بۆچوونەوە کار دەکەن و پرۆفسیۆنالیتێت لە ناویاندا دوژمنایەتی لە گەڵدا دەکردرێ، ئەوەش پێناسەی هەست و نست و فەرهەنگ و کەسایەتییەکی بەستراوی کۆمەڵگایەکی تەنگی دورە شارییە.
نەچیروان بارزانی لە کاتی خوێندنەوە لە رووی کاغەزەوە گەڵیک جار دوچاری گرفت دەبێ. ئەمەش جگە لە گرفتی خوێندنەوە نیشانەی نەبوونی تەمەرکوز یان پچرانی تەمرکوزە، کە تەنیا لە کاتی خوێندنەوە دەرناکەوێ، بەڵکو لە شوێنی تریش خۆی نیشان داوە بۆ وێنە لە یادکردنەوەی قازی محەمەد کە ئالآی کوردستانی سەرەوخوار بە دەستەوە گرت. ئەم چەشنە گرفتانە دەکرێ لە هەمان کاتدا بە شێوەی دروست راست بکرێتەوە بێ ئەوەی زیانی سیاسی یان غەیر سیاسی لێ بکەوێتەوە. نەچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە زۆر شوێن جەو دەیگرێ. بو وێنە لە سەردانی بۆ وڵاتی کوریا حاڵەتەکانی لەش و میمیکی دەم و چاوی دور لە روبەرووبوونەوی دیپلۆماسی بوو.
یەکێک لە دیدارە بڵیند و بەرزەکانی ژیانی سیاسی تاڵەبانی، دیدار لە گەڵ بوش لە کاخی سپی واشینگتۆن بوو . ئەم دیدارە لە هەموو تەلەوزیۆنەکانی جیهان بلآوکرایەوە و زۆرتر ئەو شوێنە نیشان دەدرا کە تاڵەبانی پاش تەواو بوونی قسەکانی، کاغەزەکەی دەپێچێتەوە و بە زۆری لە گیرفانی باخەڵی دئاخنێ. ئەم کارە نەتەنیا لە جێدا نەبوو بەڵکو بە هۆی جێ نەکەوتنی کاغەزەکە لە گیرفانیدا، فۆرمی کۆت و راوستانی کۆتەکەشی تێکدرا. بێ گومان خودی تاڵەبانی دەبێ بە بوونی ئەم کاغەزە زلە لە گیرفانیدا راحەت نەبووبێ. ئەم کارە ئەنجامدانی یەکێک لە خاڵەکانی پرۆتۆکۆلی رەسمی تێکدا کە دەست لێدانەوەی پاش قسە رەسمیەکانی هەر دوو لایە.
مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاتێک لە جل و بەرگی کوردیدا و بە ئاخافتنی کوردی دەردەکەوێ گەلێک سەرکەوتوترە هەتا ئەو کاتەی کۆت و شەڵوار لە بەر دەکات و بە عەرەبی یان ئینگلیسی دەئاخفێ، یەکێک لە رۆژە بەرچاوەکانی کە بارزانی دوچاری ناهەماهەنگی نێوان دەست و سەرجەم لەشی ببوو، ئەو کاتە بوو کە بۆ ماوەی مانگێک سەرۆکی عێراق بوو، لە کاتی کۆنفرانسی رۆژنامەوانی لە گەڵ بالۆیزی نەتەوە یەک گرتووەکان هەردووک دەستی نا ئارام بوون و شوێنی خویان نەدەدیتەوە، ئەوەش بە تەواوی کاری لە سەر روخساری دانابووە. یەکێک لە سەرکەوتنەکانی مێدیایی سەرۆکی کوردستان، دەرکەوتن و کوردی قسەکردنی لە کۆشکی سپی ئامریکا لە گەڵ جۆرج بووش بە جل و بەرگی کوردییەوە بوو، هەم بووش و هەم بارزانی هاوتەراز دەهاتنەوە.
دوو کەسی هەرە دیار و بەرچاوی سەرکەوتوو لە مێدیادا وەزیری دەرەوەی عێراق هوشیار زێباری و دوکتور بەرهەم سالح سەرۆکی پێشووی هەریمی کوردستان لە سولەویمانییە، دوکتور بەرهەم دەزانێ و شارەزایە کە چۆن لە گەڵ مێدیا هەڵس و کەوت بکات و بە چ زمانیك بدوێ، جگە لەوە فۆرمی لەش و جل و بەرگی، داب و نەریتی دیپلۆماسی دەنوێنێ و سەرکەوتووە، بە هەمان شێوە زرێباری فۆرمی تایبەتی خۆی لە هەر دوو لایەنەوە هەیە. هەڵس و کەوتی دیپلۆماسی و میدیایی لایەنێکی گەلێک گرینگی مامەلآتی سیاسیە، کە دەبێ لە لایەن حیزبەکانەوە بەهای جیدی پێبدری و دەبێ زۆر بە جیدیش بیر لە رووی نەتەویی خۆیان و نەتەوەکەیان بکەنەوە و جێگای جیدی بە جل و بەرگ و زمانی کوردی بدەن. بە کەم زانینی هەر کام لەو ئلێمێنتانە بە زرەەری خۆیان و بە قازانجی ئەو لایەنەیە کە لە گەڵیان دادەنیشن. جل و بەرگی کوردی تەنیا بۆ کاتی

هەڵپەرکێ و زەماوەند نییە بەڵکو دەتوانێ رووی سیاسیش پەیدا بکات، هەر وەک چۆن دەیان نەتەوەی تری جیهان کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، سیمای نەتەوەیی خۆیان لە جل و بەرگەکانیاندا نیشان دەدەن. کارزایی ئەفغان وەک یەکێک لە مودێرن پۆشەکانی سیاسی جیهان ناسراوە، دەکرێ جل و بەرگی گەڵێک جوانی کوردیش ئەو ئیمکانە بە باڵای سیاسی سیاسەتمەدارانی کورد ببخشێ.

کۆتایی بەرگی یەک.

گەلاریزانی 2705

## نووسەر



برایم فەرشی ساڵی 1957 لە شاری بۆکان لە دایک بووە. کاری شانۆگێڕی و نووسینی بابەت لە سەر شانۆی لە خویندنگەکانی بۆکان و تەوریز دەست پێکردوە. ساڵی 1973 یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی لاو لە شاری بۆکان بووە. ساڵی 1975 لە ناو هەموو خوێندنگاکانی ئێران، لە بواری تەمەرکوز(خوردبوونەوە)لە شانۆدا،لە شاری رامسەر وەک باشترین شانۆگێڕ ناسرا. ساڵانی 1979 و 1980 بۆ یەکەم جار پاش شانۆی دایکی نیشتمان، دوو شانۆنامەی بە زمانی کوردی بە ناوەکانی "مانگرتن" و "خودموختاری یانی چی" لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد، هەر لەو ساڵانەدا بۆ یەکەم جار وێژەر و بەرێوەبەری فستیواڵی موسیقا و بەیت کوردی و موسیقای نەتەوەکانی تری ئێران، لە شارەکانی کوردستان بوو.
ئەو یەکێک لە ئەندامانی تیپی شانۆی تلەوزیۆنی کرماشان بوو. لە ساڵانی1980 وە ئەندام و یەکێک لە کارگێڕانی "ئەنجومەنی تئاتری ئێران" و"سندیکای کارکنان و هنرمندان تئاتر ایران"بوو. سالانێک بەرپرسی "شیرکەتی فیلم و نمایش" لە تاران بوو کە جگە لە کاری شانۆ و فیلم، رێکخەر و ئۆرگانیزاتۆری یەکەم کارنەواڵی ئێران لە ساڵی1980 بوو.
برایم فەرشی لە وڵاتی ئاڵمان جگە لە خوێندن لە بواری شانۆ و شانۆ پێداگۆگی و دراما و ئەدەبیاتی نوێی ئاڵمان، دارشتنی سیستمی فێربوونی خوێندوە و وەک راهێنەری شانۆگێر، شانۆپێداگۆگ و بەرێوەبەری ورک شاپ و دەرس وێژ و بەرێوەبەری پرۆژەی فەرهەنگی و بارهێنان کار دەکات. ساڵانێکی درێژ بەرپرسی ناوەندی شانۆی کۆچەرلە ئاڵمان بوو، کە بە ئەنجامگەیاندنی دەیان پرۆژەی شانۆیی و زانستی و هونەری و فەرهەنگی بە زمانی کوردی و ئاڵمانی بەشێک لە کارەکانی ئەو ناوەندە بوو. بەشێک لە شانۆنامەکانی وەک شەڕ لە ماڵی هەژاردا، ماندانا و زەوی بە زمانی ئاڵمانی و کوردی پێشکەش کراون. لە بیست ساڵی رابوردودا کۆمەڵێک نووسین و لێکۆڵینەوەی لە بواری شانۆ و دراماو فەرهەنگ و زانست بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئاڵمانی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە. ماوەی پێنج ساڵ ئەندامی رێداکسیۆنی گۆڤاری ئاڵمانی زمانی کوردستان هۆیتە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە شاری بۆن بوو. لە ساڵی 1992ەوە ئەندامی کۆمەڵەی دروست کردنی قوتابخانە بۆ کوردستان بوو، کە ئەو رێکخراوە لە گوندی عەنەب سەر بە شاری هەڵەبجە و ناوچەی بارزان دوو خوێندگەیان دروست کرد. نەورۆزی ساڵی 1994 لە گەڵ وەفدی یەکیەتی مامۆستایانی ئاڵمان و رێکخراوی دروستکردنی قوتابخانە بۆ کوردستان، لە سەر بانگهێشتکردنی دەوڵەتی کوردستان، چوون بۆ کوردستان کە لە گەڕانەوەدا لە نزیک شاری دهۆک بە هۆیەکی نادیار، ئەو ماشێنەی کە ئەو و چەند ئەندامێکی گروپەکە و جێگری وەزارەتی مروڤانی تێدابوون، لە گەڵ ماشێنێکی دی پێکیان دادا و لەو ناوەدا تەنیا برایم فەرشی زۆر بە سەختی بریندار بوو، ئەوەش بوو بە هۆی لە دەستدانی "سەکۆی شانۆ" وەکوو شانۆگێڕ، هەر بۆیە لەو ساڵە بە دوواوە کاری فکری و رێکخستن و دەرس کوتنەوە و راهێنان و نووسین و لێکۆڵینەوە، بوو بە کاری سەرەکی ئەو. بەشێک لە بەرهەمەکانی نووسراوی وەک کتێب بڵاو کراونەتەوە و بەشی زۆرتری کە دەرسنامەی شانۆ و کۆمۆنیکاسیۆن و بەرنامەگەلی کامپیۆتێر و وەرگێڕدراو و بابەتی ترن، لە چاپ نەدراون. بەشێک لە کار هونەرییەکانی هێشتا رووی دەرەویان نەبینیوە. برایم فەرسێ ماوەی 15 ساڵە ئەندامی یەکیەتی شانۆپێداگۆگاکانی ئاڵمانە و پێکهێنەر و بەرپرسی کۆمۆسیۆنی شانۆی فرەکولتور و ناونەتەوەیی لەو دەزگایەدایە و ساڵانێک نوێنەری رەسمی ئەو ناوندە لە فستیواڵەکانی جیهانی و ئوروپایی و ناخۆیی ئاڵمان بووە. ساڵانێکیشە پرۆژە و کۆنسێپتی خوێندنی شانۆپێداگۆگی بۆ کوردستان ئامادە کردوە کە هێشتا جێ بەجێ نەکراون. لە سەرتای ساڵی 2001ەوە لە گەڵ هاوکلاسێکی سەردمی منداڵی خۆی بۆ دانەپچرانی زۆرتر لە کوردستان, لە پاڵ کاری رۆژانەدا ماڵپەری www.bokan.de بەرێوە دەبن. ئەم کتێبە دوا بەرهەمی کوردی ئەوە کە لێرەدا دەکەویتە بەر چاو و نەزەری خوێنەران.